# گوڵان


ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٢)- (٢٤)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٢

## خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد



ئەو واقیعەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بۆ سیاسەت و حوکمڕانی لەسەر ئاستی لۆکاڵ و گلۆباڵ دروستی کردووە پێویستی بەوەیە بیر لە فۆرمێکی تازەی سیاسەت و حوکمڕانی بکرێتەوە

نەتەوەکانی جیهان و کوردستانیش، دەبێت وەك ئیرادەی ڕاستەقینەی نەتەوە دوور لە دابەشبوون بە سەر ئایدیۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان بێنە سەر ستەیجی مێژووی ئایندەی جیهان




## بە موبارەکەی جەنابی بارزانی شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسایەوە

٣

بارودۆخی دوای نسکۆی ١٩٧٥، بارودۆخێکی نالەبار و مەترسیدار بوو، نائومێدی باڵی بە سەر زۆر لادا کێشابوو، بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت، ئیتر کۆتایی بە هەموو خەباتی بنەماڵەکەمان و پارتی دێت. زۆر بیرمان لەوە کردەوە ئاخۆ بۆ ڕەواندنەوەی بێ هیوایی دەبێت چی بکەین و چ ڕێگەیەک بگرینەبەر. بە ڕوونی بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەنگاو و بڕیار ئەوەیە کە لەگەڵ کادیران و هەڤاڵان و خەڵکی دڵسۆز هەوڵ بدەین تەمی نائومێدی بڕەوێنینەوە، بۆیە لەگەڵ ئیدریسی برام بۆ ئەو مەبەستە کەوتینە ڕاوێژ و مشورخواردن، ئیتر هەردووکمان چووینە خزمەتی جەنابی بارزانی تێڕوانینەکانمان بۆ شی کردەوە، بە موبارەکەی جەنابیان مۆڵەتی دەستپێکردنەوەی خەبات و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دەزگا و پێکهاتە حزبی و سەربازییەکانمان وەرگرت کە لەسەر بنەما و بەپێی چەمکی نوێ و سەردەمییانە و بە گوێرەی بارودۆخ و ئەزموون و شارەزایی ڕابردوو پێکیبهێنینەوە. جەنابی بارزانی زۆر بە گەرمی و خۆشحاڵی و بە هیواوە داواکەی پەسەند کرد و تەنانەت هەموو بەرپرسیاریەتییەکانی پێ سپاردم و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین، ئێمەش بە بێ ئەوەی کات بەفیرۆ بدەین، دەستمان بە کاری ڕێکخستنەوەی پارتایەتی کردەوە و بایەخێکی تایبەتیمان بە کادیرە لاو و تازە پێگەیشتووەکان دا.

## چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی( ئاسایشی وزە.. شادەماری تەنگژەکان... فاکتەری وەرچەرخانەکان) لەلایەن (ڕۆندك فارس)ەوە چاپکراوە و کەوتە بەردەست زانستخوازو خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئاشنابوون بە وەزە و پێناسە و چەمکە زانستییەکەی، نووسەر لەم کتێبەدا بەوە پێناسەس ئاسایشی وزە دەکات کە بە مانا کلاسیکییەکەی، ئاسایشی دابینکردن و دڵنیابوونەوەیە، لە بارەی دابینکردنی بەرهەمی پێویست لە سەرچاوەکانی وەزی بەرهەمهێنراو بە نرخێکی گونجاو، بە مانایەکی دیکە، ئاسایشی وزەی هەر وڵاتێك بە دابینکردنی وزەی پێویستەوە بەو نرخەی کە بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتەکە دەیخوازێت.

نووسەر ئەم کتێبەی بەسەر چەند تەوەر و ناونیشان دابەشکردووە، بە تایبەتیش ڕۆڵی وزە لە میانی جەنگە جیهانییەکاندا، سەبارەت بە وزە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا نووسەر دێتە سەر باسی ئەوەی کە لە دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، خەڵووز وەك وزەیەك لە ئەمریکا و ئەوروپا هەندێك کەرتی دیکە لە خۆرهەڵاتی ئاسیا، تاکە سووتەمەنیی دیاریکراو بوو بۆ گەرمکردنەوە و بەگەڕخستنی کەرتی پیشەسازی. سەبارەت بە جەنگی دووەمی جیهانی، نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە بە بەراورد بە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ وڵاتان گەیشتن بوو بە گەنجینەی نەوت،هەروەها ستراتیژیتر لە ساڵی ١٩٣٩، لە کاتێکدا کە سوپا و تێچووی مانۆڕەکانی، سەرباری خواست لەسەر زیاد سوودوەرگرتن لە هێزی ئاسمانی و داواکاریی زلهێزەکان لەسەر نەوت، لایەنی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی هەمەچەشنە کرد.

دواتر دێتە سەر جەنگی سارد، کێبڕکێیەك بۆ میراتگریی ئەورووپای لەتکراو دێتە ئاراوە، نەوت وەك سەرچاوەی سەرەکیی وەزە لەم کتێبەدا بە چەندین ناونیشان ئاماژەی پێ کراوە بە تایبەتیش لە ڕووی ململانێ و گواستنەوە لە چەندین دەوڵەتدا، بە هەرحاڵ زۆر ناویشانی دیکەی گرنگ تایبەت بە ئاسایشی وزە لەم کتێبەدا بە وردییەوە ڕۆشناییان خراوەتە سەر.. دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




### دکتۆر شاخەوان عەبدوڵا :



**پێش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی خۆمان وەک سەرۆکایەتیی پەرلەمان کارەکانی پەرلەمانمان ڕاگرتبوو**

### دکتۆر محەمەد شوکری :



**ئەم ساڵ گەورەترین پرۆژەی گەشتیاری و نیشتەجێبوون و پیشەسازی جێبەجێ دەکرێت**

### دکتۆر سەرۆ دزەیی:



**ئەم ساڵ چاوەڕوانی بەگەڕخستنی پرۆژەکانی حکومەتین و داواکارین شایستە داراییەکانی بەڵێندەرانیش بدرێتەوە**

### یوجین گۆلز :



**پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا**


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

سیپان شێروانی :

سەرۆک بارزانی داوای لێ کردین پرسە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ئەولەوییەتی کارەکانمان بێت



دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و زانکۆکان بە پێویست دەزاندرێت



کاتژمێری زیرەک و ستایلێکی ناوازە



نیشانەکانی کەمیی Omega 3




ئەیاز یوسف زاخۆیی

سەرەڕای کورتی تەمەنیی، داهێنانی لە هونەری کوردیدا ئەنجامدا



دێرین بەختیار
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی:

هیوادارم ئەم یارییە زیاتر پەرەی پێ بدرێت






# مانای دەوڵەت

## لە گوتاری ئیسلامی سیاسیی شیعەدا



وشەی دەوڵەت، وشە زاڵەکەی ناو گوتاری ئیسلامی شیعەیە بە هەر دوو باڵی «ئیتار و تەیار»ەوە، لە سەر ئاستی حکومەتی ئێستای عێراقی کە ئەویش دەربڕی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیی شیعەیە، حاڵەتی «دەوڵەت و نادەوڵەت» دیوە زاڵەکەی ناو گوتاری سیاسیی حکومەتە، لەمەش زیاتر کێشمەکێشیش لە سەر دەوڵەت، دیسان کێشمەکێشی نێوان لایەنەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعەیە، ئەمەش بەو مانایەی کام لایەن «ئیتار، یان تەیار» ئەرکی دروستکردنەوەی ئەو دەوڵەتە دەگرێتەئەستۆ، لە بەرامبەریشدا هەردوو لایەنی «کورد و عەرەبی سوننە» تا ڕاددەیەکی باش خۆیان بێلایەن کردووە و چاوەڕێن هەر دوو لایەنی «ئیتار و تەیار» بگەنە چارەسەرێك، پاشان هەر دوولا «کورد و عەرەبی سوننە» بە نیازی ئەوەن لە سەر پشکەکانی خۆیان بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ مامەڵە و دانوستاندن لەگەڵ ئەو حکومەتە بکەن، کە ئیسلامی سیاسیی شیعە سەرۆکایەتی بکەن و، لە هەموو حاڵەتێکدا و لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ نەکراوە، ئەوا «کورد و عەرەبی سوننە»ش هەردووکیان پێیان وایە عێراق ئەو دەوڵەتە نییە کە پێی بگوترێت دەوڵەتێکی «فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی».

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری واقیعی ئێستای عێراق بکەین، ئەوا زۆر بە سادەیی ئەو ڕایە لای هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی «کورد و عەرەبی شیعە و سوننە» دروست بووە، کە چیدیکە عێراق دەوڵەت نییە بە مانای دەوڵەتی «نیشتمانی» و پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم دووبارە بونیادنانەوەیە لە سەر ئەو نەخشە سیاسییە دەبێت کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بۆی دیاری کردووە، یان نەخشەیەکی سیاسیی دیکەی شاراوە کە ئیسلامی سیاسیی شیعە دەیەوێت دووبارە دەوڵەتی عێراقی لەسەر بونیاد بنێتەوە؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ناو قەناعەتی ئیستای هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی «کورد و عەرەبی شیعە و سوننە» زۆر قورس نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە «کورد و عەرەبی سوننە» زیاتر لە سەر بنەمای پشك و بەشداری، لەگەڵ هەردوو لایەنی سەرەکیی ئیسلامی سیاسیی شیعە «ئیتار و تەیار» دیالۆگ و دانوستاندن دەکەن، ڕاشیان گەیاندووە نابنە بەشێك لە کێشەی نێوماڵی شیعە، کە لە بنەڕەتدا ئەم کێشەیەی نێوان هەردوو بەرەی «ئیتار و تەیار» لە سەر شێوە و مانای ئەو دەوڵەتەیە کە بووەتە دیاردەیەکی زاڵ لە ناو گوتاری سیاسیی هەردوولادا.

### ● دەوڵەتەکەی تەیاری سەدر «لاشرقیية و لاغربیية»

دروشمی «لاشرقیة ولاغربیة جمهوریة اسلامیة»، لە لایەن «ئایەتوڵا خومەینی»یەوە بۆ شۆڕش دانرابوو، کە وەك بنەمایەك کۆماری ئیسلامی لەسەر بونیاد بنێت، ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئێرانی سەردەمی

**لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ نەکراوە، ئەوا «کورد و عەرەبی سوننە»ش هەردووکیان پێیان وایە عێراق ئەو دەوڵەتە نییە کە پێی بگوترێت دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی**

**ئەو ڕایە لای هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی «کورد و عەرەبی شیعە و سوننە» دروست بووە، کە چیدیکە عێراق دەوڵەت نییە بە مانای دەوڵەتی «نیشتمانی» و پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت هەیە**

**ئەگەر مەبەستی موقتەدا سەدر لە دروشمی «لاشرقیة و لاغربیة» ئەوە بێت کە عێراق نە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بچێت، نە لە دەوڵەتانی عەرەبیی دیکە، ئەوا مانای ئەوەیە دەیەوێت عێراق بە ئەزموونێکی تازە و تایبەت بونیاد بنێتەوە**

**وەک لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بینیمان، دیواریان لەنێوان گەڕەکەکان دروست کرد، بۆ ئەوەی شەڕی شیعە و سوننە نەگاتە ئەو ئاستەی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ناو بەغداش گەڕەکەکانی شیعە و سوننە تا ڕاددەیەکی زۆر لە یەکتری جیاوازن**

**زیاتر لە ٩٠٪یان سەر بە ئیسلامی سیاسیی شیعەن، «نەک شیعە بە تەنیا»، ئەمە وا دەکات ئەگەر سەدر لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسیی شیعە ڕێک بکەوێت، ئەوا بەرەو ئەزموونی بە حزبوڵاکردنی عێراق هەنگاو هەڵدەگرێت**

**لایەنەکانی ناو ئیتاری تەنسیقیی شیعە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن «بە دەنگ براوەن و بە کورسی دۆڕاون» لە سەر پڕۆژەکەی سەدر هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵکو کێشەی ئەوان لەسەر هێشتنەوەی جەماوەرەکەی خۆیانە**

**ڕاستە حکومەتێکی ڕووکەش هەبووە بە ناوی حکومەتی «تەوافقی وەتەنی»، بەڵام حوکمڕانی و بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی عێراق هەر بە زۆرینەی شیعە کراوە و، ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە ویستوویانە، هەر بەو شێوەیە حوکمڕانی کراوە**

شاهنشاهی دەوڵەتێك بوو سەر بە ڕۆژئاوا و لە ناوەندە سیاسییەکاندا بە «پۆلیسی کەنداو» باس دەکرا، ئەوجا بۆ ئەوەی نەگوترێت دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهنشاهی، دەوڵەتی ئێران دەبێتە دۆستی ڕۆژهەڵات «یەکێتیی سۆڤیێتی پێشان» ئەو دروشمە بەرز کرایەوە، بەوەی «کۆماری ئیسلامی نە سەر بە ڕۆژئاوایە و نە سەر بە ڕۆژهەڵاتە».

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە لە دووبارەکردنەوەی ئەم دروشمە لە لایەن موقتەدا سەدرەوە، بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق، ئەوەیە کە ئایا «ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا» لە دروشمەکەی موقتەدا سەدر مانای چییە؟

ئەگەر لە سەر ئاستی جیهان وەری بگرین «ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا» وەك دوو بلۆکی گەورەی جیهانی دەبێت مەبەستی «ئەمریکا و چین « بێت، بەڵام چین و ئەمریکای ئێستا، ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیێتی سەردەمی کۆمارە ئیسلامییەکەی ئایەتوڵا خومەینی، کە هەر لایەکیان دەیانویست مۆدیلی حوکمڕانیی خۆی لە جیهاندا بڵاو بکاتەوە، بۆیە ئایەتوڵا خومەینی ڕایگەیاند کە سیستمی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نە سەرمایەداری دەبێت وەك ڕۆژئاوا، نە کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی دەبێت وەك یەکێتیی سۆڤیێتی پیشان. هەر بۆیە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت، سەدر مەبەستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان نییە.

لێرەوە ئەگەر لە سەر نەخشەی عێراق و لە سەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەیری بکەین، ڕۆژهەڵاتی عێراق تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ڕۆژئاواکەشی «سووریا و ئوردن و سعودیە»یە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتی داهاتووی عێراق نە کۆپی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێت، نە کۆپی سعودیە و ئوردنیش، ئەمەش دروست وەك ئەوەی ئایەتوڵا خومەینی کردی، لەنێوان شێوازی دەوڵەتی «سەرمایەداری و کۆمۆنیستی و دەوڵەتی نیشتمانیی هاوچەرخ» شێوازێکی دیکەی دەوڵەتی هێنایە ئاراوە، کە پێی دەڵێن «کۆماری ئیسلامیی ئێران»، ئەم دەوڵەتەش کە ماوەی ٤٣ ساڵە بەردەوامە، وەك شێوازێکی جیاواز لە دەوڵەتەکانی «سەرمایەداری و کۆمۆنیستی و نیشتمانیی هاوچەرخ» کاری خۆی دەکات.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر مەبەستی موقتەدا سەدر لە دروشمی «لاشرقیە و لاغربیە» ئەوە بێت کە عێراق نە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بچێت، نە لە دەوڵەتانی عەرەبیی دیکە، ئەوا مانای ئەوەیە دەیەوێت عێراق بە ئەزموونێکی تازە و تایبەت بونیاد بنێتەوە. ڕاستە ئەم شێوازەی سەدر کۆپیی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێت، بەڵام کۆپییەکی پێشکەوتووتری «حزبوڵای لوبنانی» دەبێت، مەبەستیش لە کۆپییەکی پێشکەوتووتری «حزبوڵای لوبنانی» ئەوەیە، ئەو ئیمکانییاتەی ئێستا لە عێراقدا لە بەردەستی سەدر دەبێت، دەیان و سەدان جار لەو ئیمکانییاتە زیاترە کە ئێستا لە بەردەستی حەسەن نەسروڵای سەرۆکی حزبوڵای لوبنانیدایە، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕووی جوگرافییشەوە تا ڕاددەیەکی باش کەمتر تێکەڵاوی لە نێوان ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە هەیە، ڕاستە بەغدا وەك پایتەختی عێراق شارێکی تێکەڵە و هەموو پێکهاتەکانی تێدایە، بەڵام وەك لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بینیمان، دیواریان لە نێوان گەڕەکەکان دروست کرد، بۆ ئەوەی شەڕی شیعە و سوننە نەگاتە ئەو ئاستەی کۆنتڕۆڵ نەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ناو بەغداش گەڕەکەکانی شیعە و سوننە تا ڕاددەیەکی زۆر لە یەکتری جیاوازن، هەر بۆیە ئەم فاکتەرانە و چەندین فاکتەری دیکەش وەك ئیمکانییاتی «دەوڵەمەندی عێراق، بوونی هێزێکی زۆری سوپا و حەشدی شەعبی و پۆلیس و ئاسایش» کە زیاتر لە ٩٠٪یان سەر بە ئیسلامی سیاسیی شیعەن، «نەك شیعە بە تەنیا»، ئەمە وا دەکات ئەگەر سەدر لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسیی شیعە ڕێك بکەوێت، ئەوا بەرەو ئەزموونی بە حزبوڵاکردنی عێراق هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو عێراقە لە گوتاری سەدردا تەنیا کۆمەڵگەی شیعەی عێراق دەگرێتەوە، ئەویش واتا ئەو پارێزگایانەی عێراق کە زۆرینەی زۆریان شیعەن، لەگەڵ ئەو شارانەی «گەڕەکەکانی» ناو بەغدا، کە وەك شاری سەدر بەشی هەرە زۆریان شیعەن.

## ● دەوڵەتەکەی ئیتاری تەنسیقیی شیعە تەوافوقی وەتەنی

لایەنەکانی ناو ئیتاری تەنسیقیی شیعە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن «بە دەنگ براوەن و بە کورسی دۆڕاون» لە سەر پرۆژەکەی سەدر هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵکو کێشەی ئەوان لە سەر هێشتنەوەی جەماوەرەکەی خۆیانە، بۆیە ئەگەر بە ئاسانی تەسلیمی گوتارەکەی سەدر ببن، ئەوا لە سەر ئاستی ناوخۆیی دەنگدەرانی شیعە پێگەی سیاسیی خۆیان لە دەست دەدەن، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دروشمی «تەوافوقی وەتەنی»یان بەرزکردووەتەوە، بۆ ئەوەی سازانی نێو لایەنە شیعەکانی پێ پەردەپۆش بکەن، هەربۆیە ئەگەر لە سەر پرسی تەوافوقی نیشتمانی ئیتاری تەنسیقی هەڵوێستە بکەن، ئەوا بێ ئەوەی خۆمان باسی بکەین، ئەوان خۆیان دەڵێن «تەوافقی وەتەنی» لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نەماوە، بەڵام بۆچی بەشی هەرە زۆری کورد و عەرەبی شیعە بتوانن بەشداری لە حکومەت بکەن، بەڵام ئێمە وەك لایەنە شیعەکان نەتوانین ڕێك بکەوین، لەمەش زیاتر پەنابردنی سەدر بۆ چەمکی «زۆرینە» داهێنانێکی تازە نییە، بەڵکو پێشتر هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئیتاری تەنسیقیی شیعە و لە سەرووی هەموو شیانەوە نووری مالیکی باسی کردووە، چەندینساڵیشە هەر لە دوای ساڵی ٢٠١٢ـەوە، ڕاستە حکومەتێکی ڕووکەش هەبووە بە ناوی حکومەتی «تەوافقی وەتەنی»، بەڵام حوکمڕانی و بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی عێراق هەر بە زۆرینەی شیعە کراوە و، ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە ویستوویانە، هەر بەو شێوەیە حوکمڕانی کراوە، هەر بەو شێوەیەش بڕیار و یاساکانی پەرلەمان دەرچوون، هەروەك چۆن لە بڕیاری پەرلەمان بۆ «دەرچوونی هێزە بیانییەکان لە عێراق» لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانتارانی کورد و عەرەبی سوننە بەشدارییان نەکرد، بەڵام سەرەنجام بە بێ ئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمانیش، بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی شیعە بڕیارەکە درا، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت: هەر دوو لایەنی «ئیتار و تەیار» لە سەر هەژموون و باڵادەستیی شیعە هیچ کێشەیان نییە و، ئەو کێشەیەی هەیانە، شەڕی دەسەڵاتە لە نیوان یەك بۆچوونی ئیسلامی سیاسیی شیعە، بەڵام چەند لایەنێك نوێنەرایەتیی ئەم بۆچوونە دەکەن و، هەر لایەك دەیەوێت بەشێکی لەو کێکە هەبێت، کە پێی دەڵێن «کێکی دەسەڵات».

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەین، چەند ڕاستییەکی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ئەویش ئەوەیە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەنگاو بە هەنگاو پشتگیری و پیرۆزبایی لە هەنگاوەکانی سەدر دەکات، هەر بۆ نموونە: کۆماری ئیسلامی پشتگیری لەوە کرد کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ بکرێت و دەست بکرێت بە دروستکردنی حکومەت، لەمەدا ڕاستە لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی گازندەی زۆریان کرد، بەڵام کە ئاکامی هەڵبژاردن ڕاگەیەنرا، هەموو لایەنەکانی ئیتار بێدەنگییان هەڵبژارد، هەروەها دوای ئەوەی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان کرا و سەرۆکایەتیی پەرلەمان «سەرۆك و دوو جێگرەکەی» هەڵبژێردران، دیسان کۆماری ئیسلامی پیرۆزبایی لە پەرلەمان کرد و لایەنەکانی ئیتاریش ڕاستە بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکرد، بەڵام وەك لایەنی سیاسی «نەك ئەو پەرچەکردانەی کە گرووپە چەکدارەکان ئەنجامی دەدەن»، هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنییان نەبووە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە: کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لایەوە گرنگ نییە «تەیار حکومەت پێك بهێنێت، یان ئیتار»، هەروەها دەشزانن سەرەنجام موقتەدا سەدر هەر ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت کە کۆماری ئیسلامی بۆی دیاری دەکات، هەروەك لە ساڵی ٢٠١٠ ناچاریان کرد پشتگیریی کابینەی دووەمی مالیکی بکات، بۆ ئەوەی حوکمڕانی لە دەستی ئیسلامی سیاسیی شیعە دەرنەچێت، ئەمجارەش بێگومان هەر وادەبێت، ئەوەی ئێران بە خەتی سووری بزانێت، نەك تەیار، بەڵکو ئیتاریش ناتوانن بیبەزێنن، بۆیە مەزندە دەکرێت، سەدریش هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و، وەك لایەنەکانی ئیتاریش ئەو گەواهییەی بۆ دەدەن کە هەتا سەر پرسە گەوهەرییەکان سەدر نەرمی دەنوێنێت، بەڵام خاڵی گرنگ لە پشتگیریی ئێران بۆ پرۆژەکەی سەدر ئەوەیە، کۆماری ئیسلامی مەبەستیەتی سەرکردەیەکی وەك حەسەن نەسروڵا لە ناو شیعەی عێراقیشدا دروست ببێت، بۆ ئەوەی پرسی حوکمڕانیی شیعە و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە دەستێکی ئەمیندا بێت.

**کۆماری ئیسلامی پشتگیری لەوە کرد کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ بکرێت و دەست بکرێت بە دروستکردنی حکومەت، لەمەدا ڕاستە لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی گازندەی زۆریان کرد، بەڵام کە ئاکامی هەڵبژاردن ڕاگەیەنرا، هەموو لایەنەکانی ئیتار بێدەنگییان هەڵبژارد**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لایەوە گرنگ نییە «تەیار حکومەت پێک بهێنێت، یان ئیتار»، هەروەها دەشزانن سەرەنجام موقتەدا سەدر هەر ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت کە کۆماری ئیسلامی بۆی دیاری دەکات**

**کۆماری ئیسلامی مەبەستیەتی سەرکردەیەکی وەک حەسەن نەسروڵا لە ناو شیعەی عێراقیشدا دروست ببێت، بۆ ئەوەی پرسی حوکمڕانیی شیعە و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە دەستێکی ئەمیندا بێت**

# پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئاسایشی نەتەوەییمان بەرەو کوێ؟
## ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە

لە سەروبەندی داستانی خواکوڕکی ساڵی ١٩٨٨دا، سەرۆك بارزانی پێشبینیی داهاتووی سیاسی و نێودەوڵەتیی کردووە، بەوەی کە گۆڕانکاریی گرنگ لە ئارادایە، ئیدی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم داستانە مێژووییەدا تێنەپەڕی، جەنگی دووەمی کەنداو دەستی پێ کرد، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی دوای ئەو جەنگە هاتنە ئاراوە کە تایبەت بوون بە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە، گرنگترینیشیان ئەو ڕووداوە مێژووییەیە، کە بریتی بوو لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلی کوردستان، هەروەها گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و هەڵوێستی دەوڵەتانی جیهان سەبارەت بە کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان، کە لە ئاکامدا هەرێمی کوردستان بوو بە ئەمری واقیع و ڕێڕەوی مێژووی میللەتەکەمان بەرەو ئاراستەیەکی گرنگ هەنگاوی نا، لە هەرێمی کوردستانیشدا هەوڵەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەرچاو بوون و، لە هەمووشیان گرنگتر پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر ئەم ئەزموونە و ئەو گۆڕانکارییانەی لە عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و ناوچەکەو جیهاندا سەریان هەڵدا، ئەوە بوو کە بوومەلەرزەیەکی سیاسی لە عێراق ڕووی دا، ئەویش گۆڕینی سیستمی سیاسیی عێراق بوو لە ٩-٤-٢٠٠٣ و هاتنە کایەوەی سیستمێکی تازە، بۆیە لەو کاتەوە پرۆسەیەکی تازە لە عێراق دەستی پێ کرد، ئیستاش وا خەریکە بیست ساڵ بە سەر پرۆسەکە تێدەپەڕێت، سەرەتا پرۆسەکە خۆی لە حاکمی سەربازیی ئەمریکی (برێمەر)دا بینییەوە، دواتریش ئەزموونی ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراق، ئینجا یاسای بەڕێوەبردنی کاتیی حوکمڕانیی عێراق، دواجاریش دەستووری هەمیشەیی لە ساڵی ٢٠٠٥، کە سەرۆك بارزانی ڕۆڵی بەرچاوی لە هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەدا هەبوو، بەتایبەتیش گەڕانەوەی کورد بۆ دەوڵەتی عێراق، کە ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای شەراکەت و هاونیشتمانیی ڕاستەقینە دروست ببێت، بەڵام هاوکێشە سیاسییەکان بە شێوەیەك هاتنە ئاراوە، کە لەم مەسەلەیەدا پرۆسێسی پشکپشکێنەی تایفی و مەزهەبی و نەتەوەیی کاریگەریی خۆیان هەبوو، ئەم پشکپشکێنە و دابەشبوونە بووە هۆی ئەوەی کە شیعە لە عێراقدا زاڵ بێت و سوننە پەراوێز بخات، هەروەها گیروگرفت و کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد لە سەر ماددەی (١٤٠) و بوودجەی پێشمەرگە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە مووچە و بوودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بڕدرا، بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەگەر پێش ساڵی ٢٠٠٣ بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ

**ئەگەر پێش ساڵی ٢٠٠٣ بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کورد کرابێت کە خۆی لە ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانداً بینییەوە، ئەوا دوای ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی دیکە دیسان مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەویش بە شەڕی ئابووری بووە**



**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

کورد کرابێت کە خۆی لە ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانددا بینییەوە، ئەوا دوای ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی دیکە دیسان مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەویش بە شەڕی ئابووری بووە، هەرچەندە پرۆسەی حوکمڕانی و سیاسی لە عێراق باش بەڕێوە چوو، کە دەبینین پۆستەکان دابەشکران، پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردە و سەرۆکی وەزیران بۆ شیعەیە و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سوننەیە، ئەمەش عورفێکی سیاسییە نەك دەستووری، چونکە دەستوور باسی ئەم مەسەلانەی نەکردووە، هەر چۆنێك بوو ئەمە وەك تەوافوقێك بوو تا پرۆسەکە بە باشی بەڕێوە بچێت.

سەرۆك بارزانی جگە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ڕۆڵی بەرچاوی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا هەبوو، کە لەمەدا پێشکەوتنێکی چاك بۆ هەرێمی کوردستان هاتە دی، لەوانە چەسپاندنی زۆر لە مافە نەتەوەییەکان، هەرچەندە پۆستی سەرۆك کۆمار لای کورد بوو، کە خوالێخۆشبوو مام جەلال سەرۆك کۆمار بوو، ڕاستە ئەزموونی مێژوویی هەبوو، بەڵام ئەگەر ڕۆڵی سەرۆك بارزانی نەبوایە نەیدەتوانی ئەو ڕۆڵە بەرچاوە ببینێت. بە پێگەی سیاسیی سەرۆك بارزانی نەك لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەو لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا، تەنانەت ئەزموونی بەڕێزیان لە سەرۆکایەتیی هەرێم کە جەنابیان جگە لە خەباتی پتر لە(٥٠) ساڵەی لە ڕەوڕەوی سیاسیی گەلی کورددا، ئەم ڕۆڵە گرنگ و بەرچاوەیان فاکتەر بوو بۆ ئەوەی ببێتە مەرجەعێکی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد، بۆیە ڕۆڵە ستراتیجییەکەی لەبەرچاوە و لە داهاتووشدا دەتوانێت ئەم ڕۆڵە گرنگە ببینێت.

هەڵبەتە هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی بە ئاراستەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بوون، مەبەستیش ئەوە بوو کە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بپارێزرێن، هەروەها ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتنەی لە هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە، جگە لەمەش لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش کە دڕندەترین دوژمن و مەترسیدارترین دیاردە بوو بۆ سەر هەرێم و ناوچەکەو عێراق، سەرۆك بارزانی لەمەشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، ئەمە وێڕای توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی دیبلۆماسیی نێودەوڵەتی، سەرۆك بارزانی فاکتەری هاوسەنگی بوو لە کێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەدا.

هەروەها سەرۆك بارزانی لە هەرێمی کوردستانەوە ڕۆڵی هەبوو لە چارەسەرکردنی بەشێکی زۆر لە کێشەکانی عێراق، تەنانەت بە سەردانی بەغداش توانای هەبوو چارەسەر بۆ ئەم کێشانەی بەغدا دەستنیشان بکات، بۆیە لە مەسەلەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا ڕۆڵی سەرۆك بارزانی دیارە، هەروەها

**سەرۆک بارزانی جگە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ڕۆڵی بەرچاوی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا هەبوو، کە لەمەدا پێشکەوتنێکی چاک بۆ هەرێمی کوردستان هاتە دی**



**دیمەنی سیاسی لە عێراق و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە جارێکی دیکە دەرفەت بدرێت سەقامگیری ئەمنی و سیاسی بێتەئاراوە، بە تایبەتی کە دەزانین هەژموونی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بەسەر عێراقدا زاڵە**

**لەوانەیە سیناریۆیەکی داهاتووش ئاماژە بەوە بکات کە جۆرە تەمومژییەک هەیە لە زنجیرە پەنابردنێک بۆ توندوتیژی لەلایەن ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەرنەچوون**

لە پۆستی سەرۆك كۆماری عێراقدا كە پۆستێكی پرۆتۆكۆلییە بە هەمان شێوە.

ئێستا پرسیار لەوە دەكرێت بۆچی سەرۆك بارزانی ئەو ڕۆڵەی هەیە، كەچی لە ساڵی ٢٠١٧ پەنای بۆ ڕیفراندۆم برد كە بۆ ئەوە بوو ببینە دوو دەوڵەتی جیا لە گەڵ دەوڵەتی عێراق؟ ئەدی بۆ ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق، بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنەكانی ڕۆژی ١٠ی ١٠ی ٢٠٢١؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەمە دەرفەتێكی دیكەیە كە سەرۆك بارزانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاو زیندووەكانی گەلی كوردستان و ئاسایشی نەتەوەییمان دەیداتە عێراق، تا بۆ عێراقی بسەلمێنێت كە ئێمە دەتوانین ئەو ڕۆڵە گرنگە ببینین، هەر بۆیە هاوپەیمانیی كردووە لەگەڵ لایەنە براوەكانی هەڵبژاردن و جۆرە ڕێككەوتن و لێكگەیشتنی لەگەڵیاندا هەیە، هاوكات لە دەست نیشانكردنی سیناریۆكانی داهاتوودا لە عێراق.

ئەم جۆرە جموجووڵانەی سەرۆك بارزانی دەچێتە خانەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمانەوە لەم قۆناغەدا، دیمەنی سیاسی لە عێراق و ڕۆڵی سەرۆك بارزانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە جارێكی دیكە دەرفەت بدرێت كە سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی بێتە ئاراوە، بەتایبەتی كە دەزانین هەژموونی دەوڵەتە ئیقلیمییەكان بەسەر عێراقدا زاڵە.

دیسان دەتوانین بڵێین كە سەرۆك بارزانی گەیشتە ئەو قەناعەتەی كە پرەنسیپی تەوافوق پرەنسیپێك بوو، كە دوای بیست ساڵ دەركەوت كە تا ڕادەیەك سەركەوتوو نەبوو لە پاراستنی بەرژەوەندییەكانی گەلی عێراق و چارەسەركردنی كێشە ئابووری وسیاسی و كۆمەڵایەتییەكاندا، بە پێچەوانەوە عێراقی بەرەو ئاقارێكی مەترسیدار برد. لە ئێستادا سەرۆك بارزانی لە قووڵایی ئەزموونەكانی خۆیەوە هەست بە مەترسییەكانی سەر ئەم دەوڵەتە دەكات، هەروەها بە دەرفەتی مێژوویی دەزانێت كە كورد ڕۆڵە مێژووییەكەی خۆی جارێكی دیكە ببینێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، هەڵبەتە ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەوەدایە كە لێكگەیشتنی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی هەیە لەم مەسەلەیەدا، تەنانەت لەم ڕووەوە كۆمەڵگەی ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییش حیسابێكی تایبەت بۆ پێگەی سەرۆك بارزانی دەكەن.

جۆرە گەشبینییەك هەیە لە ئایندەی عێراقدا، كە بە دڵنیاییەوە ئەمەش كاریگەریی ئەرێنی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان، هەروەها پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاو زیندووەكان و قەوارەی هەرێمی كوردستان



دەبێت. لەوانەیە سیناریۆیەکی داهاتووش ئاماژە بەوە بکات کە جۆرە تەمومژییەك هەیە لە زنجیرە پەنابردنێك بۆ توندوتیژی لەلایەن ئەوانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەرنەچوون، یان هەست بەوە دەکەن کە پەراوێز دەخرێن، سەرۆك بارزانی نایەوێت کەس پەراوێز بخرێت، بەڵام دەبێت هەر کەسە بەپێی شایستەی خۆی مافی پێ بدرێت، ئەمە قۆناغی یەکەمە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لە دیدی سەرۆك بارزانییەوە، بەڵام قۆناغی دووەم هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کە مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان لەپێشە، هەروەها مەسەلەی دارشتنی دەستووری هەرێمی کوردستان، هاوکات هەموارکردنەوەی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، کە ئەمەش وا دەکات جۆرە خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ بکرێت.

هەر چۆن بێت پێگە و ڕۆڵە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی لەم قۆناغە مێژوویەدا ڕوون و بەرچاوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەییمان و، هەنگاوەکانی بەڕێزیان بە باوەڕهێنان بە پرەنسیپەکانی ڕاستەقینەی مافە ڕەواکانی نەتەوەییمان بەو ئاراستەیە دەچن، کە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمانە. دەمێنێتەوە سەر یەك خاڵ کە دەمەوێ لە کۆتاییدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش نوێنەرایەتیی کوردە لە بەغدا لەسەر بنەمای لێهاتوویی و متمانە بێت پتر لەوەی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیی حزبی بێت، چونکە ئەزموونی بیست ساڵی ڕابردوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆر جار ئەم جۆرە نوێنەرایەتییانە تا ڕادەیەك چ لە پەرلەمان، یان، لە حکومەت، یانیش لە دامەزراوەکانی دیکەی عێراق بەم شێوەیە نەبوون. هەروەها ئەو پۆست و شوێنانەی کە لە ئیستحقاقی کوردن لە بەغدا پڕ بکرێنەوە، چونکە پڕنەکردنەوەیان بووە هۆی ئەوەی کە هەندێ لایەن ئەمەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆستەوە و زاڵیش بوون، بۆیە غیاب و دوورکەوتنەوەی کورد لەو شوێنانە کاریگەرییان هەبوو، هەروەها لێکترازانێك لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هاتە ئاراوە، تەنانەت هەندێ لایەنی کوردی کە لە بەغدا بوون و ئەو نوێنەرایەتییانەیان هەبوو، تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاریان دەکرد، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ڕەچاودەکرد، ئێستا هێمنی و دڵسۆزیی سەرۆك بارزانی و تێگەیشتنی بۆ کێشەکان بەو ئاراستەیە دەچن کە ئێمە بەرەو قۆناغی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان هەنگاو دەنێین.

**هێمنی و دڵسۆزیی سەرۆك بارزانی و تێگەیشتنی بۆ کێشەکان بەو ئاراستەیە دەچن کە ئێمە بەرەو قۆناغی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان هەنگاو دەنێین**

**هەندێ لایەنی کوردی کە لە بەغدا بوون و ئەو نوێنەرایەتییانەیان هەبوو، تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاریان دەکرد، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ڕەچاو دەکرد**



## دکتۆر شاخەوان عەبدوڵا

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# پێش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی خۆمان وەک سەرۆکایەتیی پەرلەمان کارەکانی پەرلەمانمان ڕاگرتبوو

**شاخەوان عەبدوڵا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دیدارێکی تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا، باس لە دواگۆڕانکاری و پێشهاتەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکان دەکات، هەستیاریی ڕەوشی کەرکووك و چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پارێزگایەش تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئامادەبوونی ٢٢٠ ئەندام لە یەکەمین کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق، هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ هاوپەیمانییەکی گرنگ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هەردوو لایەنی عەزم و تەقدوم و سەدر، هەر ئەم هاوپەیمانییەش لەو کۆبوونەوەیەدا توانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێرێت، ئایا وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەم دەستپێکە تازەیە چۆن دەخوێنیتەوە و تاچەند مۆژدەبەخشە بەوەی ئەم خولە لە خولەکانی دیکەی پەرلەمان جیاواز دەبێت؟**

- یەکەم کۆبوونەوەی خۆلی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق و دەنگدان بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەنگاوێکی گرنگ بوو؛ هەڵبەتە ڕێککەوتنی سێکوچکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەدر و سوننە بە هەردوو لایەنی عەزم و تەقەدوم ئومێدێکی باشی بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش دا، بەوەی چیتر پێکهێنانی ئەو حکومەتە دوانەکەوێت، کە زیانمەندی سەرەکیی خەڵکی عێراقە. لەلایەکی دیکەوە هەرچی ئەو پرۆژانەی پێویستیان بە ٥٠+١ هەیە و ساڵانێکە هەموار کراوە و تێپەڕبوونی لە پەرلەمان ڕاوەستاوە، هەموو ئەم پرۆژەیانەش لە داهاتوودا دەتوانرێت بەو ڕێژە کورسی و دەنگەی ناو هاوپەیمانێتییەکە تێپەڕێندرێت، هەموو ئەو یاسایانەش لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق و کوردستانە، هەر بەو هاوپەیمانێتییە دەتوانرێت هەموو بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم سەقامگیریی سیاسی و بووژانەوەی ئابووری تێپەڕێندرێت، هەر خۆی لە خۆیدا ڕێککەوتنی نێوان پارتی و عەزم و تەقەدوم و سەدر بەرهەمی کۆمەڵێك دانیشتن و گفتوگۆیە و، ڕێککەوتن لەسەر چەند بنەمایەکی بنەڕەتی لە نێوان ئێمە و ئەواندا واژۆ کراوە، بەتایبەتی مەسەلەی ڕێزگرتنە لە دەستوور و جێبەجێکردنی مادده و بڕگە دەستوورییەکان و لە ناویشیاندا ماددەی ١٤٠ی چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان و پاراستنی بنەماکانی سازان و هاوسەنگی و هاوبەشی (تەوافوق و تەوازن و شەراکەت) لە ناو پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی عێراقدا.

*** دوای ئەوەی هەر دوو پەلەمانتار «مەحموود مەشهەدانی و باسم خەشان» تانەیان لە سەر دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان بەرزکردەوە بۆ دادگای فیدراڵی، دادگای فیدراڵی بە بڕیارێکی وەلائی کارەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ڕاگرت، لەسەر ئەم پرسە دەپرسین مەبەست لە «بڕیاری وەلائی » چییە؟ ئایا ئەم ڕاگرتن و دواخستنی بڕیاری دادگای فیدراڵی تاکەی درێژە دەکێشێت و تاچەند کاروبارەکانی ئێوەی ڕاگرتووە؟ لەمەش زیاتر دەڵێت: ئەم بڕیارە «تەوقیتاتی دەستووری ناگرێتەوە» ئەمەشیان چی دەگرێتەوە؟**

- بڕیاری وەلائی بەپێی تەقدیری دادوەرە، کە بۆ هەندێك حاڵەت دەتوانێت بڕیار دەربکات، لە بڕیاری وەلائیدا دادوەر لەسەر داوای داواکار بڕیار دەردەکات، بە بێ گەڕانەوە بۆ داوا لەسەرکراو، لێرەدا لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە پێش بڕیاری وەلائی بۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانمان، ئێمە خۆمان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیارمان دابوو کە دانیشتن نەکەین، بۆ ئەوەی بوار بە حزبەکان بدرێت، خۆیان ڕێك بکەون، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دیفاعاتی خۆمان پێشکەش کردووە و وەڵاممان دابووەوە، هەر وەکو پێشبینیکراو بوو، دادگاکە بڕیارەکەی دواخست. لە هەموو حاڵەتێکدا هەموو ئەو ڕێکارانەی لە بەڕێوەچوونی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئەنجام درا، بە شێوەیەکی یاسایی و ڕێکوپێك بەڕێوەچووە و هەموو ئەو دیکیۆمێنت و بەڵگانەی پێویستن ڕەوانەی دادگامان کردووە و هەر بڕیارێکیش لە دادگاوە بدرێت، ئێمە ڕێزی لێ دەگرین.

*** ئەوەی لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان وەك سوپرایزێك ڕووی دا، ئامادەنەبوونی فراکسیۆنی یەکێتی بوو بۆ دەنگدان بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شاندی هاوبەشی یەکێتی لە بەغدا بوو، ئەم سوپرایزە بۆ ڕووی دا؟ ئایا وەك فراکسیۆنی پارتی لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی لێکدابڕاون، یان پەیوەندیتان پێکەوە ماوە؟**

- من دەرچوونی فراکسیۆنی یەکێتی لە دەنگدان بە کارێکی باش دانانێم، ئەوان ئیعازیان بۆ هاتبوو کە لە هۆڵەکە دەربچن، لەگەڵ ئەمەشدا من ئومێدم زۆرە کورد بۆ سەرجەم پۆستەکانی دیکە لە بەغدا یەکدەنگ بێت و بۆ سەرۆك کۆماریش بە هەمان شێوە یەك بەربژێری هەبێت، چونکە دووبەرەکی و پەرتبوونی دەنگی کورد زیانی گەورەی بۆ کورد دەبێت و لە بەغداش دوچاری شکستی گەورە دەبین، من ئەم بابەتەی دەنگنەدانی فراکسیۆنی یەکێتی بە من بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان،

**ڕێککەوتنی سێکوچکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەدر و سوننە بە هەردوو لایەنی عەزم و تەقەدوم ئومێدێکی باشی بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش دا**

**ڕێککەوتنی نێوان پارتی و عەزم و تەقەدوم و سەدر بەرهەمی کۆمەڵێک دانیشتن و گفتوگۆیە و، ڕێککەوتن لەسەر چەند بنەمایەکی بنەڕەتی لە نێوان ئێمە و ئەواندا واژۆ کراوە**

**هەموو ئەو ڕێکارانەی لە بەڕێوەچوونی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئەنجام درا، بە شێوەیەکی یاسایی و ڕێکوپێک بەڕێوەچووە**

**من دەرچوونی فراکسیۆنی یەکێتی لە دەنگدان بە کارێکی باش دانانێم، ئەوان ئیعازیان بۆ هاتبوو کە لە هۆڵەکە دەربچن، لەگەڵ ئەمەشدا من ئومێدم زۆرە کورد بۆ سەرجەم پۆستەکانی دیکە لە بەغدا یەکدەنگ بێت**



وەکو هەڵوێست وەرم نەگرتووە، چونکە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پۆستی کوردە و دەبێت بۆ هەموو کورد کار بکەم. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان ؛ پارتی دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ هیچ لایەن و کەسایەتیەك دانەخستووە، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی عێراقیشدا سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر یەکڕیزی و تەبایی نێوان کورد دەکردەوە و، داوای دەکرد بە یەك بەربژێر بچینە ناو پەرلەمان، ئەم حاڵەتە بۆ سەرۆك کۆماریش وایە، ناکرێت پۆستێك ئیستحقاقی کورد بێت، لایەنێکی دیکە کەسێك بنێرێت بێ ئەوەی حیساب بۆ حزبێك بکات کە لە ناو پەرلەمان کورسییەکی زۆری هەیە.

ناکرێت پۆستێک ئیستحقاقی کورد بێت، لایەنێکی دیکە کەسێک بنێرێت بێ ئەوەی حیساب بۆ حزبێک بکات کە لە ناو پەرلەمان کورسییەکی زۆری هەیە

*** هەست دەکرێت جۆرێك لە کرانەوە لە نێوان تەیاری سەدر و ئیتاری تەنسیقی شیعەدا دروست بووە، هەروەها هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی دووبارە دانوستانەکانی ئیتاری تەنسیقی شیعە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێ بکاتەوە، بەتایبەتی کە لە ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوودا هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح، وەك نوێنەری ئیتاری تەنسیقی سەردانی سەرۆك بارزانی کرد، ئایا ئەم کرانەوەیە چۆن دەبینن؟**

- وەکو ئاماژەم پێ کرد، پارتی دەرگای لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی و، لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکەش دانەخستووە، سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵی دا ئەوانیش بەشێك بن لەو پرۆسەیە، بەڵام لایەنی سەدر کە زۆرینەی پەرلەمانییە و بەپێی دەستوور ئەو دەسەڵاتەی هەیە حکومەت پێك بهێنێت و، دواجار ئەو خاوەنی بڕیاری یەکەمە لەو پرسەدا، سەدریش ڤیتۆی لەسەر چەند لایەن و کەسایەتییەك هەیە و هەوڵ دراوە ئەو ڤیتۆیانە هەڵبگیرێت، تا ئێستاش ڤیتۆیەکانی موقتەدا سەدر بەتایبەتی لەسەر مالیکی نەشکاوە، تەنانەت ڤیتۆی سەدر لەسەر ئەم لایەن و کەسایەتییانە وای کردووە کە ئێران نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ نزیکبوونەوەی هاوپەیمانێتییان و، هەوڵ هەیە هەر هیچ نەبێت بەشێك لەو هێزانە بنێردرێنە ناو هاوپەیمانێتییەکە. هەر خۆی لەخۆیدا سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی لەناو ئەم پرۆسەیە هەیە و هەوڵی ئەوە دەدات هەموو پێکهاتەکان لە ناوخۆیاندا کورد و سوننە و شیعە و لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون. سەرۆك بارزانی تەنیا وەکو مەرجەعێکی کورد سەیری ناکرێت، بەڵکو ئەوە کەسایەتیی سەرۆك بارزانی بوو کە سوننەکانی لە ناو بەرەیەکدا کۆ کردەوە و، لە ناو شیعەکانیشدا بە هەمان شێوە ڕێزی خۆی هەیە، ئەمەش هەر لەخۆڕا نییە، مێژووی پڕ سەروەریی و دەستکەوت و قوربانیدانی وای کردووە کە هەموو لایەك بە چاوی ڕێزەوە سەیری هەڵوێستەکانی و بڕیارەکانی سەرۆك بارزانی بکەن، هەر بڕیارێك لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بدرێت، سەرەتا بە گرنگییەوە لە ڕاوبۆچوونی سەرۆك بارزانی دەڕوانن.

لایەنی سەدر کە زۆرینەی پەرلەمانییە و بەپێی دەستوور ئەو دەسەڵاتەی هەیە حکومەت پێک بهێنێت و، دواجار ئەو خاوەنی بڕیاری یەکەمە لەو پرسەدا

*** پۆستی سەرۆك کۆمار پشکی کوردە، بەڵام یەکێتی نیشتمانی بە ئیستحقاقی خۆی دەزانێت، لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستانیش هۆشیار زێباریی بۆ ئەو پۆستە کاندید کردووە، ئایا وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێتوایە کێشەی پۆستی سەرۆك کۆمار چۆن لە نێوان**



**پارتی و یەکێتیدا چارەسەر دەبێت؟ ئایا هەمان سیناریۆی ٢٠١٨ دووبارە دەبێتەوە، یان پێش ئەوە ئەوە ڕوو بدات، سەرۆك بارزانی یەکلای دەکاتەوە؟**

- وەکو ئاماژەت پێ دا، پۆستی سەرۆك کۆمار ئیستحقاقی کوردە و بۆ هیچ لایەنێك نییە قۆرخی ئەو پۆستە بۆ خۆی بکات، ئەسڵەن بۆ دانانی سەرۆك کۆمار هیچ گرفتێك نییە، گرفتەکە حزب دروستی دەکات، خۆ ناکرێت لە ناو کورددا بێ پرسی پارتی حزبێکی دیکە ئەو بابەتە بەڕێوە ببات، خۆ ئەگەر گریمان ئەو حزبە بەربژێرێکی هەبێت، خۆ دەبێت دواجار پارتی لەسەری ڕازی بێت، پارتی لە ناو دەنگی کورددا زۆرینەی پەرلەمانی هەیە، سەرەتا دەبێت پارتی ڕای خۆی بدات بەوەی پۆستی سەرۆك کۆماری دەوێت، یان نایەوێت، خۆ ئەگەر نایەوێت، دەبێت بزانین دەیدەین بە کێ، لەم حاڵەتەشدا دەبێت پارتی بزانێت ئەو کەسەی کە پۆستی سەرۆك کۆماری پێ دەدەین، کاری باش بکات و کوردێکی باش بێت، لە ئێستادا شاندی دانوستانکار سەرقاڵی ئەم بابەتەن.

*** دیارە لەگەڵ باسکردنی پۆستی سەرۆك کۆمار، باس لە دانانی پارێزگارێکی کوردیش بۆ کەرکووك دەکرێت، لەسەر ئەمەش دیسان لە نێوان پارتی و یەکێتی کێشە هەیە، یەکێتی پارێزگاری کەرکووکیش بە ئیستحقاقی خۆی دەزانێت. پەیوەندیی نێوان پۆستی سەرۆك کۆمار و پارێزگاری کەرکووك چییە؟ ئایا مەزندە دەکرێت هەردووکیان پێکەوە چارەسەر بکرێن؟**

- هەرچەندە پۆستی سەرۆك کۆمار و پۆستی پارێزگاری کەرکووك یەك دەگرنەوە و، پەیوەندییەکی باشیان پێکەوە هەیە، بەڵام من یەکلاکردنەوەی ئەم دوو پۆستە بۆ شاندی دانوستانکار بەجێ دەهێڵم، پێم خۆش بوو ئەم پرسیارەت کرد، بەڵام جگە لە پۆستی پارێزگاری کەرکووك مەسەلەی وێرانبوون و لەدەستدانی کەرکووك پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستی بە هەڵوێستی بەپەلە هەیە، من چەندین جار باسی ئەوەم کردووە کە ڕەوشی ئارامی و ئەمنییەت و ئاسایشی کەرکووك لە مەترسیدایە، ئەو هێرشە تیرۆریستییەی کە کرایە سەر نووسینگەی من لە کەرکووك، بەڵگەیەکی ڕوونی ئەم بابەتەیە، هەرچەندە ئەم کارە تیرۆریستییە زیاتر ورەی ئەرك و کاری نیشتمانیم بەرز دەکاتەوە و بەردەوام دەبین لە کارەکانمان لەژێر چەتری پەرلەماندا، بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی بەشمەینەتی ئەم پارێزگایە.

*** کەرکووکییەکان جگە لەوەی دەنگێکی زۆریان پێ دایت بۆ پەرلەمانی عێراق، ئومێدێکی زۆریشیان هەیە خزمەتی ئەو شارە بکەیت، دەکرێت بزانین بەرنامەی کاری جێگری سەرۆك پەلەمانی عێراق بۆ کەرکووکییەکان چییە؟**

- جیا لە کارەکەم وەکو جێگری سەرۆك پەرلەمان، بەشێکی تەواوی ئەرکەکەم بۆ خزمەتکردنی کەرکووك تەرخان دەکەم، هەندێك یاسا هەیە کە دەبێت لە پەرلەمان دەربچێت و، کار دەکەین بۆ دەرکردنی، هاوکات ئەکتیڤکردنی ماددەی ١٤٠ کە ماوەی دوو خولی پەرلەمانە نەماوە، هەروەها چالاککردنەوەی لیژنەی ماددەی ١٤٠ی حکومەتیشە لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاسای موڵکدارێتییە وەکو بەشێك لە ماددەی ١٤٠ی دەستوور.

**سەرۆك بارزانی تەنیا وەکو مەرجەعێکی کورد سەیری ناکرێت، بەڵکو ئەوە کەسایەتیی سەرۆك بارزانی بوو کە سوننەکانی لە ناو بەرەیەکدا کۆ کردەوە و، لە ناو شیعەکانیشدا بە هەمان شێوە ڕێزی خۆی هەیە**

**جگە لە پۆستی پارێزگاری کەرکووك مەسەلەی وێرانبوون و لەدەستدانی کەرکووك پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستی بە هەڵوێستی بەپەلە هەیە**

## سیپان شێروانی

ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی داوای لێ کردین پرسە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ئەولەوییەتی کارەکانمان بێت

## چوارچێوەی هەماهەنگی هەموو هەوڵێک دەدات لە حکومەتدا بەشدار بێت

**هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق مشتومڕ و ناکۆکیی سیاسی و تانەدانی یاسایی لێکەوتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پرسی کوتلەی گەورە یەکلا نەکراوەتەوە و، ڕێککەوتنیش نەکراوە لەسەر کەسایەتییەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی ببێتە کاندید بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار، ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ سیپان شێروانی ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** لەگەڵ ئەوەی لە دانیشتنی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق توانرا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، بەڵام دواتر لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە کارەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕاگیرا، ئایا هیچ ئیشکالیەتێك لە دانیشتنەکە هەبوو، هەتا دادگای فیدراڵی کاروبارەکان ڕابگرێت؟ ئایا ئاراستەی بڕیاری دادگای فیدراڵی بەرەو کام ئاراستە دەچێت؟**

- لە٢٠٢٢/١/٩ وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ٣١ پەرلەمانتار بەشداری کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووین، بۆیە ئێمە شاهیدی دەدەین کە دانیشتنەکە بە پێی دەستوور و پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان هیچ ئیشکالیەتێکی تێدا نەبوو. ئەو کارەی کە ئەنجام درا، پێدەچێت سیناریۆیەك بێت، چونکە مەحموود مەشهەدانی کە سەرۆکی تەمەنی پەرلەمان بوو، سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی کرد، کە هەر خۆیشی یەکێك بوو لە کاندیدەکان، بۆیە هەوڵی ئەوەی دەدا کە بە هەر جۆرێك بێت، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی دوابخرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دەرفەتی زیاتر بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی و لایەنەکانی دیکە بڕەخسێت، بەڵکو بگەن بە ڕێککەوتن، تاوەکو لە سێ سەرۆکایەتییەکە بەتایبەت لە جێگری دووەم



چوارچێوەی هەماهەنگی پشکیان بەر بکەوێت. هەر بۆیە بەپێی ماددەی ٥٤ی دەستوور کە دەڵێت لە دوای پەسندکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردن لەلای دادگای فیدراڵییەوە ئەوە سەرۆکی کۆمار داوای یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات کە نابێت ئەو دانیشتنە لە ڕۆژی پەسندکردنەکەوە لە ١٥ ڕۆژ تێپەڕێت، و دانیشتنەکە بەڕێوەدەچێت بە سەرۆکایەتیی بەتەمەنترین پەرلەمانتار و سەرۆك و هەر دوو جێگرەکەی تێدا هەڵدەبژێردرێن، ئەوەش تاکە کۆبوونەوەی پەرلەمانە کە لە دەستوور بەرنامەی بۆ دانراوە. هاوکات دەپرسین ئایا یاسایی و دەستووری بوو کە مەحموود مەشهەدانی بۆ نەخۆشخانە گوازرایەوە لەپاشان دووەم، یان سێیەم بەتەمەنترین ئەندام پەرلەمان دانیشتنەکەی بەڕێوەبرد؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ، چونکە ماددەی پێنجی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: دانیشتنی یەکەم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و هەر دوو جێگرەکەی، پەرلەمان بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین پەرلەمانتار لە ئامادەبووەکان بەڕێوەدەچێت، واتە ئامادەنەبوونی مەحموود مەشهەدانی کێشە دروست ناکات، چونکە نیسابی یاسایی تەواو بوو، لە نێو ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بەتەمەنترینیان سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات. بۆیە پێموایە هەموو ئەوەی دیکەن یاریەکی سیاسیە و دادگای ئیتیحادی و شارەزایانی یاسا باش دەزانن کە دانیشتنەکە یاسایی بووە. بەڵام پێدەچێت سڕکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دواجاریش درێژکردنەوەی سڕکردنەکە لە١٩تا ٢٠٢٢/١/٢٥ بڕیارێکی سیاسی بێت، واتە دادگای ئیتیحادی هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات لەو بارودۆخەی کە خەریکە لە عێراق دروست بێت، کە دەیانەوێت کارێك بکەن دانیشتنەکانی پەرلەمان هەندێك دوابخەن تاوەکو لایەنە شیعەکان لەناو ماڵی خۆیان ڕێکدەکەون. دادگای ئیتیحادی دەسەڵاتی هەیە و ئەرکی یەکلاکردنەوەی دەستووریبوونی پرسەکانی هەیە، دەشزانێت ئەو دانیشتنەی پەرلەمان دەستوورییانە بووە، بۆیە هەر بڕیارێکی دیکە بدات، یان ئەگەر دەستەی

**دادگای ئیتیحادی و شارەزایانی یاسا باش دەزانن کە دانیشتنەکە یاسایی بووە**

**پێدەچێت سرکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دواجاریش درێژکردنەوەی سرکردنەکە لە١٩ەتا ٢٠٢٢/١/٢٥ بڕیارێکی سیاسی بێت**

**لە سایەی سیاسەتی جەنابی سەرۆک بارزانی دەنگمان هێناوە، بۆیە زۆر ئاساییە و مافی جەنابی سەرۆکیشە کە چۆنی دەوێت، بەو شێوازە ئاراستە و ڕێنوێنیمان بکات**

**نەک تەنیا هەوڵەکان، بەڵکو دەستتێوەردانی نێودەوڵەتیش هەیە کە موقتەدا سەدر ناچار بکەن، لە پێکهێنانی حکومەتدا بەشداری بە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بکات**

سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا باوەڕ ناکەم ئەم بڕیارە دادگەرانە و دەستووری بێت.

*** لەدوای ئەم دانیشتنەی پەرلەمان، ئێوە گەڕانەوە کوردستان و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبوونەوە. ئایا ئامانج لەوکۆبوونەوەیە چی بوو؟ هەروەها ڕاسپاردەی سەرۆک بۆ ئێوەی پەرلەمانتار چی بوو؟**

- ئێمەی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سایەی سیاسەتی جەنابی سەرۆک بارزانی دەنگمان هێناوە، بۆیە زۆر ئاساییە و مافی جەنابی سەرۆکیشە کە چۆنی دەوێت، بەو شێوازە ئاراستە و ڕێنوێنیمان بکات لەسەر ئەو کارەی بیکەین و ئەو کارانەی کە نابێت بیکەین. لەو کۆبوونەوەیەدا جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر بە ڕوونی هەروەک ئەوەی لە ڕێککەوتی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٢١یش لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن کە جەنابیان فەرمووی کەم قسە بکەن و زۆر کار بکەن- لەم کۆبوونەوەیەشدا ئەو پەیامەی بە ئێمە گەیاندەوە کە کەم قسە بکەن و کار زۆر بکەن، و ڕایسپاردین کە هەموومان وەک یەک تیم لەبەغدا هەوڵ بدەین ناوماڵی کوردی ڕێکبخەین و هەوڵ بدەین لەوێ وەک نوێنەری نەتەوەیەک پرسە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ئەولەوییەتی کارەکانمان بێت. هەروەها جەنابیان بە ئێمەیان ڕاسپارد کە ئێمە پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتیی تەواوی گەلی عێراق هەر لە زاخۆ تا فاو بکەین، هەتا ئەگەر پرسەکان پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانیش نەبێت، ئەوە ئێمە بەوپەڕی جددییەت و ئەمانەتەوە کار بکەین بۆ دابینکردنی ماف و ژیانێکی شایستە بۆ گشت خەڵکی عێراق.

*** لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەوڵەکانی خۆیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی بزانن کێ دەتوانێت کوتلەی گەورە دروست بکات، کە بێگومان تا ئێستا موقتەدا سەدر لە پێش ئیتاری تەنسیقی شیعەوەیە، ئایا تا چەند مەزندەی ئەوە دەکرێت لایەنە شیعەکان بە زوویی ڕێکبکەون و کوتلەی گەورە ڕابگەیەنن و کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆک وەزیران پێشکەش بکەن؟**

- لە کۆبوونەوەی ٢٠٢٢/١/٩ کە سوێندی یاساییمان خوارد و سەرۆکایەتیی پەرلەمانمان هەڵبژارد، لە سەرەتا لایەنی چوارچێوەی هەماهەنگی لە کاتی هەبوونی بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکرد، کوتلەی گەورەیان پێشکەش کرد، بەڵام ئەمە یاسایی و پەیڕەوی نەبوو، چونکە ئەو لیستە دەبێت بدرێت بە سەرۆکی هەمیشەیی پەرلەمان. ئەوە بوو دوای ئەوەی حەلبووسی هەڵبژێردرا بە سەرۆکی پەرلەمان لایەنی سەدر کوتلەی گەورەیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرد. ئەگەرچی تا ئێستا نەک تەنیا هەوڵەکان، بەڵکو دەستتێوەردانی نێودەوڵەتیش هەیە کە موقتەدا سەدر ناچار بکەن، لە پێکهێنانی حکومەتدا بەشداری بە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بکات. بەڵام ئەگەر سەدر لەسەر ئەو بڕیار و بیروبۆچوونەی بەردەوام بێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی، ئەوا هەر کاتێک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، ئەوا کوتلەی سەدر ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی کاندیدەکەی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پێشکەشکردنی وەرەقەی پێکهێنانی کابینەی حکومەت، بەڵام ئەگەر دەستێوەردان بەردەوام بێت و هەوڵ بدرێت، هەندێک لایەنی دیکەی شیعە لە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە حکومەت بەشدار بێت، ئەوە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق کاتی زیاتر پێویستە تاوەکو قەناعەت بە سەدر بکرێت. هەروەها وەک دەبینرێت دەستوەردان لە پرۆسەکە هەیە و سرکردنی پەرلەمانیش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاوەکو ماڵی شیعە بەشی هەرە زۆریان لە کوتلەی گەورە بەشدار بن.

*** سەبارەت بە پۆستی سەرۆک کۆمار کە پشکی کوردە، دیارە یەکێتی و پارتی کاندیدی خۆیان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کردووە، پێناچێت لە سەر کاندیدێکی هاوبەش ڕێک بکەون ئایا پێتوایە هەمان سیناریۆی ٢٠١٨ دووبارە دەبێتەوە؟**

- تاوەکو ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی بۆ سەرۆک کۆمار بە دوو کاندیدی جیاواز بەشدارن، ئەوەی لەم پرۆسەیە پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان بیزانێت، ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار پشکی کوردە، نەک پشکی یەکێتی و یەکێتی هیچ بەڵگە و دۆکیۆمێنت و ڕێککەوتن و ئیمزایەکی نییە کە بڵێت بەڵی پۆستی سەرۆک

کۆمار بۆ یەکێتییە، ئەگەرچی یەکێتی لەو بارەوە فەرهەنگێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە وایان لە خەڵکی گەیاندووە کە پۆستی سەرۆك کۆمار پشکی یەکێتییە و دەبێت تەنیا بۆ یەکێتی بێت، هەر بۆیە دەبێت ئەو پرسە یەکلا ببێتەوە، خۆ ئێمە وەك پارتی نەمانگوتووە بە هیچ شێوەیەك نابێت سەرۆك کۆمار بۆ یەکێتی بێت، بەڵام ئەو پۆستە مادام پشکی کوردە، ئەوە ئێمەش وەك پارتی کە خاوەنی ٣١ کورسیی پەرلەمانین لە کۆی ٦٣کورسیی کوردستان هەر بۆیە مافی خۆمانە کە گفتوگۆ لەسەر بابەتە بکەین و بەشدار بین لە بڕیاردان کە کێ دەبێت بە سەرۆك کۆمار، نابێت لایەنێکی دیکە ئەو پۆستە بە مافی خۆی بزانێت کە نیوەی کورسییەکانی پارتی بە دەست نەهێناوە. هەر چۆنێك بێت تا ٢٠٢٢/٢/٨ دەرفەت لە بەردەمی یەکێتی ماوە کە گفتوگۆ و دانوساندن لەگەڵ پارتی بکات بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە و کاندیدی هاوبەش دەستنیشان بکەن بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق و لە کاتێکدا کاندیدی هاوبەش نەبوو، هەر وەك ساڵی ٢٠١٨ ئەوە پارتی و یەکێتی بە دوو کاندیدی جیا دەچنە ڕکابەری بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمار، بەڵام ئەوەی ئێستا کە جیاوازە لەگەڵ ساڵی ٢٠١٨ ئەوە حەتمەن دەرئەنجامەکە پێچەوانە دەبێت و ئەمجارە زۆر ئەستەمە یەکێتی بتوانێت کاندیدەکەی خۆی زۆرینەی دەنگی لە پەرلەمان بۆ بەدەست بێنێت، هەر بە تەئکید لە کاتێکدا بە دوو کاندیدی جیا بەشداریی پرۆسەکە بکەین، ئەوە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی پۆستی سەرۆك کۆمار دەبێت.

*** لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق تەنیا باسی کوتلەی گەورە دەکرێت و، کەم تا زۆر باسی بەرنامەی حکومەت ناکرێت، ئایا لایەنی کوردی تا چەند بایەخ بە پرۆگرامی حکومەت دەدات و دەیەوێت کارنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق چۆن بێت؟**

- تاوەکو ئێستاکە لایەنە کوردییەکان شاندی هاوبەشیان نییە و مەرجی هاوبەشیشیان نییە. لە ٢٠٢٢/١/٩ لایەنی یەکێتی بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆك پەرلەمان و دوو جێگرەکەی نەکرد. واتە یەکێتی بووە لایەنی هاوبەش لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و تا ئێستاکە بەشێك نییە لە کوتلەی گەورەی سەدرییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق. بەڵام ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکانی پێکهێنانی کوتلەی گەورە و پێکهێنانی حکومەتدا لەگەڵ لایەنی شیعە و سوننەدا داواکاری و مەرجەکانی پارتی کە هەر هەمووی پەیوەستن بە پرسە نەتەوەییەکانی کورد و هەرێمی کوردستانەوە کە هیچی پەیوەست نییە بە حزب و بە هیچ پۆستێکیشەوە، بەڵکو تەواوی مەرجەکانی پارتی پەیوەستە بە پرسە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان.

*** چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە باس لەوە دەکەن، ئەگەر نەتوانن حکومەتی تەوافقی نیشتمانی دروست بکەن، ئەوا ئەوان بایکۆتی پرۆسە سیاسییەکە دەکەن، ئایا ئەگەر وابکەن، پرۆسەی سیاسیی عێراق چۆن دەبێت؟ ئایا ئەو حکومەتەی دادەمەزرێت، تەمەنی درێژ دەبێت؟**

- چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە هەموو هەوڵێکی دەدات و پشتگیریی نێودەوڵەتیشی هێناوەتە ناو پرسەکەوە بۆ ئەوەی دەرگایەك بکاتەوە تا لە حکومەتی داهاتووی عێراق بەشدار بێت، بەڵام سەدر تا ئێستاکە سوورە لە سەر پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی. هەروەها وەکو بینیمان هەموو ئەو شتانەی دەکرێت وەك سڕکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێشکەشکردنی تانە بە دادگا و پشێوی و پەلاماردانی بارەگاکان، هەر هەمووی بۆ ئەوەیە کارتێکی فشار لەسەر سەدر دروست بکەن، تاوەکو جێگایان لە حکومەت بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە من پێموایە ئەگەر ئەو لایەنانە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکشێنەوە، ئەوا ئایندەیەکی مەترسیدار چاوەڕوانی عێراق دەکات، چونکە ئەو لایەنانە خاوەنی هێزی میلیشیان. هەر بۆیە ئەگەر بەشدار نەبن لە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتدا، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو لایەنانە هێزە میلیشیاکانیان بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندیی حزبەکانیان و مەترسی دەکەوێتە سەر ئاسایشی عێراق و بۆی هەیە شەڕی نێوخۆی ماڵی شیعە ڕووبدات.

**مافی خۆمانە کە گفتوگۆ لەسەر بابەتە بکەین و بەشدار بین لە بڕیاردان کە کێ دەبێت بە سەرۆک کۆمار، نابێت لایەنێکی دیکە ئەو پۆستە بە مافی خۆی بزانێت کە نیوەی کورسییەکانی پارتی بە دەست نەهێناوە**

**یەکێتی بووە لایەنی هاوبەش لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و تا ئێستاکە بەشێک نییە لە کوتلەی گەورەی سەدرییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق**

**سڕکردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێشکەشکردنی تانە بە دادگا و پشێوی و پەلاماردانی بارەگاکان، هەر هەمووی بۆ ئەوەیە کارتێکی فشار لەسەر سەدر دروست بکەن، تاوەکو جێگایان لە حکومەت بکاتەوە**

**ئەگەر ئەو لایەنانە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکشێنەوە، ئەوا ئایندەیەکی مەترسیدار چاوەڕوانی عێراق دەکات، چونکە ئەو لایەنانە خاوەنی هێزی میلیشیان**



**دکتۆر محەمەد شوکری**

**سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ئەم ساڵ گەورەترین پڕۆژەی گەشتیاری و نیشتەجێبوون و پیشەسازی جێبەجێ دەکرێت

**وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەنگاوی باشـی نـاوە، بەتایبەتـی لـە سـێکتەرەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و گەشـتیاری، سـاڵی ڕابـردوو وێـڕای ئاسـتەنگ و بەربەسـتەکانی کۆرۆنـا و قەیرانی دارایی، زۆرتریـن قەبـارەی وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتان بەگەڕ خـرا. بۆ قسـەکردن لەسـەر پـلان و بەرنامەکانـی وەبەرهێنانـی کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا، گۆڤـاری گـوڵان هەڤپەیڤینێکـی لەگـەڵ دکتۆر محەمـەد شـوکری سـەرۆکی دەسـتەی وەبەرهێنانی کوردسـتان سـازدا، لێرەدا پوختـەی قسـەکانی بـڵاو دەکەینـەوە.**

*** سـەرەتا بـا لـە ڕەوشـی وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتان دەسـت پـێ بکەیـن، ئامانجـی ئێـوە لـە دەسـتەی وەبەرهێنـان فراوانکردنـی وەبەرهێنـان بـوو، بەتایبەتی لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری، پرسیار لێرەدا ئەوەیـە، ئایا دەتوانیـن بڵێیـن لـەم سـێکتەرانەدا وەبەرهێنـان گەیشـتووەتە ئاسـتێکی بـەرز؟**

- سـاڵی ڕابـردوو وێـڕای هەمـوو قەیرانـی دارایـی و گرفتەکانـی کۆرۆنـا و تەندروسـتی، لەسـەر ڕاسـپاردەکانی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان توانـرا هەشـت ملیـار و ٥٠٠ ملیـۆن دۆلاری ئەمریکـی وەبەرهێنـان بکرێـت، ئەمـەش بـە باشـترین سـاڵەکان و گەورەتریـن قەبـارەی سـەرمایەی وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتان دادەنرێـت، بـە ڕاددەیەك لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ ـەوە، جگە لەساڵی ٢٠١٣ کـە ١٠ ملیـار دۆلار وەبەرهێنـان کـراوە، بـەو ئاسـتە وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتان نەکـراوە. لـە سـاڵی ٢٠٢١ توانـرا ٦٨ پـڕۆژەی نـوێ لـە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری مۆڵەتیـان پـێ بدرێـت، کـە ٣٥یـان لـە هەولێـر و ١٣ لـە سـلێمانی و ١٦ لـە دهـۆك و ٣ لـە گەرمیـان و ١ لەهەڵەبجـە بـووە، ئەمـەش قەبارەیەکـی گـەورەی وەبەرهێنـان بـوو بـەراورد بـە سـاڵانی پێشـوو، لـە سـەرەتای ئەمسـاڵ ١٧ پـڕۆژەی دیکـەی وەبەرهێنـان مۆڵەتیـان پـێ درا، ئەمـەش لـە لایـەك بـۆ پاراسـتنی سـەقامگیریی سیاسـی و ئابـووری دەگەڕێتـەوە، لـە لایەکـی دیکـەوە بـۆ کارئاسـانی و هاوکارییەکانـی حکومـەت دەگەڕێتـەوە، ئێمـە لـە دەسـتەی وەبەرهێنـان باشـترین کارئاسـانیمان پێشـکەش بـە وەبەرهێنەرانمـان کـردووە، بـە ڕاددەیـەك لـە ماوەیەکـی کەمـدا بـە کەمتریـن کات مۆڵـەت دەسـتی پـێ کـردووە و تـا قۆناغـی وەبەرهێنـان کارئاسانییان بۆ کراوە. دەسـتەی وەبەرهێنـان ئـەوەی ڕوون کردووەتـەوە کـە مۆڵەتـەکان لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا بـووە، بە جۆرێك لـە بـواری گەشـتوگوزاردا بـە بەهـای ٦,٩ ملیـار دۆلار ١٨ مۆڵـەت دراوە، هەروەهـا لـە سـێکتەری پیشەسـازیدا ١٥ مۆڵـەت بە بەهـای ٥٩٨ ملیـۆن دۆلار دراوە، لـە سـێکتەری بازرگانیـدا بـە بـڕی ٣٥٦ ملیـۆن دۆلار ١٩ مۆڵـەت دراوە، هـاوکات لـە بـواری نیشتەجێبووندا سـێ مۆڵـەت دراوە کـە بڕەکـەی ٢٧٧ ملیـۆن دۆلار بـووە، بـواری کشـتوکاڵیش یەکێکـی دیکەیـە لـەو بوارانـەی کـە سـێ مۆڵەتـی پـێ دراوە و بەهاکـەی ١٧٤,٩ ملیـۆن دۆلار بـووە.

ئـەو پڕۆژانـەی وەبەرهێنانیـان تێدا کـراوە بڕەکـەی ٧,٧ ملیـار دۆلار بـووە، هەروەهـا لـە دهـۆك بڕەکـەی ١٣٨ ملیـۆن دینـار بـووە، لـە سـلێمانی ٦١٥ ملیـۆن دۆلار تێچـووی پڕۆژەکانـی وەبەرهێنـان بـووە، لـە هەڵەبجەش ئـەو پڕۆژانـەی وەبەرهێنانیان تێدا کراوە، بایـی ٦,٨ ملیـۆن دۆلار بـووە، لـە کۆتاییـدا ئـەو پڕۆژانـەی لـە ئیـدارەی گەرمیـان ئەنجـام دراون، بڕەکەیـان ٤٧,٦ ملیـۆن دۆلار بـووە.

*** پـڕۆژە گەورەکانـی وەبەرهێنـان لـە هەمـوو وڵاتێکدا بە پڕۆژەی ستراتیژی و گرنگ دادەنرێن، ئـەو پـڕۆژەو وەبەرهێنانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجام دەدرێت، ئایا دەکرێت پێی بگوترێت پڕۆژەی سـتراتیژی و گـەورە؟**

- یەکێـك لـە خەسـڵەت و گرنگییەکانـی پڕۆژەکانـی وەبەرهێنـان لـە هەرێمـی کوردسـتان دەرکەوتنـی پـڕۆژەی گـەورەی وەبەرهێنـان بـوو، بـۆ نموونـە پـڕۆژەی هەپـی سـیتی بـە سـەرمایەی پێنـج ملیـار دۆلاری ئەمریکییـە و بـە یەکێـك لـە گەورەتریـن پڕۆژەکانـی گەشـتیاری دادەنرێـت، لـە

**ساڵی ڕابردوو وێڕای هەموو قەیرانی دارایی و گرفتەکانی کۆرۆنا و تەندروستی، لە سەر ڕاسپاردەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا هەشت ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەبەرهێنان بکرێت**

**ساڵی ٢٠٢١ توانرا ٦٨ پڕۆژەی نوێ لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری مۆڵەتیان پێ بدرێت، کە ٣٥یان لە هەولێر و ١٣ لە سلێمانی و ١٦ لە دهۆک و ٣ لە گەرمیان و ١ لەهەڵەبجە بووە**

ڕووی نیشتەجێبوون و بازرگانییشەوە پڕۆژەی دیکە بە سەرمایەی دوو ملیار دۆلار کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی پڕۆژەی ڤان ستیل سەرمایەی ٣٨٠ ملیۆن دۆلارە، ئەمە ئەوە دەردەخات لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرەو قۆناغێکی دیکەی وەبەرهێنان هەنگاو دەنێین.

*** بەرزبوونەوەی قەبارەی وەبەرهێنان هەواڵێکی دڵخۆشکەرە، دەکرێت بۆ ئەم ساڵ گرنگترینی ئەو هەل و دەرفەتانە بزانین کە دەستەکەتان خستوویەتە ڕوو، بۆ بووژاندنەوەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا؟**

- دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە هەر چوار بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی لە پارێزگاکان و چوار فەرمانگەکەی لە هەر چوار ئیدارە سەربەخۆکەی کوردستان، نەخشەی وەبەرهێنانی دەست پێ کردووە و، دەیان پڕۆژەی گەورە و مامناوەند و بچووك لەخۆ دەگرێت، کار بۆ ئەوە دەکەین کە قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرچوار پارێزگاکەی کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکان بەرز بکەینەوە، لە ناو ڕێبەری وەبەرهێناندا کە زیاتر لە ١٥٠٠ دەرفەتی وەبەرهێنانمان خستبووە ڕوو، گەورەترین وەبەرهێنانی تێدا کراوە، ئەوەی ماوە ئومێدەوارین ئەم ساڵ سەرمایەداران و کۆمپانیا نێوخۆیی و دەرەکییەکان سوود لەو هەلە وەربگرن و گەورەترین وەبەرهێنان و پڕۆژە ئەنجام بدەین، بەتایبەتی لەو پڕۆژە نیشتەجێبوونانەی بە هەر هۆکارێك بێت، لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕاوەستابوون و بە هەزارەها خەڵك شوقە و خانووی کڕیبوو، تێیدا زیانمەند بوون.

*** باسی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونت کرد، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە و لە ڕیزبەندی پێشەوەی وەبەرهێنان دێت لە هەرێمی کوردستان، بە هۆی قەیرانی دارایی و کەمتەرخەمیی وەبەرهێنەکانەوە زۆر کەس زیانمەند بوون، ئایا بۆ ئەمساڵ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان چ پلان و بەرنامەیەکی لە بەردەستدایە؟**

- پڕۆژەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون پرۆسەیەکی گرنگی وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستان، هاوکات وەسیلەیەکی ڕاکێشانی پارەیە بۆ ناو هەرێم و بەگەڕخستنی سەدان هەلی کاریشە، ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنان لەم بوارەوە ڕوون و ئاشکرایە، کە بۆ خزمەتکردنی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە ئەو پڕۆژانەی لەبەر هەر هۆیەك بێت ڕاگیرابوون، لەم کابینەیەدا دەست بە جێبەجێکردنیان کرایەوە و لە هەوڵی ئەوەشداین قیستەکان زیاتر بکرێن، بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر کڕیار دروست نەکات، بۆ نموونە قیستی درێژخایەنی ١٨٠ بۆ ٢٠٠ مانگی، بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵك بەو پێشەکییە کەمە بتوانێت ببێتە خاوەنی شوقە و خانوو. ئێمە لە ساڵی ڕابردوو توانیمان پڕۆژەکانی وەکو فلۆریا سیتی و ئارام سیتی و شار سیتی دەست بەجێبەجێکردنەوەی بکەین و، لە ٢٠٠٢ دا کار بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو ژمارە کەمەش دەکەین کە ماون لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و چارەسەری کێشەکانیان دەکەین، تاوەکو مافی هەزاران کەس بگەڕێنینەوە، تەنانەت لە هەندێك پڕۆژەدا وەبەرهێنەری نوێ دەهێنین و هەموو ئەو گرفتە کەڵەکەبووانە ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی پارەیان لە ناو ئەم پرۆژانەدا هەیە، ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون و مافەکانیان لەلای وەبەرهێنەکان بۆ بگەڕێنینەوە، لە لایەکی دیکەوە پڕۆژە هەبووە لەبەر کەمتەرخەمی داومانە بە وەبەرهێنەرێکی دیکە و داشکانمان بۆ کردووە، هەمیشە جەختمان لەسەر وەبەرهێنەری ڕاستەقینە کردووتەوە و پڕۆژە نادەینە وەبەرهێنەرێك کە سەرمایەی نەبێت. پڕۆژەی نیشتەجێبوون هەیە ١٠ ساڵە تەواو نەکراوە، لە سەرەتای کارەکانماندا هەشت پڕۆژەی لەکارکەوتووی نیشتەجێبوون هەبوو، ئێستا تەنیا چوار پڕۆژەیان ماوەو ئەوانیش لە ماوەیەکی کەمدا دەست بە کارەکانیان دەکەنەوە، هاوکات نرخی خزمەتگوزارییەکانمان لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون زۆر کەم کردەوە.

*** یەکێك لەو سێکتەرانەی زامنی هەمەڕەنگ و فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، کەرتی کشتوکاڵە، ئایا تاچەند گرنگی بەم سێکتەرە گرنگە دراوە؟**

- ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە گەشە بە سێکتەری کشتوکاڵی بدرێت، دیدگای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ و بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە زۆر ڕوونە، ئاسانکاری و ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنان وای کردووە کە لە ماوەی ساڵێکدا مۆڵەت بە زیاتر لە ١٠٠ پڕۆژەی کەرتی کشتوکاڵ بدرێت، ئەمەش گۆڕانکارییەکی زۆر نەوعییە لەم کابینەیەدا، کە ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەی کەرتی کشتوکاڵ مۆڵەتی پێ بدرێت و

**پڕۆژەی هەپی سیتی بە سەرمایەی پێنج ملیار دۆلاری ئەمریکییە و بە یەکێک لە گەورەترین پڕۆژەکانی گەشتیاری دادەنرێت**

**ئەو پڕۆژەیانەی لەبەر هەر هۆیەک بێت ڕاگیرابوون، لەم کابینەیەدا دەست بە جێبەجێکردنیان کرایەوە و لە هەوڵی ئەوەشداین قیستەکان زیاتر بکرێن، بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر کڕیار دروست نەکات**

**هەمیشە جەختمان لەسەر وەبەرهێنەری ڕاستەقینە کردووتەوە و پڕۆژە نادەینە وەبەرهێنەرێک کە سەرمایەی نەبێت**

**ئاسانکاری و ڕێنماییەکانی دەستەی وەبەرهێنان وای کردووە کە لە ماوەی ساڵێکدا مۆڵەت بە زیاتر لە ١٠٠ پڕۆژەی کەرتی کشتوکاڵ بدرێت**

هەندێکی کەوتوونەتە کار، بۆ داهاتووش لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ سەرقاڵی دارشتنەوەی نەخشەی وەبەرهێنانی کشتوکاڵین کە لە قۆناغی یەکەمدا ٢٥ پڕۆژەی گەورەی کشتوکاڵی ئامادە دەبێت.

*** سەبارەت بە گرنگیدان بە کرێکارانی نێوخۆیی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کرێکارانی بیانی، ئێوە لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان تاچەند کارتان لەسەر ئەم بوارە گرنگە کردووە؟**

- ئەم ساڵ مەرجی بەکارخستنی کرێکارانی نێوخۆیی لەسەر وەبەرهێنەران کە لە ئێستادا لە ٧٥٪ی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەبێت، ئەوە بووە کە دەستی کاری نێوخۆیی بێت، ئەم مەرجە لە ئەم ساڵ قورستر دەکەین، هاوکات کار بۆ بەرزکردنەوەی توانای کرێکاران و کارمەندانی ناوخۆش دەکەین، لەم ڕووەوە لە دەستەی وەبەرهێنەرانی کوردستان مۆڵەتمان بە ١١ پڕۆژە داوە، بۆ دروستکردنی پەیمانگەی فێرکردنی پیشەیی لە پارێزگاکان، بۆ ڕاهێنانی پیشەیی و دروستکردنی هێزی ئامادەکراو بۆ سەرجەم ئەو پڕۆژانەی کە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری دەستی کارمەندی شارەزای بیانی تێدایە، بەو هیوایەی ساڵی ٢٠٢٢ دەستپێك بێت بۆ گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی توانا و شارەزایی دەستی کاری نێوخۆ و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دەستی کاری بیانی.

*** ئایا هیچ دیراسە و ئامادەکارییەکتان کردووە بۆ تەواوبوونی ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەی وەبەرهێنان لە سەرجەم بوارەکاندا کە پێویستی بە گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا دەبێت، بەتایبەتی پڕۆژە گەورەکانی پیشەسازی و شارەکانی نیشتەجێبوون؟**

هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کردووە لە پێناو زیاتر بەرەو باشبردنی سێکتەرەکان و دابینکردن و گەیاندنی کارەبای پێویست بۆ سەرجەم پڕۆژەکان، لەم پێناوەشدا لە دواکۆبوونەوەماندا لەگەڵ وەزیری کارەبا، چەند لێژنەیەکی پەیوەندیدارمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە و هەماهەنگیی باشتری نێوانمان دامەزراندووە. ئێمە دەبێت بە ڕاشکاوانە باسی ئەو کەموکورتییەی هەیکەلی ئابووریی کوردستان و خراپیی ژێرخانی کوردستان بکەین، هەڵبەتە فرەچەشنکردنی ئابووری و دروستکردنی ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەی وەبەرهێنان خزمەتگوزاریی زۆری پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام هەماهەنگی و گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین و کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش دەکەین، بە هەمووان نابێت ئەو جووڵە و بووژانەوەی وەبەرهێنانە کە لە ئێستا لە کوردستان هەیە ڕای بگرین، چونکە دواجار لە بەرژەوەندیی کۆی خەڵکی کوردستان و ئابووریی هەرێم و باشکردنی دۆخەکەدایە. هەر ئەم ساڵ لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی بەرنامەبۆدانراومان هەیە، بەو هیوایەی وەبەرهێنەرانی کوردستان بەشداریی کاراتر بکەن لە بووژانەوەی ئابووریی کوردستان و جێبەجێکردنی ئەو دیدگا و پەیامەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەم کابینەیەدا بۆ دروستکردنی ئابوورییەکی هەمەڕەنگ و فرەچەشن لە هەرێمی کوردستان دایڕشتووە.



**دەبێت بە ڕاشکاوانە باسی ئەو کەموکورتییەی هەیکەلی ئابووریی کوردستان و خراپیی ژێرخانی کوردستان بکەین**

**بەو هیوایەی وەبەرهێنەرانی کوردستان بەشداریی کاراتر بکەن لە بووژانەوەی ئابووریی کوردستان و جێبەجێکردنی ئەو دیدگا و پەیامەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەم کابینەیەدا بۆ دروستکردنی ئابوورییەکی هەمەڕەنگ و فرەچەشن لە هەرێمی کوردستان دایڕشتووە**

**دکتۆر سەرۆ دزەیی**
سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەم ساڵ چاوەڕوانی بەگەڕختنی پرۆژەکانی حکومەتین و داواکارین شایستە داراییەکانی بەڵێندەرانیش بدرێتەوە

**ئەگەرچی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان چەندین هەلی کاری بۆ وەبەرهێنەران خستووەتەڕوو، بەڵام کەمبوونەوەی پرۆژەی وەزارەتەکان کاریگەریی خراپی لەسەر دەیان کۆمپانیای بەڵێندەران بووە. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی بەڵێندەران و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ئابووریی هەرێمی کوردستان، دیدارێکمان لەگەڵ دکتۆر سەرۆ دزەیی سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی هەولێر سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی سەختی داراییدا تێپەڕ بووە، بەڵام هەندێك پرۆژەی وەبەرهێنان دەست بەجێبەجێکردنی کراوە، ئایا دەتوانین بڵێین ئەم جووڵە ئابوورییە بەپێی خواست و ویستی ئێوەی بەڵێندەرانە؟**

- هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و هەلی کارەوە جووڵەیەکی تێکەوتووە و چەندین پرۆژەی وەبەرهێنان لە پارێزگاکانی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێن، دەستەی وەبەرهێنانیش چەندین هەلی کاری وەبەرهێنانی خستووەتەڕوو، بەڵام ئەم جووڵەیە بەپێی خواستی بەڵێندەران نییە و هاوشێوەی ساڵانی پێش قەیرانی دارایی و شەڕی داعش نییە، لە ساڵی ٢٠١٤ پێش قەیرانی دارایی و بڕینی پشکی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٠٠٠ پرۆژەیان لە جێبەجێکردندا بوو، ئێستا ئەو ژمارەیە بۆ ٥٠٠ پرۆژە کەمی کردووە، ئەم ژمارە پرۆژەیەش بەپێی ژمارەی بەڵێندەران نییە، ئێمە وەکو یەکێتی بەڵێندەرانی هەولێر ١٥٦٠ بەڵێندەرمان هەیە و لە سلێمانی ١٢٠٠ و لە دهۆك ٩٠٠ بەڵێندەر و لە گەرمیانیش ژمارەیەکی دیکە، کە کۆی گشتیی بەڵێندەرانمان ٣٧٥٩ بەڵێندەرە، واتا دەتوانین بڵێین جووڵەی بازاڕ و ئابووری لە ڕووی دەستپێکردنەوەی پرۆژەکانەوە سست و لەسەر خۆیە، ئەم ژمارە کەمەی پرۆژە هێندەی ئەوە نییە بڵێین ئێمەی یەکێتی بەڵێندەران هەلی کاری زۆری جێبەجێکردنی پرۆژەمان لە بەردەستدایە، ئەوەتا هەندێك پرۆژە هەن کار تێیدا ڕاوەستاوە و زۆربەی وەزارەتەکانیش لەبەر نەبوونی بودجە پلان و بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە وەکو



بەڵێنـدەران پـرۆژە گەورەکانـی حکومەتـە کـە لـە ڕێگـەی وەزارەتەکانـەوە ساڵانە دەخرایـە ڕوو و، لـە پارێزگا و دەڤـەر و ناوچـە جیاجیاکانـی کوردستان جێبەجێ دەکران و، بەڵێندەرانی کوردستان سوودێکی زۆریان لێ وەردەگرت، ساڵانی ڕابردوو حکومـەت دەیـان پـرۆژەی کارەبا و ڕێگاوبـان و ئـاو و ئـاوەڕۆ و پـارك و دروسـتکردنی باڵەخانـە و قوتابخانـە و نەخۆشخانە و بنکـەی تەندروستیی جێبەجێ دەکرد و، ژمارەیەکـی زۆری کۆمپانیاکانـی بەڵێندەرایەتـی کاری باشـیان تێـدا دەکـرد، ئومێدمـان وایـە بـۆ ئەمسـاڵ ئـەو پڕۆژانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی بارودۆخـی داراییـیـەوە ڕاوەسـتاون بەگـەڕ بخرێنـەوە.

*** کەواتـە تـا ئێسـتا ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان لـە زۆر بـواردا نەچووەتـەوە دۆخـی ئاسایی خۆی، بەتایبەتی دۆخی دارایی کە بۆ ئێـوەی بەڵێنـدەران گرفتێکـی گەورەیـە؟**

- قەیرانـی دارایـی لـە هەرێمـی کوردسـتان کۆتایـی نەهاتـووە و ئابووریـی هەرێـم بـە دەسـت گرفتێکی خراپی هەیکەلی ئابوورییـەوە دەناڵێنێت، ئابوورییەکەمان تەنیا پشتی بە لایەنی فرۆشتنی نـەوت بەسـتووە، کـە ئەویـش ئابوورییەکـی ڕەیعییـە و سـەقامگیر نییـە، هەرچەنـدە ئێسـتا بەهـای بەرمیلێـك نـەوت زۆر بـەرزەو دەبووایـە خێـرا ئـەم ئابوورییـە ڕاسـت بکرایەتـەوە و هەنـگاوی خێراتـر بـەرەو فرەچەشـنکردنی ئابـووری بنرایـە، بـەڵام هەمـووان دەزانـن هێشـتا ئێمـە لـە چاوەڕوانیـی ٢٠٠ ملیـار دینارەکـەی حکومەتیـن، دابینکردنـی مووچـە و شایسـتە داراییەکانـی بەڵێندەرانیـش ماوەیەکـە ڕاوەسـتاوە و نـەدراوە، داواکاریـن ئـەو شایسـتە داراییـە کـە چەکیـان بەبـێ ڕەسـید وەرگرتـووە، بـە چەنـد وەجبەیـەك و بـە ڕێژەی ١٠٪ یـان لـە ٢٠٪ بدرێـت، بـۆ ئـەوەی بەڵێنـدەران بتوانـن بـەو سیولە نەختینەییـیە کار بکـەن، هەروەهـا چیتـر ئەوەنـدە پشـت بـە کۆمپانیـا بیانییـەکان نەبەسـترێت بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو پڕۆژانـەی خەڵکـی خۆمـان توانـای جێبەجێکردنـی هەیـە، ئەوەتـا پـرۆژەی دروسـتکردنی شـەقامی ١٥٠ مەتـری لـە هەولێـر لـە ڕێگـەی کۆمپانیایەکـی خۆماڵییـەوە جێبەجـێ دەکرێـت، ئەویـش لـە ڕێگـەی دەیـان کۆمپانیـای ناوخۆیـی بەڵێندەرانـەوە کارەکان جێبەجـێ دەکات، ئەمـە جێـگای دڵخۆشـییە چونکـە سـەدان هەلـی کار بـۆ گەنجەکانمـان و بـۆ پیشـەوەران دابیـن دەکات.

*** باسـی دابینکردنـی هەلـی کارت کـرد بـۆ کۆمپانیـا خۆماڵییـەکان، ئایـا پەیوەندیـی ئێـوەی**

**لە ساڵی ٢٠١٤ پێش قەیرانی دارایی و بڕینی پشکی بوودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٠٠٠ پرۆژەیان لە جێبەجێکردندا بوو، ئێستا ئەو ژمارەیە بۆ ٥٠٠ پرۆژە کەمی کردووە**

**هەندێک پرۆژە هەن کار تێیدا ڕاوەستاوە و زۆربەی وەزارەتەکانیش لەبەر نەبوونی بوودجە پلان و بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە**



**قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کۆتایی نەهاتووە و ئابووریی هەرێم بە دەست گرفتێکی خراپی هەیکەلی ئابوورییەوە دەناڵێنێت**

**ئابوورییەکەمان تەنیا پشتی بە لایەنی فرۆشتنی نەوت بەستووە، کە ئەویش ئابوورییەکی ڕەیعییە و سەقامگیر نییە**

**دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری لە هەولێر لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی خۆماڵییەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی دەیان کۆمپانیای ناوخۆیی بەڵێندەرانەوە کارەکان جێبەجێ دەکات**

**بەڵێندەران لەگەڵ وەبەرهێنان لە چ ئاستێکدایە، پێش ماوەیەك گلەیی ئەوەتا کرد کە گەورە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانیاندا بەڵێندەرانی بیانی بەکار دەهێنن، داواکاریی ئێوە لەم بوارەدا چییە؟**

- بەداخەوە زۆر وەبەرهێنەرمان هەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیدا بەڵێندەرانی بیانی بەکاردەهێنن، لەوانە بەڵێندەرانی تورکی و ئێرانی و تەنانەت لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە دەستی کار دەهێنن، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن، پارەی ئەم وڵاتە بۆ دەرەوە دەچێت و زیان بە توێژێکی گەورە و گرنگی کوردستان دەگەیەنن کە بەڵێندەرانە و، بە سەدان دەستی کاری ناوخۆیان لە ئەستۆدایە، ئەم شێوازی کارە بۆ ئابووریی کوردستان و لایەنی دارایی خراپە. دەستەی وەبەرهێنان هەلی کار بۆ وەبەرهێنەران دەڕەخسێنێت و مۆڵەت دەداتە کۆمپانیاکان و پرۆژەکانی وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت و، دەیان ئاسانکاری و هاوکاریی وەبەرهێنەکە دەدرێت، کەچی زۆربەی وەبەرهێنەکان کەمتر پشت بە بەڵێندەرانی ناوخۆ دەبەستن، ئەم حاڵەتە بۆ هەلی کاری گەنجانیش وایە، تا کرێکاری سووری و تورکی و ئێرانی و عێراقی وەستابێت، کەمتر کار بەر گەنجەکانی خۆمان دەکەوێت. لە شوێنێکی وەك دوبەی مەرج لەسەر وەبەرهێنەر دانراوە کە تا کۆمپانیا ئیماراتییەکان ڕاوەستابن، نابێت کاری جێبەجێکردنی بەڵێندەرایەتی بدرێتە کۆمپانیای بیانی، تەنانەت کۆمپانیا بیانییەکانی بەڵێندەرایەتییش دەبێت لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیماراتی بە هاوبەشی کارەکە بکەن. بەڵێندەرە کوردستانییەکان لە ئێستادا توانا و شارەزایی و کارامەیی باش و بەرزیان لە کارکردن و چەندین پسپۆڕایەتیدا هەیە و، تەنیا پێویستمان بە ئاسانکاریی دارایی و بانکی و باج هەیە.

*** لە سەرەتای قسەکانتدا باسی گرنگیی ڕاستکردنەوەی هەیکەلی ئابووریی کوردستان کرد، لە ئێستاشدا باس لە فرەچەشنکردنی ئابووری دەکەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریدا، ئایا ئەم سیاسەتە نوێیەی ئابووری کاریگەریی لەسەر کاری ئێوە نابێت؟**

- هەنگاونان بەرەو ڕاستکردنەوەی هەیکەلی ئابووریی کوردستان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری، بەتایبەتی لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا پێویستی بە سیولەیەکی دارایی باش هەیە، بەتایبەتی بۆ بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری، کە ئەم سیولەیە لەبەردەستی حکومەتدا نییە، وێڕای باشبوونی بارودۆخی نرخی نەوت و وەرگرتنی باج و ڕسوماتەکان و بەرزبوونەوەی ئاڵووێری بازرگانی و بەدەستهێنانی پارەیەکی باشی گومرك، تا حکومەت هەڵمەتی پرۆژەکانی ژێرخان دەست پێ نەکاتەوە، ئێمەی بەڵێندەران هەست بەو جووڵە ئابوورییە ناکەین، ئومێدەوارین حکومەتی نوێی عێراق زوو دابمەزرێت و پەوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا باش و ئاسایی بێت و پشکی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم بێت و گرفتی دارایی چارەسەر ببێت، بەڵام تا ئەو کاتە خۆ نابێت ئێمە هەروا دەستەوەستان بووەستین، چونکە عێراقیش بارودۆخی دارایی



و ئابووریی بەدەست گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتەوە دەناڵێنێت و زۆر پشتیان بەنەوت بەستووە، خۆ ئەگەر ئێمە ئەو جووڵە ئابوورییە ئەگەر لە کەرتەکانی وەبەرهێنان و کشتوکاڵ و پیشەسازیدا هەنگاوی بۆ بنێین، بارودۆخمان زۆر باشتر دەبێت.

*** ئایا بڕیارەکەی بانکی ناوەندیی عێراقی بە داشکانی بەهای دینار زیانی بە بەڵێندەران نەگەیاند، بەتایبەتی کە ئێوە زۆربەی پارەکانتان لای حکومەت بە دینارە و، ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتە ئێوەی یەکێتی بەڵێندەران چیتان کردووە؟**

- بڕیارەکەی بانکی ناوەندیی عێراق بە داشکانی بەهای دینار بەرامبەر دراوە بیانییەکانی دیکە، بەتایبەتی دۆلاری ئەمریکی زیانی گەورەی بە زۆر بەڵێندەر گەیاند، بە سوپاسەوە وەزیری کارەبا ڕەزامەندیی لەسەر قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەرەکانی ئەو کۆمپانییانە دا کە لە بواری کارەبا کاریان دەکرد، چونکە قازانجی ئێمە لە ١٠٪ بۆ لە ١٢٪ـە، کەچی دراوی دیناری عێراقی بە ڕێژەی لە ٢٣٪ داشکێندرا، هاوکات بە سوپاسەوە وەزیری تەندروستیش کارێکی لەم شێوەیەی کرد، بەداخەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران کەچی وەزارەتی دارایی بە بیانووی نەبوونی ڕێنمایی بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد و گەڕایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

*** ماوەیەك لەمەوبەر ئێوەی یەکێتی بەڵێندەران گلەیی و ڕەخنەتان لەسەر وەرگرتنی باج دەربڕی، ئەو بابەتە بە کوێ گەیشت؟**

- باج دەبێت لەسەر قازانج وەربگیردرێت، ڕاستە باج زیاد نەکراوە و ڕێك خراوەتەوە، بەڵام هەندێك یاسای کۆن هەبوو بە هۆی بارودۆخە سەختەکەی داراییەوە ڕاگیرابوو، لە ئێستادا کاتێك کاری پێ دەکەیتەوە بارودۆخەکەی باج لەسەر بەڵێندەران و هاووڵاتیان و کاسبکارانیش توند دەبێت، ئەمە هەرگیز لەگەڵ ئامانجەکانی بووژانەوەی ئابووری ناگونجێت، خۆی بازاڕ سست و لاوازە، زیادبوونی داهات بۆ ماوەیەك و دواتر زیانگەیاندن بە وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و بازرگان و سەرمایەداران لە مەودایەکی نزیکدا ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی دەبێت، داواکارم ئابووریناسەکان بێنە سەر خەت، هەموو کارێك تەنیا بە جێبەجێکردن و پەلەکردن ئەنجامی باشی نابێت، باشە بزنێسکار و بەڵێندەرێك خۆی پارەی لای حکومەت بێت، تۆ باجی چی لێ وەردەگریت، ئەمە لێزانینی بەڕێوەبردنی ئابووری نییە. لەلایەکی دیکەوە خراپیی سیستەمی بانك بێزاری کردووین، پێشتر ئەگەر خیتاب زەمانێکت پێویست بووایە موڵکێکت دابایە پێشتر حجز دەکرا، کەچی ئێستا ڕەهنی دەکەن، کە دایدەنێیت کۆمەڵێك ڕسووماتت لێ وەردەگیرێت، ئەگەر بچیت دەریبهێنیت بە هەمان شێوە وەکو ئەوەی تۆ کڕین و فرۆشتنت ئەنجام دابێت، ڕسووماتت لێ وەردەگرن.

کاتی ئەوە هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی دەرکردنی بڕیار و ڕێنماییەکاندا پرس و ڕا بە ڕێکخراوە پەیوەندارەکانی ئابووریش بکرێت، ئێمە نوێنەری چین و توێژێکی فراوان و کاریگەرین لە ناو کایەی ئابووریدا و ڕۆڵی گرنگمان لە سەرخستنی کارەکاندا هەیە.

**زۆر وەبەرهێنەرمان هەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیدا بەڵێندەرانی بیانی بەکاردەهێنن، لەوانە بەڵێندەرانی تورکی و ئێرانی و تەنانەت لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە دەستی کار دەهێنن**

**بەڵێندەرە کوردستانییەکان لە ئێستادا توانا و شارەزایی و کارامەیی باش و بەرزیان لە کارکردن و چەندین پسپۆڕایەتیدا هەیە و، تەنیا پێویستمان بە ئاسانکاریی دارایی و بانکی و باج هەیە**

**بڕیارەکەی بانکی ناوەندیی عێراق بە داشکانی بەهای دینار بەرامبەر دراوە بیانییەکانی دیکە، بەتایبەتی دۆلاری ئەمریکی زیانی گەورەی بە زۆر بەڵێندەر گەیاند**





## خوێندنەوەیەکی سیاسی

# بۆ پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد «AI»

**خوێندنەوەی مێژوو کلیلی کردنەوەی کێشەکانی داهاتووە**

« زیرەکی دەستکرد - Artificial intelligence » هەتا ئێستا لایەنە ئەرێنییەکانی بۆ تەواوی ژیانی ڕۆژانەی تاك لە ناو هەسارەی زەویدا زۆر لە لایەنە نەرێنییەکانی زیاترە و لە هەموو بوارەکانی «خوێندن، چاودێریی تەندروستی، ئاسایشی تاك، دراوی ئۆنلاین - crypto currency، هونەر، ڕۆشنبیری، فەزای گشتی، دروستکردنی بڕاره و بڕیار و... هتد»، خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هێزی سیاسەت و دیپلۆماتی بە شێوەیەك لە شێوەکان سڕ کردووە و زەحمەتە بتوانرێت ئەو بارە ئاڵۆزە لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی ڕاست بکرێتەوە و، ئەو واقیعەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بۆ سیاسەت و حوکمڕانی لەسەر ئاستی لۆکال و گلۆبال دروستی کردووە پێویستی بەوەیە بیر لە فۆرمێکی تازەی سیاسەت و حوکمڕانی بکرێتەوە، بەڵام کێشەی




کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی حکومەتەکان و لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری کاریگەریی زۆر نەرێنی دروست کردووە و، مانایەکی ئەوتۆی بۆ حزب و سیاسەت نەهێشتووەتەوە و لەسەر ئاستی جیهانیش سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی خستووەتە ژێر پرسیار و گومانی گەورەوە، بە ئاستێك کە نە لە سەر ئاستی ناخۆی دەوڵەتەکان، حکومەت توانای ئەوەی هەیە کیشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، نە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش دەوڵەتەکان دەتوانن هەماهەنگی و هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی کێشە جیهانییەکانی وەك (گۆڕینی کەش و هەوا، زیانەکانی تەکنەلۆژیا، تیرۆر، مەترسیی چەکی نیوکلیاری) چارەسەر بکەن، سەرەکی ئەوەیە «دەوڵەتمەدار، سیاسەتمەدار، دیپلۆمات، یاساناسەکان» هەموویان لە سەر ئاستی جیهان لە ڕووە زانستییەکەی شۆڕشی تەکنەلۆژیای چوارەم بێ ئاگان، کە قۆناخی یەکەمی زیرەکی دەستکردی بەرهەم هێناوە.

**● فەیسبووك دەوڵەتێکە**

**ژمارەی دانیشتووانی لە دوو ملیار زیاترە**

لە ١٥ی شوباتی ٢٠٢٠، باڵیۆز والفانگ شنایدەر سەرۆکی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، خۆی بە شەخسی ئەو پەنیلەی بەڕێوەدەبرد کە بۆ مارك زوگربێرك دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمپانیای فەیسبووك لەو کۆنفرانسە ڕێکخرابوو و لە دەستپێکی ئەو پەنیلەدا، باڵیۆز شنایدەر بە زۆگربێرکی گوت:

«ئێستا فەیسبووك دەوڵەتە و زۆگربێرك سەرۆكی ئەو دەوڵەتەیە كە لە گەورەترین دەوڵەتی ئەم جیهانە گەورەترە، لەمەش زیاتر ئەم دەوڵەتە ئۆنلاینە لە ناو هەموو دەوڵەتەكانی جیهاندا بوونی هەیە و بە هاوشێوەی تانك و ڕۆكێت كاریگەری لەسەر سیاسەتی ئاسایش و بەرگری و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و تەنانەت كاریگەری لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەكانیش هەیە». ئەم وەسفەی سەرۆكی كۆنفرانسی میونشن بۆ كۆمپانیای فەیسبووك، پیشاندانی كاریگەرە سەرەتاییەكانی « زیرەكی دەستكرد - Artificial intelligence »ـە، لە سەر سیاسەتی ئاسایش و بەرگری و دەرەوە و پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی تەواوی وڵاتان و مەترسییە لەسەر كۆی ئەو سیستمە جیهانییەی كە كۆنگرە پێی دەڵێت: «سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی».

زۆگربێرك لە وەسفی دەوڵەتەكەی (فەیسبووك) بۆ ئامادەبووانی كۆنگرەی میونشن، ئاماژەی بەوە كرد، ئەم دەوڵەتە ژمارەی دانیشتووانی (ئۆنلاین) زیاتر لە دوو ملیار كەسە و ٣٥ هەزار سەرباز (ئەندازیاری ئای تی) هەیە كە بە ڕێگەی «زیرەكی دەستكرد AI» ئاسایشی ئەم دەوڵەتە دەپارێزن و، بودجەی ئەم پاراستنەش زۆر زیاترە لە داهاتی ساڵی ٢٠١٢ی «فەیسبووك» كە ئەو كات لە سەرووی یەك ملیار فۆلەوەری هەبووە.

فەیسبووك وەك «سۆشیال میدیا» تەنیا دەوڵەتی «ئۆنلاین» نییە، بەڵكو چەندین دەوڵەتی ئۆنلاینی دیكەش وەك «تویتر، لینكن، گۆگڵ، كلاود و.. هتد» بوونیان هەیە، كە پێكەوە وەك گرووپێك لە دەوڵەتانی ئۆنلاین هەڕەشە لەسەر كۆی سیاسەتی دەوڵەتانی واقیع دروست دەكەن، هەر بۆیە «دەوڵەتمەدار و دیپلۆمات و سیاسەتمەداران و یاساناسان» زیاتر لەسەر مەترسیی ئەم لایەنە هەڵوەستە دەكەن، كە بووەتە مەترسییەكی كاریگەر لەسەر بێمانابوونی «سیاسەت، هەڵبژاردن، حوكمڕانی، یاسا» و لە بەرامبەر ئەم مەترسییەشدا هیچ دیالۆگ و هاوكارییەك لە نێوان دەوڵەتاندا بوونی نییە و بە ئاسانییش ناتوانن ئەم دیالۆگ و هاوكارییە بۆ ڕزگاكردنی سیستمە جیهانییەكە دروست بكەن. بۆچی؟ لە بەر ئەوەی بە پلەی یەكەم «سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و دەوڵەتمەدارەكان» بە شێوەیەكی گشتی شتێكی ئەوتۆ لە ڕووە زانستییەكەی «زیرەكی دەستكرد» نازانن. دەكرێت نموونەی زیندوو بۆ ئەم بابەتە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٦ی دۆناڵد ترەمپ بخەینە بەرچاو، كاتێك بۆ چارەسەركردنی بێكاری بانگەشەی بۆ دروستكردنی دیواری مەكسیك دەكرد، ئەمە لە كاتێكدا مەكسیك و پەنابەران سەرچاوەی هەرە سەرەكی نین بۆ نەمانی كار، بەڵكو سەرچاوەی سەرەكی بۆ نەمانی كار ئەو داهێنانە تەكنەلۆژییانەیە كە ڕۆژانە زانایان و ئەندازیاران لە سلیكۆن ڤالی كالیفۆرنیا دروستی دەكەن، لەمەش زیاتر هیلاری كلینتۆنی ڕكابەریشی لەو هەڵبژاردنە بە هیچ جۆرێك باسی كاریگەرییەكانی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای لەسەر نەهێشتنی كار باس نەكرد، ئەم نموونەیە مانای ئەوەیە كە سیاسەتمەدارەكانی هەر دوو حزبی «كۆماری و دیموكراتەكان» بێ ئاگان لەوەی ڕۆژانە چ داهێنانێك لە «سلیكۆن ڤالی» دەكرێت، لەكاتێكدا ئەم شوێنە بەشێكە لەو وڵاتەی كە خۆیان دەیانەوێت حوكمڕانی بكەن، ئەمەش بەڵگەیەكی زیندووە كە سیاسەتمەدارانی وڵاتانی دیكەش لە سیاسەتمەدارانی ئەمریكا بە ئاگاتر نین.

ئەوجا ئەگەر داهێنانە پێشكەوتووەكانی تەكنەلۆژیا لەسەر ئابووری و نەمانی دەستی كار هێندە گرنگ بێت و هەڕەشە لە كۆی سیستمی ئابووریی گەورەترین دەوڵەتی جیهان بكات، ئەوا لەسەر ئاستی لایەنە سیاسییەكەی سیستمی دیموكراتی كاریگەرییەكەی زیاتر نەبێت، كەمتر نییە. هەر بۆ نموونە لەسەر زۆر پرسی كاریگەری وەك كوشتنی جۆرج فالۆیدی ڕەش پێست لە ئایاری ٢٠٢٠، تەنیا هاشتاگێك# وەك هاشتاگی «ژیانی ڕەشپێستەكان پرسێكی گرنگە - BlackLives-# Matter» توانی ئیرادەی ئازادی ملیۆنەها كەس لەسەر ئەم پرسە دیاریكراوە بگۆڕێت، لەمەش زیاتر بە شێوەیەك كاریگەری هەبوو، كە نەك هەر مەترسی لەسەر ئاسایش و سیاسەتی ڕۆژانەی ئەمریكا دروست كرد، بەڵكو پەڕییەوە بۆ ئەورووپا و مەترسی خستە

**گرنگە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەتیش حزبی سیاسی تێپەڕێنێت و هاووڵاتیانی ئەم نیشتمانە لە دەوری پرۆژەیەكی نەتەوەیی نیشتمانیی وا كۆببنەوە كە ڕابەرێكی كاریزما ڕێبەرایەتی دەكات**

**ئەو واقیعەی شۆڕشی تەكنەلۆژیا بۆ سیاسەت و حوكمڕانی لە سەر ئاستی لۆكاڵ و گلۆباڵ دروستی كردووە پێویستی بەوەیە بیر لە فۆرمێكی تازەی سیاسەت و حوكمڕانی بكرێتەوە**

**«دەوڵەتمەدار، سیاسەتمەدار، دیپلۆمات، یاساناسەكان» هەموویان لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووە زانستییەكەی شۆڕشی تەكنەلۆژیای چوارەم بێ ئاگان، كە قۆناخی یەكەمی زیرەكی دەستكردی بەرهەم هێناوە**

**زۆگربێرک لە وەسفی دەوڵەتەکەی (فەیسبووک) بۆ ئامادەبووانی کۆنگرەی میونشن، ئاماژەی بەوە کرد، ئەم دەوڵەتە ژمارەی دانیشتووانی (ئۆنلاین) زیاتر لە دوو ملیار کەسە و ٣٥ هەزار سەرباز (ئەندازیاری ئای تی) هەیە کە بە ڕێگەی «زیرەکی دەستکرد AI» ئاسایشی ئەم دەوڵەتە دەپارێزن**

**ئەگەرچی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ئەم شەڕە ساردەدا بێجگە لە شەڕی بەوەکالەت، هیچ شەڕێکی گەورە لە نێوان هەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروست نەبووە، بەڵام شەڕەکە لە میانەی «کێبڕکێی چەک» و «کێبڕکێی پەرەپێدان» شەڕێکی گەرم بووە، هەردوولاش لەم دوو بوارەدا هەوڵیانداوە بە میکانیزمی جیاواز چۆک بەوی دیکەیان دابدەن**

**بلۆکی ڕۆژئاوا «دیموکراتی و سەرمایەداری» لەسەر ئاستی سیاسی، ئیرادەی ئازادی هاووڵاتیانی کرد بە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی، لەسەر ئاستی ئابووریی بازاڕیش دیسان هاووڵاتی وەک «کڕیار، یان بەکاربەر» کردە سەرچاوەی شێوازی بەرهەمهێنان**

سەر بەریتانیاش و سەرەنجامیش کاریگەریی ئەم هاشتاگە بووە هۆکاری سەرەکی کە دۆناڵد ترەمپ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ بدۆڕێنێت و جۆبایدن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەم کاریگەرییە مانای ئەوەیە چیدی هاووڵاتیان بە ئیرادەی ئازادی خۆیان بڕیارە هەڵنابژێرن، بەڵکو ئەوەی ئیرادەیان بۆ دیاری دەکات ئەو «زیرەکی دەستکردە، یان ئەو «ئەلگۆریزیمە» کە ئەو کۆمپانییانە لە میانەی کۆکردنەوەی داتا لەسەر فۆلۆوەرەکانیان ئاراستەیان بەرەو پرسێکی دیکە دەگۆڕن.

ئەم کاریگەرییە چ وەرچەرخانێکی هێندە گەورەی لە پرۆسەی سیاسیی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دروست کردووە کە چیدیکە سیستمی لیبراڵی نەتوانێت پشت بەو میتۆدە ببەستیت کە سیستمەکەی لەسەر بونیادنراوە و دەڵێت: «دەنگدەر لە هەمووان باشتر دەزانێت و هەموو کات دەنگدەر لە سەر هەقە». ئەم میتۆدە کاتێك بایەخی هەبوو کە ئەلگۆریزمی زیرەکی دەستکرد بوونی نەبوو، دەنگدەر دەیزانی چی لە وڵاتەکەی ڕوودەدات و بە ئیرادەی ئازادی خۆی دەچووە سەر سندوقی دەنگدان و بڕیارەی خۆی هەڵدەبژارد، بەڵام لە ئێستادا کە تەنیا هاشتاگێك دەبێتە دەربڕی ئیرادەی ئازادی هاووڵاتییەك، ئەوا ڕاستییەکی دیکە دروست دەکات و ملیۆنەها کەس لە دەوری ئەو هاشتاگە کۆدەبنەوە و هەموو بە ڕاستی دەزانن، ئەمە مانای ئەوەیە چیتر دەنگدەر لە هەمووان باشتر نازانێت و چیتر دەنگدەر لەسەر هەق نییە، بەڵکو دەبێت بڵێین: «زیرەکی دەستکرد یان ئەلگۆریزم» لە هەمووان باشتر دەزانێت و هەموو کات هەر ئەو لەسەر هەقە»، کە ئەم وەرچەرخانەش ڕووی دا، ئەوا پرسیارەکە دەبێتە ئەوەی: کێ بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، حزب یان زیرەکی دەستکرد؟ کێ حکومەت دروست دەکات، حزب یان زیرەکی دەستکرد؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە بێت کە (زیرەکی دەستکرد لە هەڵسووڕاندا جێگەی حزب و حکومەت دەگرێتەوە) ئەوا شتێك نامێنێت پێی بگوترێت، حزبی سیاسی و سیاسەتمەدار، هەروەها شتێك نامێنێت پێی بگوترێت، دامەزراوەی سیستمی دیموکراتی، یان سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، تەواو ئەو حاڵەتە دێتە ئاراوە کە فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی ناسنامە «کەرامەت و سیاسەتی تووڕەیی هەڵچوو و دانەمرکاوە» کە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات: «دامەزراوەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەرەو ئەوە دەچێت کە نەتوانێت کەرامەتی تاك بپارێزن».

**● دیجیتاڵ و پرۆلیتاریا**
**دوو دیکتاتۆریەتی جیاواز**

پرانسیپی حزبی مارکسی و بەلشەفی پابەندبوونە بە سەنتراڵییەتی حزبەوە، هەر بۆیە کاتێك کەسێك دەبێتە ئەندامی حزبێکی مارکسی، یان بەلشەفی، ئەوا ئیتر ئیرادەی ئازادی دەگۆڕێت بۆ ئیرادەی حزبی و حزب لە بری ئەو بیر دەکاتەوە و حزب ئاراستەی دەکات بۆ ئەوەی چی دەخوێنێتەوە و هەروەها هەر حزبە بڕیار دەدات تۆ لە چ خانوویەك دەژیت و کام ئۆتۆمبێل بەکار دەهێنیت و گوێ لە کام بۆڵتەنی هەواڵ دەگریت، لەمەش زیاتر ئەوە حزبە ئاراستەت دەکات، کێ هەڵدەبژێریت هاوژینت بێت و چۆن منداڵەکانت پەروەردە دەکەیت. ئەم واقیعەی حزبی مارکسی و بەلشەفی لەگەڵ ئەوەی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر دەستی لینین، بووە ئایدیۆلۆژیەتێکی جیهانی و توانی بە هاوشانی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا، شەڕی دووەمی جیهانی بباتەوە و جیهان بکاتە دوو بەرەی هاوسەنگ کە بریتی بوون لە بەرەی ڕۆژئاوا کە نوێنەرایەتیی مۆدێلی سەرمایەداری بۆ حوکمڕانی دەکرد و، ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد، لە بەرامبەر بەرەی ڕۆژهەڵات کە مۆدێلی سۆشیالیزمی بۆ حوکمڕانی تەبەنی دەکرد و یەکێتی سۆڤیەت سەرکردایەتی دەکرد.

کێبڕکێی و ململانێی ئەم دووبەرە بۆ هەر دوو مۆدێلی سەرمایەداری و سۆشیالیزم، لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی گەیشتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت: «شەڕی سارد»، ئەگەرچی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ئەم شەڕە ساردەدا بێجگە لە شەڕی بەوەکالەت، هیچ شەڕێکی گەورە لە نێوان هەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروست نەبووە،

بەڵام شەڕەکە لە میانەی «کێبڕکێی چەك» و «کێبڕکێی پەرەپێدان» شەڕێکی گەرم بووە، هەردوولاش لەم دوو بوارەدا هەوڵیانداوە بە میکانیزمی جیاواز چۆك بەوی دیکەیان دابدەن، دەکرێت لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

١- بلۆکی ڕۆژئاوا «دیموکراتی و سەرمایەداری» لەسەر ئاستی سیاسی، ئیرادەی ئازادی هاووڵاتیانی کرد بە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی، لەسەر ئاستی ئابووریی بازاڕیش دیسان هاووڵاتی وەك «کڕیار، یان بەکاربەر» کردە سەرچاوەی شێوازی بەرهەمهێنان.

٢- بلۆکی ڕۆژهەڵات «سۆشیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا»، هەم لەسەر ئاستی بڕیار دروستکردن سەنتراڵییەتی حزبی کرد بە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی، هەم لەسەر ئاستی ئابووریش سەنتراڵیەتی دەوڵەتی کرد بە سەرچاوەی شێوازی بەرهەمهێنان.

لە نێوان ئاراستەی ئەم دوو مۆدێلە جیاوازەدا، هەر دوو مۆدێلەکە هەتا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هاوسەنگ و هاوشان دەچوونە پێشەوە، هەر بۆیە بیرمەندێکی گەورەی وەك سامۆئیل هنتنگتن لە کتێبی (سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگە گۆڕاوەکاندا - politi-cal system in changing societies) لە ساڵی ١٩٦٨ ئاماژەی پێ کردووە، بەوەی دەکرێت لە دەرەوەی سیستەمی دیموکراتییش «سیستەمی سیاسی» سەرکەوتوو دروست بێت، نموونەش بۆ ئەمە دامەزراوە بەهێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەمریکا وەك سەرۆکی بەرەی ڕۆژئاوا پێناسەی «ئاسایشی نیشتمانیی خۆی» لە بوونی دوو ئۆقیانووسەوە گۆڕی بۆ «پەرەپێدان»، ئەم پەرەپێدانە خێرایەش وەرچەرخانی لە سیاسەتی بلۆکی ڕۆژئاوا دروستکرد بۆ خۆدوورخستەوە لە شەڕ و پێکدادانی ڕاستەوخۆ، ئەوا توانییان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ستراتیژیەتی «١٩٩٩» بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکیی بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەر یەکێتیی سۆڤیەتدا دابڕێژن، بەڵام هەوڵەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان و دروستکردنی شەڕێکی بێهودەی گەریلایی لەو وڵاتەدا، لە بەرامبەریشدا چەقبەستنی پەرەپێدان لە ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت لە چاو ئابووریی ڕۆژئاوا، «گۆرباچۆف»ی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە ئابووریی سۆڤیەت پێویستی بە دوو ڕیفۆرمە، یەکەم: دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلەی ئابووری (بیروستریکا) و دووەم: کرانەوە و شەفافییەت (گلاسنوست)، ئەم دوو هەنگاوە لە کاتێکدا بوون کە لە ناو هەیکەلە کۆنەکەی ئابووریی سۆڤیەت پەنگخواردنەوەیەکی توند هەبوو، بۆیە ئەم دوو هەنگاوە وەك ئەوەی لێهات کە لە پڕ سەرقاپی مەنجەڵێکی «هەڵمپەز» هەڵدەیتەوە و پاشان بۆت دانەرێتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ هەڵگرتنی ئەم دوو هەنگاوە، وەرچەرخانێکی گەورە دروست بوو کە سەرەتا لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ بە ڕووخانی دیواری بەرلین دەستی پێکرد و لە ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٩١ بە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی پێهات، بە مەش سیستەمی دووجەمسەری و دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆتایی هات و، جۆرج بوشی باوك کە ئەو کات سەرۆکی ئەمریکا بوو، جاڕی «سیستەمی نوێی جیهان»ی دا، ئەمەش بەو مانایەی وەك فۆکۆیاما لە کتێبی «کۆتایی مێژوو» ئاماژەی پێ کردووە، سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی دەبێتە دوایین سیستەم بۆ پاراستنی ئازادی لە جیهاندا.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە، هۆکاری سەرکەوتنی سەرمایەداری بە سەر سۆشیالیزمدا بەوە دەستنیشان بکەین، کە هۆکاری یەکەم و دوایین بۆ سەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری ئەوە بووە کە هەم لەسەر ئاستی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و هەمیش لەسەر ئاستی ئاراستەی شێوازی بەرهەمهێنان، لە هەردووکیاندا تەنیا هاووڵاتی سەنتەر بووە و، دەوڵەت بە ئاراستەی هەست و خواستی خەڵك سیاسەت و ئابووری ئاراستە کردووە، ئەوا لە ئێستای جیهانی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمدا، لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی وەك سیاسەت و ئابووری بە هاوشانی خێرایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نییە و، لە هەمانکاتدا سیاسەتمەداران و دەوڵەتمەداران

**بلۆکی ڕۆژهەڵات «سۆشیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا»، هەم لە سەر ئاستی بڕیار دروستکردن سەنتراڵییەتی حزبی کرد بە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی، هەم لەسەر ئاستی ئابووریش سەنتراڵیەتی دەوڵەتی کرد بە سەرچاوەی شێوازی بەرهەمهێنان**

**ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپاش نەیانتوانیوە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە سەر ئاستی دەوڵەتەکان و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهان ڕزگار بکەن**

**جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و نەمانی بەها بەرزەکانی دەستووری یەکێتی ئەورووپا لە ناو دەوڵەتانی ئەندامی ئەو فیدراسیۆن و ئەو دابەشبوونە حزبییە گەورەیەی لە ناو کۆمەڵگەی ئەمریکا دروست بووە، هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە گلۆبالیزمی ڕۆژئاواش وەك یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان لەبەر یەك هەڵوەشاوەتەوە**



**سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا لە بری ئەوەی هەوڵ بدەن، ئەلتەرناتیڤێکی باشتر بۆ ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستا (لیبرڕاڵ دیموکراتی) بدۆزنەوە، بانگەشە بۆ سەرهەڵدانی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی «چەپ و ڕاست» دەکەن و، ئۆباڵی بێ ئاگایی خۆیان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە ئێستا «دیکتاتۆریەتی دیجیتالی» بەرهەم هێناوە، دەخەنە ئەستۆی ئەو دیاردەیەی کە ناویان لێ ناوە دیاردەی سەرهەڵدانی «سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی»**

لە ڕووە زانستییەکەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بێ ئاگان، ئەوا ئێستا سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا «ئەوروپا و ئەمریکا» بە هەمان قۆناخی یەکێتیی سۆڤیەتی سەردەمی گۆرباچۆف تێدەپەڕن، گۆڕباچۆف چۆن بۆ ڕزگارکردنی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو هەر دوو هەنگاوی «بیرۆستریکا و گلاسنۆست»ی هەڵگرت، ئەوا لە ئەمریکای کۆماری ئازادی دیموکراتیکدا وەك بینیمان لە ٢٠١٦ دەنگدەران «دۆناڵد ترەمپ»یان هەڵبژارد، کە ڕاشکاوانە بانگەشەی بۆ نەمانی سیستمی لیبڕاڵیی نێودەوڵەتی کرد، لە بەریتانیاش لە هەمان ساڵدا دەنگدەران بڕیاری جیابوونەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەوروپا دا.

ئەوجا چۆن هەر دوو بڕیارەکەی گۆڕباچۆف لە بێ ئاگایی لە وردەکاریی پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا و لە هەناوی کۆمەڵگەیەکی تووڕەی پەنگخواردوو دەرچوو بوو، وەك بینیمان ئاکامەی بە نەمانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کۆتایی هات، بە هەمان شێوە بڕیاری دەنگدەرانی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ و، بڕیاری دەنگدەرانی بەریتانیا بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەوروپاش بە هەمان شێوەیە و تەنیا ئەو دوو هۆکارەی لە پشتە کە سیاسەتمەدارانی بەریتانیا و ئەمریکا لە ڕووە زانستییەکەی پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا بێ ئاگان و لە هەمانکاتدا کۆمەڵگەش بە هاوشێوەی سۆڤیەتی پێشوو تووڕەییەکی پەنگخواردووی لە هەناودایە و، چۆن گۆڕباچۆف نەیتوانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ڕزگار بکات، بە هەمان شێوە ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپاش نەیانتوانیوە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی لە سەر ئاستی دەوڵەتەکان و سیستمی لیبڕاڵیی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهان ڕزگار بکەن، هەر بۆیە چۆن دوای گۆڕباچۆف، یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بڕیاری دا، خۆی پەر و باڵ بکات و، تەنیا بە مانەوەی ڕووسیا قایل بێت، لە ئێستاشدا، جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا و نەمانی بەها بەرزەکانی دەستووری یەکێتی ئەوروپا لە ناو دەوڵەتانی ئەندامی ئەو فیدراسیۆن و ئەو دابەشبوونە حزبییە گەورەیەی لە ناو کۆمەڵگەی ئەمریکا دروست بووە، هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە گلۆبالیزمی ڕۆژئاواش وەك یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان لەبەر یەك هەڵوەشاوەتەوە .



## زیرەکیی دەستکرد
## حزب و سیستمی حوکمڕانی تووشی شڵەژان کردووە

کاتێك باسی شڵەژانی «حزبی سیاسی» دەکەین لە بەرامبەر زیرەکیی دەستکرد، یان پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا، مەبەستمان مۆدێلی حزبی ئایینی «هەر ئایینێك» نییە کە لە بنەڕەتدا پێی وایە دەسەڵاتی ڕەها لە ئاسمانە، هەروەها مەبەستیشمان حزبی مارکسی و بەلشەڤیش نییە کە ئەوانیش لە بنەڕەتدا پێیان وایە دەسەڵاتی ڕەها سەنتراڵیەتی حزبە و ڕێکخستنی بازاڕ سەنتراڵیەتی ئابووریی دەوڵەتە، بەڵکو بە ڕاشکاوی مەبەستمان ئەو حزبانەیە کە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی نوێنەرایەتیی خەڵك دەکەن و، هەردوو پرانسیپی لیبراڵ دیموکراتی پەیڕەو دەکەن، کە لەسەر ئاستی سیاسەت و ئابووری تەنیا هاووڵاتیان بە سەنتەر دەزانن و تەنیا هاووڵاتی بە ڕاست دەزانن، بەڵام لە ئێستادا و وەك لە ئاکامی پرۆسەکانی دەنگدان لە ئەورووپا و ئەمریکا دەبینین، ئەوەی هاووڵاتی لە هەمووان باشتر دەزانێت و ئەوەی لای هاووڵاتی هەقە، دژایەتی و نەمانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتییە، لە بەرامبەر ئەم واقیعەدا حزب و سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا لە بری ئەوەی هەوڵ بدەن، ئەلتەرناتیڤێکی باشتر بۆ ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستا (لیبراڵ دیموکراتی) بدۆزنەوە، بانگەشە بۆ سەرهەڵدانی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی «چەپ و ڕاست» دەکەن و، ئۆباڵی بێ ئاگایی خۆیان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە ئێستا «دیکتاتۆریەتی دیجیتالی» بەرهەم هێناوە، دەخەنە ئەستۆی ئەو دیاردەیەی کە ناویان لێ ناوە دیاردەی سەرهەڵدانی «سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی».

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر پرۆسەی سیاسی و ناسنامەی حزبی سیاسی، ئەوا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین: ئایا کەی سەرەتای حزبی سەنتراڵیی مارکسی و بەلشەڤی و دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان دەرکەوت؟ بێگومان لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی سێیەم کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕاگەیەندرا، ئەم شۆڕشە هاوکاتە لەگەڵ شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی کە بە کۆتاییهاتنی حوکمڕانیی سەربازی و دیکتاتۆری لە هەریەکە لە وڵاتانی «پورتوگال و ئیسپانیا و یۆنان» بەرەو سیستمی دیموکراتی و پەرلەمانی وەرچەخان، هەروەها هاوکاتە لەگەڵ

**شۆڕشی پیشەسازیی سێیەم کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕاگەیەندرا، ئەم شۆڕشە هاوکاتە لەگەڵ شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی کە بە کۆتاییهاتنی حوکمڕانیی سەربازی و دیکتاتۆری لە هەریەکە لە وڵاتانی «پورتوگال و ئیسپانیا و یۆنان» بەرەو سیستمی دیموکراتی و پەرلەمانی وەرچەخان**

سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان وەك سەندیکاکانی کرێکاران و گرووپ و کۆمەڵەی دیکەی ناحکوومی لە بەشێکی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی، کە هەنگاوێك بوو بەرەو کرانەوە و دوورکەوتنەوە لە تاکحزبی ئایدیۆلۆژیی سەنتراڵی و، شۆڕشی پیشەسازیی سێیەم بە شێوەیەك سەرنجی کۆمەڵگەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی بۆ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا ڕاکیشابوو، کە وەك جۆزێف نای لە کتێبی «هێزی نەرم» باسی دەکات، لەو دیوی پەرژینە سیمییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتەوە، هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە پەیکەری ئازادیی ئەمریکایان بەرز دەکردەوە، ئەوکات هاووڵاتیانی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە سەنتراڵیەتی حزبی سیاسی و سەنتراڵیەتی ئابووریی دەوڵەت بێزار بوون و دەیانویست لە بری ئەوەی حزب و دەوڵەت سەنتەر بن، هاووڵاتی سەنتەر بێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئاراستەکردنی شێوازی بەرهەمهێناندا، بەڵام سیستمی سەنتراڵیی بلۆکی ڕۆژهەڵات ئەم خواستەی هاووڵاتیانی لەبەر چاو نەگرت و، پێداگری لە سەر سەنتراڵیەتی سیاسی و ئابووری کردەوە، بۆیە تورەیەکی پەنگخواردووی لە کۆمەڵگە دروست کرد و لەگەڵ هەنگاوی یەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی لە میانەی هەر دوو پرۆسەی «بیرۆستریکا و گلاسنۆست» ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشا.

بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم لە کۆڕبەندی ساڵانەی داڤوس لە ساڵی ٢٠١٦، سەرەتای کۆتایی حزبی سیاسی لە ناو سیستمی دیموکراتیی دەوڵەتەکان و کۆتایی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهان دەستی پێ کرد، ئەم سەرەتایەش لە ئەمریکا بە هەڵبژاردنی ترەمپ و لە بەریتانیا بە چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەستی پێ کرد، ئاکامی نزیکبوونەوەی ئەم کۆتاییەش لە ڕاپۆرتی هەفتەی ڕابردووی کۆڕبەندی داڤوس ڕەنگی داوەتەوە کە بۆ ئەمساڵی ٢٠٢٢ بە ناونیشانی: «ڕاپۆرتی ڕیسکە جیهانییەکان - Global Risks Report 2022» بڵاویان کردووتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆڕبەندێکی جیهانی وەك کۆڕبەندی داڤۆس کە لە ساڵی ١٩٧١ـەوە دامەزراوە بۆ ئەوەی بنەماکانی ئابووریی بازار و سیستمی دیموکراتی بپارێزێت و چارەسەر بۆ کێشەکانیان بدۆزێتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ باس لە ڕیسکە جیهانییەکان دەکات و، کۆنفرانسی میونشنیش کە لە شوباتی داهاتوو کۆنگرەی ساڵانەی خۆی گرێ دەدات و، کارەکانی تایبەتە بە پاراستنی «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی» ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٠ی بە ناونیشانی «نەمانی بەها بەرزەکانی ڕۆژئاوا لە ناو ڕۆژئاوادا — westlessness» بڵاو کردەوە و، ڕاپۆرتی ساڵی پاریشی (٢٠٢١) بە ناونیشانی «بەرەو هەڵدێر، یان گەڕانەوە -To the Brink - and Back?» بوو.

هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگەی «لیبراڵ دیموکراتی» کە لە ئێستادا ڕووبەرووی بووەتەوە، چیمان پێ دەڵێن و ئاماژە بە چی دەکەن؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بە سادەیی بدەینەوە، ئەوەیە کە لەلای حزبی سیاسی و سیستمی حوکمڕانیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، هاووڵاتی وەك سەنتەر لە بڕیاری سیاسی و ئاراستەکردنی شێوازی بەرهەمهێنان بوونی نەماوە، ئەوانەی ئێستا بووەتە سەنتەر، بریتین لە «داهێنانەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەندازیاران، کۆمپانیاکان»، ئەمانە بوونەتە سەنتەری دروستکردنی بڕیار و ئاراستەکردنی شێوازی بەرهەم و ڕێکخستنی بازاڕ، هیچیان نوێنەرایەتیی گەل و هاووڵاتی ناکەن، لە بەرامبەریشدا حزبە سیاسییەکان کە بە ڕێگەی هەڵبژاردن حکومەت و پەرلەمان پێکدەهێنن، ئەوا پەرلەمانتاران لە بری ئەوەی نوێنەرایەتیی گەل بکەن و یاساکان بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەیان دابڕێژن، بەپێچەوانەوە وەك تۆماس فریدمان دەڵێت: «کۆنگریسمان و سیناتۆرەکانی ئەمریکا لە ئێستادا ئەوەندەی بە ئایپادەکەی دەستیان خەریکی ئەوەن ئاگایان لە بۆرسە و داهێنانەکانی سلیکۆن ڤالی بێت، بە هیچ جۆریك ئاگایان لە کارەکەی خۆیان نییە کە نوێنەرایەتیکردنی گەلی ئەمریکایە»، هەروەها ئەگەر سەیری ڕێژەی بەرزبوونەوەی دەنگە نارازییەکانی یەکێتی ئەورووپا بکەین دژی گلۆبالیزم، لەوانەیە جوانترین وەڵام ئەوە بێت کە بیرمەندی ئەڵمانی ئۆلریش بیك لە کتێبی «کۆمەڵگەی مەترسیدار - Risk society» کە تیایدا لافیتەیەکی خۆپیشاندانەکانی دژە گلۆبالیزمی دووبارە بڵاوکردووەتەوە و لە

**لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم لە کۆڕبەندی ساڵانەی داڤوس لە ساڵی ٢٠١٦، سەرەتای کۆتایی حزبی سیاسی لە ناو سیستمی دیموکراتیی دەوڵەتەکان و کۆتایی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی لە سەر ئاستی جیهان دەستی پێ کرد، ئەم سەرەتایەش لە ئەمریکا بە هەڵبژاردنی ترەمپ و لە بەریتانیا بە چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەستی پێ کرد**

**کۆڕبەندێکی جیهانی وەک کۆڕبەندی داڤۆس کە لە ساڵی ١٩٧١ەوە دامەزراوە بۆ ئەوەی بنەماکانی ئابووریی بازار و سیستمی دیموکراتی بپارێزێت و چارەسەر بۆ کێشەکانیان بدۆزێتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ باس لە ڕیسکە جیهانییەکان دەکات**

**شۆڕشی پیشەسازیی سێیەم کە شوێنی بۆ تاکحزبی ئایدیۆلۆژیی سەنتراڵی و سیستمی سەنتراڵی کۆمۆنیستی لە ناو زۆربەی سیستمە سیاسییەکانی جیهان نەهێشتەوە، ئەوا شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمیش شوێنی بۆ فرەحزبیی سیاسی و خودی سیستمی دیموکراتی و پەرلەمانی نەهێشتووەتەوە**

سەری نووسراوە: «ئێمە ئەو فەرمانڕەوایانە هەڵدەبژێرین کە ناتوانن حوکمڕانیمان بکەن». ئەم واقیعە کە زیاتر لە ١٠ ساڵە هەستی پێ کراوە و لە ناو کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی بوونی هەیە، فرانسیس فۆکۆیاما ناوی لێ ناوە: «لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی - political decay»، ئەمانە حاڵەتێکی دروست کردووە کە چیدیکە هاووڵاتی هەست نەکات خۆی سەنتەرە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و خۆی سەنتەرە لە ڕێکخستنی بازاڕ و ئاراستەی شێوازی بەرهەمهێناندا، ئەم حاڵەتە بە بەراورد لەگەڵ کاریگەرییەکانی شۆڕشی پیشەسازیی سێیەم کە شوێنی بۆ تاکحزبی ئایدیۆلۆژیی سەنتراڵی و سیستمی سەنتراڵی کۆمۆنیستی لە ناو زۆربەی سیستمە سیاسییەکانی جیهان نەهێشتەوە، ئەوا شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمیش شوێنی بۆ فرەحزبیی سیاسی و خودی سیستمی دیموکراتی و پەرلەمانی نەهێشتووەتەوە و، وەك بیرمەند «یۆڤال نوح هەراری»یش دەڵێت: لە سەدەی بیستەمدا هەر دوو چیرۆکی فاشیزم و کۆمۆنیزم کۆتایی هات و لیبراڵ دیموکراتی جێگەی گرتنەوە، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەم چیرۆکی «لیبراڵ دیموکراتی» کۆتایی هاتووە و هێشتا دیار نییە ئەلتەرناتیڤی داهاتوو چییە و کام چیرۆك جێگەی دەگرێتەوە.

### ● کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر وڵاتانی تازەپێگەیشتوو – هەرێمی کوردستان

بیرمەند جوو یۆڤال نوح هەراری لە پەنێلێکیدا بە ناونیشانی «ئایندەی یەکێتیی ئەورووپا»، ڕێنمایی کۆمەڵگەکانی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا دەکات و پێیان دەڵێت: « ئەگەر ویستتان دەنگ بە سیاسەتمەدارێك بدەن، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، داوای وەڵامی ئەم چوار پرسیارەی لێ بکەن:

١. ئایا بەرنامە و تێڕوانینت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی گۆڕانکارییەکانی ژینگە چین؟

٢. ئایا بەرنامە و تێڕوانینت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا چین؟

٣. ئایا بەرنامە و تێڕوانینت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی چەکی ئەتۆمی چین؟

٤. ئایا بەرنامە و تێڕوانینت بۆ ساڵی ٢٠٥٠ چین؟

وەڵامی ئەم چوار پرسیارەی هەراری پەیوەستە بە چوار کێشەی جیهانی کە هیچ کامیان بە تەنیا دەوڵەتێك چارەسەر ناکرێت، بەڵام مەبەستی ئەو ئەوەیە ئەگەر فیدراسیۆنیکی وەك یەکێتی ئەورووپا کە بە بێ بەریتانیا ٢٧ دەوڵەتن، ئەوا لانی کەم دەتوانن شێوەیەك لە هاوکاری و هەماهەنگیی جیهانی بۆ کنترۆڵکردنی ئەم مەترسییانە دروست بکەن.


هەراری سەبارەت بە سیستمی حوکمڕانی پێشنیاری ئەوە دەکات و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا ئەزموونێکی سەرکەوتووە بۆ کاری هاوبەش و پابەندبوونی هاوبەش بە دەستوورێکەوە، بەڵام باشترە هەموو دەوڵەتانی جیهان پابەندی دەوڵەتی نەتەوەیی بن و هەموویان بە یاسایەکی جیهانییەوە پابەند بن، وەك ئەنجامدانی مۆندیالی چوار ساڵ جارێك جامی تۆپی پێی جیهانی کە تیایدا هەڵبژاردەکان هەر یەکەیان نوێنەرایەتیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەکات، بەڵام لە چوارچێوەی یەك یاسای جیهانی پاڵەوانێتییەکە نمایش دەکەن.

ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە پێویست بوو کە ئاماژە بەوە بکەین، ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی - nation state» نەك کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ پرانسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی هەنگاوی یەکەمە بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و زاڵبوون بە سەر کێشە جیهانییەکاندا، لەم چوارچێوەیەشدا دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو – بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو چوارچێوەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، بۆ شکۆی نەتەوە پێناسەی کردووە، لەمەش زیاتر گرنگە دەوڵەتی نەتەوەیی سەدەی بیست و یەکەم کۆپیی هەمان دەوڵەتی نەتەوەیی سەدەکانی حەقدە و هەژدەی ئەورووپا نەبێت، بەڵکو دەبێت دەوڵەتێك بێت کە توانای وەڵامدانەوەی ئاستەنگ و تەحەددییەکانی سەدەی بیست و یەکەمی هەبێت و، توانای ئەوەی هەبێت لەسەر لۆکاڵ وەڵامدەرەوەی خواستی هاووڵاتیانی بێت و لە سەر ئاستی گلۆبالیش هاوشانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی دیکە لە چوارچێوەی یاسایەکی نێودەوڵەتیی تازەدا بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان بکات.

**ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی - «nation state» نەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ پرانسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی هەنگاوی یەکەمە بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و زاڵبوون بە سەر کێشە جیهانییەکاندا**

**دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو – بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو چوارچێوەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، بۆ شکۆی نەتەوە پێناسەی کردووە**

**وەک بیرمەندی ئەمریکی بە ڕەگەز ژاپۆنی ئیداورد دیمنیک لە کتێبی «دەرچوون لە تەنگژە «Out of the crisis» ئاماژەی پێ کردووە، «پرۆژەی تازە بە عەقڵی کۆن و داروبەردووی کۆن دروست نابێت»، ئەوا ئێمەش ناچار دەبین کە بەدوای ئەو چەمکە تازانەی مرۆڤی ئاقڵمەند بکەوین کە هەوڵ دەدەن کێشە ئاڵۆزە گلۆبالییەکانی پێ چارەسەر بکەن**




**دەبێت ئەو پرۆسە نەتەوەییەی بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ لە ویژدانی نەتەوەدا دروست بووە و بووەتە بەشێک لە DNA ی هەستی نەتەوەیی، گرنگە لە سەر ئاستی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی هەموو هاووڵاتیانی نەتەوە کۆبکاتەوە و کەلچەرێکی هاوبەشی موقنێعکەر بێت**

**چیدیکە حزبی سیاسیی نوێنەرایەتیی هاووڵاتی ناکات و، ئەگەر ئەو چەمکەی لیبراڵیزم بکەینە بنەما کە دەڵێت: دەنگدەر لە هەمووان باشتر دەزانێت»، ئێستا دەنگدەر لەسەر ئاستی جیهان حزبی سیاسی ڕەت دەکاتەوە و لە تووڕەیی خۆی «وڵ ستریت» دەسووتێنێت و پەیکەری باوکانی دامەزرێنەری دیموکراتی دەڕووخێنێت**

سەبارەت بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تێکەڵاوبوونی تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی و تەکنەلۆژیای زانیاری، هەراری زیرەکیی دەستکرد «AI» وەك هاککەری مرۆڤ و بەدیل بۆ توانا بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ تەفسیر دەکات، ئەم بەدیلەی مرۆڤ، یان با بڵێین «جۆرێکی دیکەی مرۆڤ لە نێوان دوو کەوانە»، وەك لە کتێبی «ئاقڵمەند – Sapiens کە دەکاتە جۆری ئەو مرۆڤەی ئێستا لە هەسارەی زەوی بوونی هەیە، لە مێژووی دوور و درێژی ئەم هەسارەیە لەگەڵ چەند جۆریکی دیکەی مرۆڤ بۆ نموونە « نیاندەرتاڵ و ئەوانی دیکە» بوونی هەبووە و، هەموو جۆرەکانی دیکەی مرۆڤ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە لە مرۆڤی ئاقڵمەند بەهێزتر بوون، بەڵام نهێنیی مانەوەی مرۆڤی ئاقڵمەند ئەوە بووە کە توانیویانە بە پشتبەستن بە ئەقڵ گرووپی گەورە دروست بکەن کە ژمارەیان لە هەزاران تێپەڕ بکات و ئەم هەزاران کەسە پێکەوە هەماهەنگ و هاریکار بوون و توانیویانە بە ڕێگەی قسەکردن چیرۆکی موقنیعکەر بۆ پێکەوەمانەوەیان دروست بکەن، ئەم چیرۆکەش سەرەنجام ئەو «خەیاڵە ڕاستەقینەیە» بووە کە هەموویان لە چوارچێوەی کەلتووری هاوبەش و نەتەوەی هاوبەش و ئایینی هاوبەش کۆکردووتەوە، بۆیە لەم ڕاستەوە و لە کتێبێکی دیکەدا « سۆپەر هیومان – Homo dues» کە هەوڵی داوە مێژووی ئایندەی پێ بخوێنێتەوە، دەبێت ئەو سۆپەر هیومانە بێت کە توانای ئەوەی هەبێت بە دروستکردنی دیالۆگ و هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ، پێکەوە کۆببنەوە و چارەسەرێك بۆ مەترسییەکانی تیکەڵاوبوونی تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی و تەکنەلۆژیای زانیاری بدۆزنەوە و چیرۆکی تازە لە بری «چیرۆکی لیبراڵیزم» دروست بکەن، کە جارێکی دیکە قەناعەت بە مرۆڤایەتی بکات لە پێکەوە کۆببنەوە.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بمانەوێت سوودیك لەم میتۆدە وەربگرین بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لە بارودۆخی ئێستای وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە ئێمەش دەگرێتەوە، ئەوا وەك بیرمەندی ئەمریکی بە ڕەگەز ژاپۆنی ئیداورد دیمنیك لە کتێبی «دەرچوون لە تەنگژە -Out of the crisis» ئاماژەی پێ کردووە، «پرۆژەی تازە بە عەقڵی کۆن و داروبەردووی کۆن دروست نابێت»، ئەوا ئێمەش ناچار دەبین کە بەدوای ئەو چەمکە تازانەی مرۆڤی ئاقڵمەند بکەوین کە هەوڵ دەدەن کێشە ئاڵۆزە گلۆبالییەکانی پێ چارەسەر بکەن.

میتۆدی تازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبێت وەك «مرۆڤی ئاقڵمەند - sapiens» بێت لە بەر ئەم هۆکارانە:



● دەبێت ئەو پرۆسە نەتەوەییەی بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ لە ویژدانی نەتەوەدا دروست بووە و بووەتە بەشێك لە DNAی هەستی نەتەوەیی، گرنگە لەسەر ئاستی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی هەموو هاووڵاتیانی نەتەوە کۆبکاتەوە و کەلچەرێکی هاوبەشی موقنێعکەر بێت.

● چەمکی ناشناڵیزم وەك میتافۆر سنووری نەتەوە تێدەپەڕێنێت و دەبێتە پێناسە بۆ نیشتمانێکی هاوبەش، بۆ ئەم چەمکە هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە سەر ناسنامەیەکی هاوبەش کە بۆ هەرێم دەبێتە ناسنامەی «کوردستانی» هەمووان وەك هاووڵاتی کۆدەکاتەوە و جیاوازییە ئیتنی و ئایینییەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و دەیانپارێزێت.

● لە بەر ئەوەی وەك ئێستا بە تەجرەبە سەلمێندراوە کە چیدیکە حزبی سیاسیی نوێنەرایەتیی هاووڵاتی ناکات و، ئەگەر ئەو چەمکەی لیبراڵیزم بکەینە بنەما کە دەڵێت: دەنگدەر لە هەمووان باشتر دەزانێت»، ئێستا دەنگدەر لەسەر ئاستی جیهان حزبی سیاسی ڕەت دەکاتەوە و لە توورەیی خۆی «وڵ ستریت» دەسووتێنێت و پەیکەری باوکانی دامەزرێنەری دیموکراتی دەڕووخێنێت، بۆیە گرنگە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەتیش حزبی سیاسی تێپەڕێنێت و هاووڵاتیانی ئەم نیشتمانە لە دەوری پرۆژەیەکی نەتەوەیی نیشتمانیی وا کۆببنەوە کە ڕابەرێکی کاریزما ڕێبەرایەتی دەکات.

● پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و لە ئاستی ئەوەدا بێت، ئەم پرۆسەیە هاکی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی هاووڵاتیانی خۆی بکات، دەبێت بە میتۆدی ئەم پرۆسەیە وەك داتابێسێك لەگەڵ هەستی ناوەوەی هاووڵاتیانی نەتەوە هاوئاهەنگ و هاوئاواز بێت، کە ئەمە دروست بوو، ئەو کات نەتەوە بەشێك دەبێت لە هاووڵاتیان و هەستی هاووڵاتیانیش بەشێك دەبێت لەو دەوڵەتە.

لە بەر ڕۆشنایی ئاراستەی ئەم نووسینە و هەوڵدان بۆ خوێندنەوەیەکی سیاسییانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد، دەگەینە ئەو ئەنجامەی نەتەوەکانی جیهان بە نەتەوەی کوردستانیشەوە، دەبێت وەك ئیرادەی ڕاستەقینەی نەتەوە دوور لە دابەشبوون بە سەر ئایدیۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان بێنە سەر ستەیجی مێژووی ئایندەی جیهان، بۆ ئەوەی هەم خۆیان وەك نەتەوە جێگەی دەستیان دیار بێت، هەمیش هاریکار و هەماهەنگ بن بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان، ئەگەر ئەم پرسە بۆ کۆی نەتەوەکانی جیهان بە کۆتایی حزبی سیاسی و بەدیلی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت، ئەوا بۆ ئێمەی کوردستانی بە تێگەیشتن لە ڕیفراندۆم و کۆبوونەوە لە دەوری لۆژیکی بارزانی دەست پێ دەکات.

**نەتەوەکانی جیهان بە نەتەوەی کوردستانیشەوە، دەبێت وەک ئیرادەی ڕاستەقینەی نەتەوە دوور لە دابەشبوون بە سەر ئایدیۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان بێنە سەر ستەیجی مێژووی ئایندەی جیهان، بۆ ئەوەی هەم خۆیان وەک نەتەوە جێگە دەستیان دیار بێت، هەمیش هاریکار و هەماهەنگ بن بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان**

**ئەگەر ئەم پرسە بۆ کۆی نەتەوەکانی جیهان بە کۆتایی حزبی سیاسی و بەدیلی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت، ئەوا بۆ ئێمەی کوردستانی بە تێگەیشتن لە ڕیفراندۆم و کۆبوونەوە لە دەوری لۆژیکی بارزانی دەست پێ دەکات**

## دیمانەی تایبەت



یوجین گۆڵز پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆتردام. وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك یەکتربڕینی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئابووری و، سیاسەتی بەرگری، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی گرنگی وەك، زانکۆی تێکساس، جۆرج مەیسۆن و، توێژەر بووە لە زانکۆی هارڤارد. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە باری ئێستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی، یان ڕکابەری و ململانێی هێزە جیهانییەکان و کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

## یوجین گۆلز
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆ نۆتردام بۆ گوڵان:

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

*** وەك شارەزایەکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئایا پێت وایە چ گۆڕانکارییەك رووی داوە لەم پەیوەندییانەدا، بە تایبەتی دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیدارەی سەرۆك بایدنەوە، کە ئاشکرا بوو ڕەخنەی ئەوە لە ئیدارەی پێشوو دەگیرا، کە هەوڵی دا سیاسەت و هەڵوێستی تاکلایەنە بگرێتەبەر و ڕەچاوی سیستم و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نەکات؟**

- بە تێڕوانینی من چەند گۆڕانکارییەك ڕوویان داوە لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەویش ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان سیاسەتی ئەم ئیدارەیە و ئیدارەکەی پێش خۆی بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ. بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە و بە دیاریکراوی پرەنسیپی تایبەت بە چۆنێتی مامەڵەکردنی وڵاتان لەگەڵ یەکتردا، ئەوا پێم وانییە گۆڕانکارییەکی زۆر هاتبێتە ئاراوە.

*** بەڵام ئەوەی لە سەروەختی ئیدارەی ترەمپدا بەدی دەکرا، گرتنەبەری ڕێچکەیەك بوو لە سیاسەتی دەرەوەدا کە پتر لە ڕێچکەیەکی بازرگانی دەچوو، واتە ترەمپ تێکرای پەیوەندییەکانی بە ڕۆح و سرووشتی مامەڵەی بازرگانی ڕەنگرێژ کردبوو، ئایا هیچ گۆڕانکارییەك لەم ڕووەوە بەدی دەکەن لە پەیوەندی بە ئیدارەی بایدنەوە؟**

- ڕەنگە ئاسان بێت کە هەندێ گۆڕانکاری بەدی بکەین لە ئەدای ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا لە پەیوەندی بە پرسیارەکەی ئێوەوە، چونکە لەم ڕووەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە ئیدارەی ترەمپ کەمتر بایەخی بە دامەزراندن و درێژەپێدانی پەیوەندییەکی دۆستانەی درێژخایەن دەدا لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. بەڵام ئەوەی لە هەوڵەکانی سەرۆك جۆ بایدن

**ئێمە دەبێت ئامادەی شەڕی بەرگریکردن بین، نەک شەڕی هێرشبردن، چونکە بەم شێوەیە دەتوانین باشتر سەرچاوەکانمان بەکار بهێنین**

**ئەوەی لە هەوڵەکانی سەرۆک جۆ بایدن بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دەیەوێت کەسێک تەواو دژ و پێچەوانەی کەسایەتی دۆناڵد ترەمپ بێت لە پەیوەندی بە هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە**

**ئیدارەی بایدنیش ئامادەییەکی زۆری تێدایە بۆ بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان، ئەمە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتووە و، بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان وەک ڕواڵەت و ڕەهەندێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ماوەتەوە**

**بایدن دەیەوێت لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و هاوپەیمانەکانی لە ئاسیا هاوکاریی ئابووری قووڵ بکاتەوە و پەرەی پێ بدات، لەم ڕووەوە کەمتر باسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان ئەمریکای لاتین دەکات**

بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دەیەوێت کەسێك تەواو دژ و پێچەوانەی کەسایەتی دۆناڵد ترەمپ بێت لە پەیوەندی بە هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، لەبەر ئەوە بە بەردەوامی و بە پێداگرییەوە پشتیوانیی خۆی بۆ هاوپەیمانەکانی وڵاتەکەی دووپات کردووەتەوە، واتە ئەم بە چەشنی ترەمپ بە هاوپەیمانەکان نالێت ئێوە چیتان بۆ وڵاتەکەی من کردووە، تا منیش لە بەرامبەردا کارێکتان بۆ ئەنجام بدەمەوە، واتە بایدن هەر لە پێناوی هاوپەیمانێتیدا دەیەوێت پارێزگاری لە هاوپەیمانەکان بکات.


*** ئێوە لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئابوورییەوە توێژینەوەتان کردووە، ئایا چۆن لە پرسی بەکارهێنانی سزا و ڕێکارە ئابوورییەکان لە لایەن ئیدارەکانی ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە دەڕوانن، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە بەراوردێك لە نێوان ئیدارەی ئێستا بە ئیدارەی پێش خۆی بکەین؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی بایدنیش ئامادەییەکی زۆری تێدایە بۆ بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان، ئەمە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتووە و، بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان وەك ڕواڵەت و ڕەهەندێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ماوەتەوە، هەرچەندە لەم ڕووەوە گفتوگۆیەکی زۆر کرا لە بارەی ئەوەی کە ئیدارەی بایدن زۆرێك لەو سزا ئابوورییانە کەم دەکاتەوە کە ئیدارەی ترەمپ سەپاندبوونی، بەڵام ئەوەی بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە بایدن ئەم کارەی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جیاوازییەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی بایدن زۆر بانگەشەی گرنگیی پاراستن و درێژەپێدان و پەرەپێدانی دۆستایەتی دەکات، ئەوا جەختی لەسەر برەودان بە هاوکاریی ئابووری کردووەتەوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا لە چوارچێوەی ڕکابەری و ململانێکاندا لە دژی چین، واتە بایدن دەیەوێت لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و هاوپەیمانەکانی لە ئاسیا هاوکاریی ئابووری قووڵ بکاتەوە و پەرەی پێ بدات، لەم ڕووەوە کەمتر باسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان ئەمریکای لاتین دەکات.

*** هەر لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئایا پێت وایە تا چ ڕادەیەك ئیدارەی بایدن ئەم شێوازەی لەگەڵ ئێراندا بەکارهێناوە و تا چ ئاستێکیش سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەوەی لەم ئیدارەیە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دەیەوێت زیاتر ڕێچکەی گفتوگۆ بگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەموارکراو لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، هەرچەندە ڕەنگە لە ئێستادا کارێکی واقیعبینیانە نەبێت کە پێشبینی ڕوودان و بەدیهاتنی ئەمە بکەین، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دۆخەکە و هەلومەرجەکە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی کە ئێستا دەبینین گفتوگۆکاران دوچاری چ دژوارییەك دەبنەوە لە بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لەم پرسەدا، لە هەمان کاتدا ئەوە بەدی ناکرێت کە سزا ئابوورییە سەپێندراوەکان بەسەر ئێراندا، ئەو دەرئەنجام و ئاکامەیان لێ کەوتبێتەوە کە بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئومێدییان بۆ دەخواست و چاوەڕێیان دەکرد، ئەوەتا پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران بە ئاراستەیەکدا پەرە دەستێنێت کە پێچەوانەی ویست و خواستی ئەمریکییەکانە، هەروەها لە ئێستادا ئیدارەی بایدن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سزاکان ئەو کاتە هەڵدەگیرێن کە ڕێککەوتنێکی نوێ لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بێتەئاراوە، لە کاتێکدا ئێران پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت سەرەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکە و سزاکان هەڵبگرێت، دواتر باس و گفتوگۆ لەبارەی ڕێککەوتنێکی نوێوە بکرێت. کە ئاشکرایە سەرۆك جۆ بایدن ڕازی نابێت بەم هەڵوێستە گفتوگۆکارییەی ئێران، لە دەرئەنجامدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە گفتوگۆکان بە بنبەست گەیشتوون، سزا سەپێنراوەکانی سەر ئێرانیش هەر ماونەتەوە، بەڵام کاریگەر نین.

*** ئەگەر باس لە پەیوەندیی نێوان هێزە مەزنە جیهانییەکان بکەین، بەتایبەتی ئەمریکا و ڕووسیا و بە دیاریکراویش لەسەر کێشەی ئۆکرانیا، ئایا پێت وایە ئاراستەی پەرەسەندن و**



**پێشهاتەکان بەرەو کوێ دەچن، یان پێشبینیی هەڵکشانی زیاتری دۆخەکە، یانیش هێوربوونەوە دەکەیت؟**

- من نازانم، بەڵام پێم وایە نە ئەمریکا و نە ڕووسیا نایانەوێت بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان و شەڕ بڕوات، بەڵام پێشبینیکردنی داهاتوو کارێکی زەحمەتە، هەرچەندە من ئومێد دەکەم کە لە کۆتاییدا دەنگی عەقڵ و حیکمەت زاڵ بێت، چونکە شتێکی زۆر ناخۆش دەبێت کە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت کە بۆ ٤٤ ساڵ شەڕی سارد لە نێوانیاندا هەبوو، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆ ڕوو بدات- سەرەڕای ئەوەی چەندین جار دۆخە ئەمنییەکەش بەرەو هەڵکشان دەچوو- و ئێستا بێن و لەسەر ئۆکرانیا شەڕ لەگەڵ یەکتردا بکەن، لە کاتێکدا کە بە هەمان ئاست و ئەندازەی سەروەختی شەڕی سارد ڕکابەری و ململانێ لە نێوانیاندا نییە.

*** ئێوە لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتاندا باس لە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا دەکەن لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئێوە چۆن لەم کاریگەری و گۆڕانکارییە دەڕوانن؟**

- من پێم وایە گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆژییەکان کاریگەرییان لەسەر زۆر لایەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، وەك ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ، یان ئەگەری هاوکاریکردنی یەکتری لە ڕێی گەیشتن بە ڕێککەوتنەوە، کە هەموو ئەمانە دەکەونە ژێر بار و کاریگەریی تەکنەلۆژیاوە، هەروەها ئاراستەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێت وڵاتان شەڕی هێرشبردن ئەنجام بدەن، ڕەنگە ئەمە بۆ هەموو وڵاتێك و بۆ هەموو هەلومەرجێك ڕاست نەبێت، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکەین، ئەوا شەڕی هێرشبردن قورستر بووە، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پارەیەکی زیاتر خەرج دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە بارێکدا بمێنێتەوە کە توانای شەڕی هێرشبردنی هەبێت، کە ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەوە زیاتر زەحمەت دەبێت، بەڵام دەبێت بزانین ئەمریکا وڵاتێکی دەوڵەمەندە و ڕەنگە بتوانێت ئەم خەرجییە لە ئەستۆ بگرێت و، لە ڕاستیدا بەرپرسانی ئەمریکا پێیان وایە دەبێت ئەمریکا ئەم کارە بکات بۆ ئەوەی ئەم توانایەی هەبێت، هەرچەندە من خۆم لەگەڵ ئەمەدا هاوڕا نیم و پێم وانییە ئەمە شایستەی ئەوە بێت کە ئەو هەموو خەرجییەی بۆ تەرخان بکرێت، واتە من باوەڕم وایە کە ئێمە دەبێت ئامادەی شەڕی بەرگریکردن بین، نەك شەڕی هێرشبردن، چونکە بەم شێوەیە دەتوانین باشتر سەرچاوەکانمان بەکار بهێنین.

*** ئایا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبنەهۆی ئەوەی جیهان پتر سەلامەت بێت، یان دەبنەهۆی زیادبوونی مەترسییەکان و نەمانی ئاسایش؟**


- لە بنەڕەتدا خۆی دەبێت ببنە هۆی ئەوەی جیهانێکی ئارامتر بێتە ئاراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین، کە وڵاتانی جیهان بڕیار و بژاردەی خۆیان هەیە، چونکە ئەگەر پتر خۆیان پابەند بکەن بە شەڕی هێرشبردنەوە، ئەوا ئەمە مایەی تراژیدیا و کارەسات دەبێت، ئەگەر ئەم بژارەیە نەگرنەبەر، ئەوا دەکرێت ئایندەیەکی ئارامتر و ئاشتییانەتر باڵ بە سەر جیهاندا بکێشێت.

**ئەوە بەدی ناکرێت کە سزا ئابوورییە سەپێندراوەکان بەسەر ئێراندا، ئەو دەرئەنجام و ئاکامەیان لێ کەوتبێتەوە کە بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئومێدییان بۆ دەخواست**

**ئیدارەی بایدن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سزاکان ئەو کاتە هەڵدەگیرێن کە ڕێککەوتنێکی نوێ لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بێتەئاراوە**

**ئەمریکا پارەیەکی زیاتر خەرج دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە بارێکدا بمێنێتەوە کە توانای شەڕی هێرشبردنی هەبێت، کە ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەوە زیاتر زەحمەت دەبێت**

# دیمانەی تایبەت



مەنسوور موعەدەل پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی لە زانکۆی ماریلاند، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئایین، ئایدیۆلۆژیا، ناکۆکیی سیاسی، شۆڕش و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، تیرۆریزم و توندوتیژیی سیاسی، ئایین و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا. لە ئێستادا سەرقاڵی دیراسەتکردنی هۆکار و دەرئەنجامەکانی بەها مرۆییەکانە و لەم ڕووەوە چەندین ڕوومالّی ئەنجام داوە لە وڵاتانی میسر، ئێران، عێراق، ئەردەن، لوبنان، مەغریب، پاکستان، سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

مەنسوور موعەدەل
پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی لە زانکۆی ماریلاند بۆ گوڵان:

# گۆڕانکاریی بەرچاو لە تێڕوانین و بەهاکانی گەلان و کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان داوە

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە ئاست ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئاشکرایە هەرچەندە ئەمریکا بیەوێت خۆی لەم ناوچەیە بەدوور بگرێت، ئەوا ناتوانێت بە تەواوەتی پشتی تێ بکات و فەرامۆشی بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی تەواو ڕوونی نییە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا کە ڕەهەند و ڕواڵەتەکانی دیار بن، واتە پێناچێت سیاسەتێکی ڕوونی هەبێت کە پەیوەست بێت بە برەودان بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئایدیای دیموکراسی و پەرەپێدان بە سەروەریی یاساوە. هەروەها کشانەوە پڕ لە پشێوییەکەی لە ئەفغانستان مایەی کارەسات بوو، هەڵەیەکی جددی و مەترسیدار بوو، بەڵگەی ئەوە بوو کە سەرۆک جۆ بایدن ڕاسپاردەی ڕاوێژکارەکانی بە هەند وەرنەگرت و فەرامۆشی کردن. تەنانەت گوێی بە ڕاسپاردە و ڕاوێژی هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپاش نەدا، بە تایبەتی بەریتانیا کە دژی ئەم کشانەوە خێرایە بوو.

*** بەڵام لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە ئەم ئیدارەیە چەند بڕیار و هەڵوێستێکی گرتەبەر کە وا دەردەکەوێت بە تەواوەتی دژ و پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئیدارەی پێش خۆی بێت کە بە سەرۆکایەتی ترەمپ بوو. بۆ نموونە دووبارە و دەستبەجێ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران، هەروەها دەرهێنانی حوسییەکان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، لەم ڕووەوە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی

**ئەمریکا پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتدارانی تاران و گەلەکەی و مامەڵە و سیاسەتی حکومەتی ئێرانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دەوروبەردا نادیدە گرتووە**

ئەم ئیدارەیەوە لە ئاست حوسییەکاندا، ئەوا سیاسەتێك، یان هەڵوێستێکی دژبەیەکی گرتەبەر لەم ڕووەوە، ئەوە بوو لە سەرەتادا ئەم بزووتنەوەیەی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەرهێنا، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە هێرشیان کردە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئێستاش پێدەچێت ئەمریکا لە سەروبەندی ئەوەدا بێت، هەڵوێستی خۆی لە ئاستیاندا بگۆڕێت. لە پەیوەندی بە سیاسەت و مامەڵەی ئیدارەی سەرۆك بایدن لەگەڵ ئێران و بە دیاریکراوی پرۆگرامە ناوکییەکەی ئەم وڵاتە- کە ئیدارەی



پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لێی کشایەوە-، ئەوا بە تێڕوانینی من مامەڵەیەکی واقیعبینانە نییە و لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە واقیعی دەسەڵات و حوکمڕانیی تاران بنیات نەنراوە، هەروەها ئەوەی جێی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتدارانی تاران و گەلەکەی و مامەڵە و سیاسەتی حکومەتی ئێرانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دەوروبەردا نادیدە گرتووە، هەموو ئەمانە لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تەکنیکی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. ئەگەر پوختی بکەمەوە ئەوا سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك بایدن لە ئاست ئێراندا لە باشترین حاڵەتدا ساویلکانەیە و لە خراپترین حاڵەتیشدا نابەرپرسیارانەیە.

*** باشە بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە ئەم جۆرە سیاسەت و ڕێچکەیەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چ دەرئەنجام و ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە، یان با بڵێین تێکڕای ناوچەکە بەرەو چ ئاقار و چارەنووسێك دەبات؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی ئایا پەرەسەندن و پێشهاتەکان بە چ ئاقار و ئاڕاستەیەکدا دەڕۆن لە چەند مانگ یان ساڵی داهاتوودا، ئەوا من پێم وایە ئێران بەردەوام دەبێت لە برەودان و پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکەدا، ئەمەش کاردانەوە و پەرچەکرداری زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە ڕووی پتەوکردنی هاوپەیمانێتی نێوان وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیلەوە. بەڵام ئەگەر باسی داهاتووی تێکڕای ناوچەکە بە گشتی بکەین، ئەوا ئەگەر ئیدارەی سەرۆك بایدن ڕێچکە و ڕێگاچارەیەکی گشتگیرتر و واقیعبینانەتر بگرێتەبەر، ئەوا ڕەنگە هەلومەرجی ناوچەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا بڕوات.

*** لە ناو ئەو هەموو کێشە و تەنگژانەی ناوچەکەدا چ شتێك زیاتر ئێوەی نیگەران کردووە، کە پێتان وایە پێویستە ئاوڕی جددی و بەپەلەی لێ بدرێتەوە و بکرێتە ئەولەوییەت؟**

- دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بکەین، بە

هەمان شێوە بوونی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە لایەنگری و وەلائیان بۆ ئێران هەیە، هەر لە حوسییەکانەوە لە یەمەن، تاوەکو هەندێ لە گرووپەکانی نزیك لە ئێران لە عێراق، تاوەکو حزبولڵا لە لوبنان.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسی ئەوتان کرد لەگەڵ بەرفراوانبوون و گەورەبوونی دەسترۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەوا وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیلیش زیاتر لە یەکتری نزیك دەبنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن لەم ڕێککەوتن و ئاساییبونەوەی پەیوەندییانە دەڕوانن و پێتان وایە دەکرێت لە ماوەی دووردا خزمەت بە ئاشتی و سەقامگیری لە تەواوی ناوچەکەدا بکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە کێشەیان هەیە لەگەڵ میللەتەکانی خۆیاندا، ئەوەتا وڵاتی عەرەبستانی سعودیە کێشەی هەیە لەگەڵ گەلی سعودیەدا، بە هەمان شێوە لە میسر بزووتنەوەی بە دیموکراتیکردن لەو وڵاتەدا سەرکەوتوو نەبوو، لە دەرئەنجامدا دەسەڵات و حوکمڕانییەکی سەربازی جڵەوەکەی گرتەوەدەست، لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا کێشەی پەیوەست بە سەقامگیرییەوە هەیە. واتە هەموو ئەم وڵاتانە کێشەی خۆیان هەیە و سەرقاڵن بە تەنگژە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیانەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە حکومەت و گەلانی ئەم ناوچەیە چیتر توانا و خواستی ئەوەیان نەماوە بایەخ و گرنگی بە کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل بدەین. ئەوە بوو لە دەرئەنجامدا بینیمان ئەم ڕێککەوتنانەی ئاشتی و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییانە هاتنەئاراوە. دواتر من پێم وایە ئەگەر حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین و لەو شوێنانە کە لە ژێر دەسەڵاتیاندایە و کۆنترۆڵیان کردووە، پەنایان نەبردایەتەبەر گرتنەبەری توندوتیژیی سیاسی و ڕێچکە و ڕێبازێکی میانڕەوتر و ئاشتیخوازانەیان بگرتایەتەبەر، ئەوا بۆی هەبوو بەشێکی زۆری ڕای گشتی ئیسرائیل پشتیوان و هاوسۆزییان بۆ ئەم ڕێکخراوانە بۆ دروست بووایە، کەواتە شێوازی سیاسەتکردن و هەڵوێستوەرگرتن و هەڵسوکەوتکردنی حەماس و جیهادی ئیسلامی لە چەند ساڵی ڕابردودا بوونە هۆی ئەوەی کە باڵی ڕاستڕەوی توندڕەو لە ئیسرائیلدا جڵەوی دەسەڵات بگرنەدەست.

*** ئێوە وەك کەسێکی کۆمەڵناس و شارەزای بەها و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، چ گۆڕانکاری و پەرەسەندنێك لە بەها و تێڕوانینی کۆمەڵگە و گەلانی ئەم ناوچەیەدا ڕووی داوە کە بکرێت وەك خاڵێکی وەرچەرخانی ئەرێنی لێی بڕوانرێت و لێك بدرێتەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی ئەم ناوچەیە بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاو هەڵبگرێت؟**

- لە ڕاستیدا و لە ڕوانگەی ئەوەی پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەوا ئومێدی من ئەوەیە کە تێکڕای حکومەت و گەلانی ناوچەکە بەرەو گرتنەبەری سیاسەتێکی عەلمانی و لیبراڵی و دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرن کە ئەمەش ڕووی داوە و بەدی کراوە، کە ئێمە لە عێراق و میسر و تونسدا گۆڕانکاریمان لە بەهاکانی گەلان و کۆمەڵگەکاندا بەدی کردووە بە ئاراستەی لێبوردەیی ئایینی، جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت و پێکهێنانی حکومەتێك لە سەر شێواز و مۆدێلی ڕۆژئاوایی. کەواتە ئایدیۆلۆژیای توندڕەو و ئوسوولگەرایی بەرەو داکشان و پاشەکشە چووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕێکخراو لە ئارادا ماون کە پشتیوانی لە بیروباوەڕە توندڕەوەکان و گوتاری ئوسوولگەرایی دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی و بە تێڕوانینی من پێم وایە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە گەلانی ئەم ناوچەیە پتر بەرەو گرتنەبەری ڕێچکەیەکی میانڕەو و پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەنگاو بنێن.

*** ئەی پێت وا نییە بوونی هەندێ لە گرووپە توندڕەو و توندوتیژەکان کێشە و ئاستەنگ دروست بکەن بۆ ئەو پێکەوە ژیان و ڕێچکە میانڕەوەی ئێوە ئاماژەیان پێ دەکەن؟**

- من پێم وایە لە ئێستادا هەندێ لە گرووپە توندڕەوەکان و بگرە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە لە نائومێدییەوە ڕەفتار دەکەن، ئەویش لەبەر ئەوەی چیتر پشتیوانی و هاوسۆزیی گەل و جەماوەرەکەیان لەگەڵدا نییە، بۆ نموونە چەند ساڵێك پێش ئێستا حزبولڵا پشتیوانی و هاوسۆزییەکی زۆری هەبوو لە نێو گەلانی ناوچەکەدا، بەڵام ئێستا ئەمە حاڵەتەکە نییە.

**ئێران بەردەوام دەبێت لە برەودان و پەرەپێدانی دەسترۆیشتوویی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکەدا، ئەمەش کاردانەوە و پەرچەکرداری زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**ئەگەر حەماس و جیهادی ئیسلامی ڕێچکە و ڕێبازێکی میانڕەوتر و ئاشتیخوازانەیان بگرتایەتەبەر، ئەوا بۆی هەبوو بەشێکی زۆری ڕای گشتی ئیسرائیل پشتیوان و هاوسۆزییان بۆ ئەم ڕێکخراوانە بووایە**

**ئایدیۆلۆژیای توندڕەو و ئوسوولگەرایی بەرەو داکشان و پاشەکشە چووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕێکخراو لە ئارادا ماون کە پشتیوانی لە بیروباوەڕە توندڕەوەکان و گوتاری ئوسوولگەرایی دەکەن**

# سیحر و جادوو و دەرهاوێشتە خراپەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا

سیحر بریتییە لە کۆمەڵێك وشە و کرداری ساحیران کە ئەنجامی دەدەن، یان دەیخوێنن، یان دەینووسن، هەندێ جار بە هۆیەوە کاریگەری دەبێت لەسەر دڵ و دەروونی سیحرلێکراوەکە. سیحر و جادوو مێژوویەکی دێرینی هەیە، خوای گەور لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کردووە و دەفەرموێت: : ( كَذَلِكَ مَا أَتَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا قَالُوا سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ) الذاريات:٥٢. واتە هەر پێغەمبەرێك هاتبێت پێیان گوتووە تۆ ساحیر و جادووگەری، واتە بە پێغەمبەر نوح و تەواوی پێغەمبەرانیان گوتووە سەلامی خوایان لە سەر بێت، کەواتە مێژوویەکی زۆر لە مێژینەی هەیە، زۆرێك لەو گەلانەش کە ناویان هاتووە لە قورئاندا کە سیحر تێیدا باو بووە وەك بابلییەکان و سەردەمی فیرعەونەکان. لە چەندین ئایەتی دیکەشدا خوای گەورە باسی سیحر و جادوو دەکات، لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش بە هەمان شێوە.

### • سیحر و جادوو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا

جادوو و سیحر لە زەمانی زووەوە تا ئەمڕۆش ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە لە ناو هەموو گەلانی دونیاشدا بوونی هەیە، خەڵکانیك ڕووی تێدەکەن و بۆ کۆمەڵێك مەبەست و ئامانج وەك بەدیهاتنی ئاوات و کردنەوەی بەخت و، چارەسەری نەخۆشی، یان بۆ زیادکردنی ڕزق و ڕۆزی، یان دیاریکردنی چارەنووسیان.


### • حەقیقەت و کاریگەریی سیحر

بێگومان سیحر و جادوو کاریگەریی نەرێنییان هەیە لەسەر لاشەی مرۆڤ و تووشی چەندین نەخۆشییان دەکات. زۆر شت ئێمە بە چاوی خۆمان دەیبینین، کاریگەربوونی سیحر لە قورئانیشدا ئاماژەی پێ کراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وزَوْجِهِ) البقرة: ١٠٢. واتە جوولەکەکان فێری جادووی وا دەبوون، کە ژن و مێردی پێ لە یەکتر جیا بکەنەوە. ئەمە گەورەترین جۆری سیحرە کە ژن و مێرد لێکتر جیا بکاتەوە و لەبەر چاوی یەکیان ناشیرین بکات. کاتێك خوای گەورە بە پێغەمبەر مووسا دەفەرموێت: (قُلْنَا لا تَخَفْ إِنَّكَ أَنْتَ الأَعْلَى ) سورة طه ٦٨زانایان دەفەرموون ئەمەش بەڵگەیە لە سەر کاریگەری سیحر، ئەگەر نا خوا نافەرمووێت مەترسە. لە ئایەتێکی تر خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ( وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ) سورة الفلق ٤: خوای گەورە ئامۆژگاریمان دەکات بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لە شەڕی ئەو ساحیرانەی کە سیحر دەکەن و فوو لە گرێکان دەکەن، ئەمەش یەکێکە لە جۆرەکانی سیحر کە ساحیران پەیڕەوی دەکەن، ئەم ئایەتانە ئاماژەی دیارن کە سیحر بوونی هەیە، کاریگەری دروست دەکات و ناشکرێت نکۆڵی لێ بکرێت.

لە فەرموودەی سەحیحی (بوخاری و موسلیم) دا هاتووە کە خاتوو عائیشەی دایکی ئیمانداران بۆمان دەگێڕێتەوە کابرایەکی جوولەکە بە ناوی (لەبیدی کوڕی ئەعسەم) سیحری لە مووی پرچی پێغەمبەر کردبوو، بە هۆی ئەم سیحرەوە کاریگەری هەبوو لە سەر لاشەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم)، وا هەستی دەکرد شتێکی ئەنجام داوە، کەچی هیچی نەکردبوو، بەڵام نەخۆشی کردبوو، پاشان خوای پەروەردگار یارمەتی دا و لە ڕێگای

**بێگومان سیحر و جادوو کاریگەریی نەرێنییان هەیە لە سەر لاشەی مرۆڤ و تووشی چەندین نەخۆشییان دەکات**

**ئەو کاتەی کە خۆم لە لیژنەی ئاشتەوایی بووم. کەیسەک هاتە لامان کە پیاوەکە و خێزانی کێشەیان هەبوو، یەکێک لەو شتانەی کە پیاوەکە باسی کرد، گوتی: خێزانی من سەردانی ساحیران دەکات و یەک نووشتەی بە هەشت هەزار دۆلار کردبوو**



سەید ئەکرەم کەپرانی
پێشنوێژ و وتارخوێن لە شاری هەولێر

فریشتەکانەوە شوێنەکەی پێ نیشان دا و کە لە ناو بیری (زەروان) بوو، شوێنی سیحرەکەی بۆ ئاشکرا کرد و بەتاڵ کرایەوە.

چەندین ئایەت و فەرموودەی دیکە هەن کە باس لە حەقیقەتی سیحر و جادوو دەکەن، هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن کە سیحر و جادوو نووشتە هەن و کاریگەری دروست دەکات لە سەر بیر و هۆشی مرۆڤەکان. هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانە بە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێن کە سیحر و جادوو حەقیقەتی هەیە، ئەمە جگە لەوەی لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا باس کراوە، لە واقیعیشدا سەلمێندراوە کە چەندە کاریگەری لە سەر ئینسان دروست دەکات، هەر لەبەر ئەمەشە ساحیرەکان بە بەردەوامی بازاڕیان گەرمە و خەڵك بە شەپۆل ڕوویان تێ دەکەن، پارەی زۆریشیان لێ وەردەگرن، بۆ نموونە یەك نووشتە بە (هەزار دۆلار) کرابوو، ئەو کاتەی کە خۆم لە لێژنەی ئاشتەوایی بووم. کەیسەك هاتە لامان کە پیاوەکە و خێزانی کێشەیان هەبوو، یەکێك لەو شتانەی کە پیاوەکە باسی کرد، گوتی: خێزانی من سەردانی ساحیران دەکات و یەك نووشتەی بە (هەشت هەزار دۆلار کردبوو، واتە هەشتا وەرەقە، پاشان کابرا چووبووە لای ساحیرەکە و هەندێك پارەی لێ وەرگرتبووەوە.

- **حوکم و تاوانی ساحیر لە دیدی شەریعەتی ئیسلام**

سیحر و جادوو یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان کە بە حەوت گوناهە گەورەکان ناسراوە، کە پێغەمبەر دەفەرموێت: (اجتنبوا السبع المُوبِقَات: الشركُ باللـه..... السحر) هەندێك لە زانایان سیحریان بە کوفر زانیوە، ساحیریش بە کافر دەزانن، حوکمی شەرعی لە پاش دڵنیابوون لە سیحری ساحیران بە بەڵگە ئەو کەسە دەکوژرێت، بەڵگەشیان بۆ ئەم قسەیە ئەم ئایەتەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرموویت ( وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ) سورة البقرة ١٠٢. واتە دوو فریشتەی خودا کە ناویان هاروت و ماروت بووە، لە بابل خەڵکیان فێرە سیحر نەدەکرد، تاوەکو پێیان نەگوتبان ئێمە تاقیکردنەوەین بۆ ئێوە، کەواتە خۆتان کافر مەکەن بە سیحر و جادوو.

- **حوکمی ئەو کەسانەی سەردانی ساحیر دەکەن**

ئەو کەسانەی سەردانی ساحیر دەکەن، جگە لەوەی تاوانێکی گەورەیە پێویستە بزانن ئەوە بەرەو بێباوەڕی و بێ ئیمانییان دەبات، ئینسان لە دین و ئیمان دەردەچێت و بەرەو کوفر هەنگاو دەنێت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (مَنْ أَتى عَرَّافا أو كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يقول فَقَدْ كفرَ بِمَا أُنْزِل عَلي مُحَمَّدٍ) واتە هەر کەسێك بچێتە لای ساحیر و باوەڕیشی پێ بکات، ئەوە لە دینی ئیسلام دەردەچێت. تەنانەت ئەگەر کەسێك تەنیا بۆ پرسیاریش بچێتە لای ساحیر و بە بێ ئەوەی باوەڕیشی پێ بکات، بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ تاعەت و عیبادەتی قەبووڵ نابێت (مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيئ لمْ تُقْبَل لَهُ صَلاة أَرْبَعِينَ ليْلَةً) .

لە واقیعدا بەداخەوە خەڵکانێك سەردانی ئەو ساحیر و فاڵ و قاوەگرەوانە دەکەن، باوەڕیشیان پێ دەکەن و ڕێنماییەکانیش وەکو خۆی جێبەجێ دەکەن.

**سیحر و جادوو یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان کە بە حەوت گوناهە گەورەکان ناسراوە، کە پێغەمبەر دەفەرموێت: (اجتنبوا السبع الموبقات الشرك بالله ... السحر)**

**ئەو کەسانەی سەردانی ساحیر دەکەن، جگە لەوەی تاوانێکی گەورەیە پێویستە بزانن ئەوە بەرەو بێباوەڕی و بێ ئیمانییان دەبات**



# داوا دەکرێت ئەنجامدەرانی سیحر و جادوو ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە

**بەپێی بەدواداچوونەکان دیاردەی سیحر و جادوو لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوونە و ئەوەش بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان و کاڵبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکرێت. ئافرەتێك کە خۆی بە قوربانیی دەستی ساحیر و نووشتەنووسەکان دەزانێت، داوا لە حکومەت دەکات کە ئەو کەسانە لە کۆمەڵگە دوور بخرێنەوە و سزای توند بدرێن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان باس لە دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەو دیاردەیە دەکەن و خوازیارن بۆ بنبڕکردنی ڕێگەچارەی یاسایی و بەپەلە بگیرێتەبەر.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«کاتێك ڕەفتاری هاوسەرەکەم لەگەڵم گۆڕا و خیانەتی لە من کرد و لەگەڵ ژنانی ناو فەیسبووك پەیوەندی دروست کرد، دونیا لەبەر چاوم ڕەش بوو، بۆ چارەسەرکردن قسەم لەگەڵ دەستەخوشکێکم کرد، دوای ڕاوێژکردن منی بردە لای شێخێك بۆ ئەوەی دوعای خێرم بۆ بکات، بەڵام خۆزگە هاوسەرم سەد ئەوەندە خیانەتی بکردبایە، بەڵام نەڕۆیشتبام بۆ لای ئەو بەناو شێخە.» ئەوە قسەی (ت.. مەجید) بوو، کە ناوی تەواوی لای گوڵان پارێزراوە. ئەو ئافرەتێکی تەمەن ٣٢ ساڵە و وەك خۆی باسی کرد، دایکی چوار منداڵە و لە درێژەی قسەکانیشدا گوتی: «من خۆم قوربانی بووم، مێردەکەم خیانەتی لێ دەکردم، پەنام بۆ نووشتەنووسێك برد، ئەویش دەیویست ئیستیغلالم بکات و جارێکی دیکەش بمکاتەوە بە قوربانی، ئەو پێی گوتم، جنۆکە چووەتە گیانتەوە، بۆیە هاوسەرت لێت دوورکەوتووەتەوە، داوای کرد لەگەڵی بنووم، بۆ ئەوەی جنۆکەکە لە لەشم دەربکات، بەڵام پەنام بۆ ڕەحمی خوا برد و گوتم: تۆ شێخ و مەلا نیت، کەسێکی بێ ڕەوشتی، بەپەلە و بە سەلامەتی لە ماڵەکەی دەرچووم.» گوتیشی: «لێرەوە داواکارم حکومەت ئەو نووشتەنووس و جادووگەرانە دەستگیر بکات و ڕووبەڕووی یاسایان بکاتەوە، چونکە ئەوانە لە جیاتی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە پەنای دین فەساد بڵاو دەکەنەوە».

لە فتوایەکی نوێی لیژنەی فەتوا لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە:

«بەدکاری، دەستگرتنەوە و قاوەگرتنەوە و سیحر و جادوو و هاوشێوەکانیان تێکڕایان حەرامە و لە گوناهە گەورەکانن و نزیکیش دەبنەوە لە کوفر و بێ باوەڕییەوە، ئەو پارەیەش کە بەو چەشنە دەست دەکەوێت، حەرامە و (اختلاسی)ماڵی خەڵکە، پێویستیشە لە سەر ئەوانە کە ئەنجامیان داوە تەوبەی لە سەر بکەن و چیتر توخنی نەکەونەوە، واجبی کاربەدەستانیشە ئەنجامدەرانی ئەو بەدکارییانە دەستگیر بکەن و بیاندەنە دەست دادگا بۆ ئەوەی سزای ڕەوایان بدرێت و تەعزیر و تەمێ بکرێن.»

لەلای خۆیەوە وەیسی سەعید وەیسی بڕیاردەری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان، بە گوڵانی ڕاگەیاند: «سیحر و جادوو بوونەتە دیاردەیەکی مەترسیدار و ڕاستەوخۆ هۆکارێکی تێکدانی شیرازەی خێزانەکانە و بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە، داواکاریمان ئاراستەی سێ وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، چونکە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی سیحر و جادوو لە کاتی بوونی کێشە و گرفت یەکێکە

**مێردەکەم خیانەتی لێ دەکردم، پەنام بۆ نووشتەنووسێک برد، ئەویش دەیویست ئیستیغلالم بکات و جارێکی دیکە بمکاتەوە بە قوربانی**



لە دیاردە مەترسیدارەکانی نێو کۆمەڵگە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تێکچوونی شیرازەی خێزان هەیە، بۆیە ئێمە داوامان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کردووە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ بکات، ڕێکاری یاسایی توند بگرێتەبەر و داوامان لە وەزارەتی ئەوقافیش کردووە لە مزگەوتەکانەوە هۆشیاریی زیاتری ئایینی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردنی میدیا بۆ ئەوەی لایەنە خراپەکانی ئەو دیاردەیە ڕوونتر بکرێنەوە و ئەو کەسانەی کاری سیحر و جادوو دەکەن لە کەناڵەکانەوە نیشان نەدرێن.».

هاوکات لە ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: «بە نوسراوی ژمارە (١٧٠) لە ڕێکەوتی ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٢١، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە، هەڵمەتێکی چڕ و ورد دەست پێ بکەن بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی دیاردەی نووشتە و سیحر و جادوو و دەرکردنی جن لەلایەن هەندێك کەسی بەرژەوەندیخوازەوە و سەرپێچیکارانیش ڕووربەرووی یاسا بکرێنەوە».

سەبارەت بە هەمان پرس ئیبراهیم حاجی زەڵمی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی، دیاردەی جادوو و نووشتەکردن، بە دیاردەیەکی دێرینی نێو کۆمەڵگەکان ناو دەبات و ڕای وایە پرسێکە پەیوەستە بە پاشخانێکی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەوە، گوتیشی: «هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەر لە خۆیەوە نە دروست دەبێت، نە توانای مانەوەی لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە و هێزی گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دواتری دەمێنێ. بۆیە ئەم بابەتە لە ڕاستیدا ئەگەر کونج و قوژبنێکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ مانی و پیادەکردنی نەدۆزێتەوە، یان جێگیری و باوەڕبوونێکی سایکۆلۆژی لە پشتیەوە ئامادە نەبێت، تا لە نێو هوشیاریی تاکەکاندا بمێنێتەوە و دواجار هەندێ لە تاکەکان دەستی بۆ بەرن، ئەوا ناتوانێت بمێنێتەوە، نەك گەشە بکات و یار و یاوەر و بەدواداچووی هەبێت. لێرەوە کوردەواریی ئێمە وەك پاشخانە بیروباوەڕی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکەی، بۆشاییەکی وەهای تیایە، کە تا ئەمڕۆ دەست بۆ ئەم بابەتە ببات، چ وەك بکەر و ئەنجامدەری کارەکە، چ وەك بەرکار و بەکاربەری».

ئەو کۆمەڵناسە جەختی لەوە کردەوە کە ئەو دیاردەیە هەر جۆر و شێوازێکە، بێگومان هونەر و تەڕدەستی و ئەزموون و توانای مەعریفی و پێویستی گەرەکە بۆ بکەرەکەی.» گوتیشی:» ئەو پرسیارەی لە من کراوە، زیاتر لە سەر بەشی دووەمە، واتە بەرکار و قوربانیانی ئەم کردەیە، کە ئایا بۆچی بەدەمەوەچوونیان بۆ ئەم بابەتە هەیە؟ بۆچی ئامادەن مامەڵە بە وەهمەوە بکەن و پارە و ماڵی خۆیان لە پێناو وەهمدا بدەن و ببنە کڕیاری نەبینراو؟ بە ڕای من ئەوەی مرۆڤ بەرەو شتی وەهمی و سەرهەڵگرتن بۆ نێو جیهانی خۆزگە و ئاواتی نەهاتووەدی دەبات، کوێربوونەوەی ڕێگا هەستەکیەکانی گوزەران و ژیان و پڕکردنەوەی پێداویستی و حەزەکانە لەو ژینگەیەی تیایدا دەژی.

**داواکارم حکومەت ئەو نووشتەنووس و جادووگەرانە دەستگیر بکات و ڕووبەڕووی یاسایان بکاتەوە، چونکە ئەوانە لە جیاتی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە پەنای دین فەساد بڵاو دەکەنەوە**

# دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و زانکۆکان بە پێویست دەزاندرێت

لە پێناو دەستەبەری زیاتری مافەکانی ئافرەت و سەرخستنی پرسە هەنووکەییەکانیان لە تێکڕای کایەکان، دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ناوەندە مەعریفییەکان بە تایبەت هەر دوو بەشی کۆمەڵناسی و دەروونناسیی زانکۆکان بە پێویست دەزاندرێت، مامۆستایەکی زانکۆش ڕایوایە پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و ناوەندە زانستییەکان بە گشتی و زانکۆکان بە تایبەتی پەیوەندییەکی ژیارییە و پێویستە و بە سوود و قازانجی کۆمەڵگە تەواو دەبێت.
بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی بابەتییانەی پرسەکە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا د. نادیە تەلعەت مامۆستای زانکۆ لە کۆلیژی یاسا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «خێزان بە یەکەم قوتابخانەی پەروەردە و پێگەیاندنی تاك دادەندرێت و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بیر و هۆش و هزر و ئایدیای تاکەکان دەبێت، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت زانکۆ بە دووەم قوتابخانە دابنرێت کە کاریگەریی زۆری لەسەر بە کۆمەڵایەتی بوونی قوتابیان دەبێت، بە شێوازێك بە ناوەندێکی ڕۆشنبیری فێرکاریی خێرا دادەندرێت، کە کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دروستبوونی کەسایەتیی خودی قوتابییانی زانکۆ دەبێت.» هاوکات دەڵێت: «بە بڕوای من وەك مامۆستایەکی زانکۆ و نزیك لە قوتابییان هەست بە بوونی بۆشاییەکی گەورە دەکەم لە نێوان قوتابیان (بە تایبەتی قوتابیی کچ لە زانکۆ) و ئەو ڕێکخراوانەی کە کار بۆ بەدەستهێنانی مافی ئافرەتان دەکەن، دەکرێ کار بکەن بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خۆیاندا و زانکۆ لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە مامۆستایانی زانکۆ و نووسین و ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گێڕانی پانێڵی تایبەت، تاوەکو ئەو پردە ببێتە مینبەرێك بۆ سوودوەرگرتن لە بیروبۆچوونی یەکتر و کار لەسەر ئامادە کردنی کەسایەتیی بەهێزی قوتابیان بکرێت، هەروەها ڕێکخراوەکانیش لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و دەستەبەری مافەکانی کچان و ژنان سوودمەند دەبن، کەواتە دەبێت هەماهەنگی و پەیوەندیی پتەو دروست بکرێت ».

هەر لەم بارەیەوە د. چەواس حەسەن هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسای گشتی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان دامەزراون و کار و چالاکی دەکەن، مەبەستیانە بە تەنگ داوا و مافەکانی ئافرەتانەوە بێن لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئافرەتاندا، لەو میانەشدا پێویستیان بە هەماهەنگی و پەیوەندی دەبێت لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسی و حکومی، لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ناوەندە زانستیەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەش. زانکۆش وەك ناوەندێکی

زانستی گەلێك گرنگە بۆ ئەو ڕێکخراوانە لەسەر چەند ئاستێك: یەکەم، لەسەر ئاستی ئەوەی کە خودی زانکۆ ناوەندی بەرهەمهێنانی زانست و مەعریفەیە، چالاکی و توێژینەوە و بۆچوونەکانی زانکۆکانیش لەگشت بوارەکانی ژیاندا کاریگەرییان لەسەر ساغکردنەوە و دیاریکردنی چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ هەیە، بە مانای ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە دەتوانین پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ دیاری بکەین. سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان کاتێك تیشك دەخەنە سەر کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئافرەتانەوە، بێگومان دەتوانن ڕێکاری ورد و زانستییانەی بەسوود بۆ چارەسەرکردنیان بدۆزنەوە و پێشنیار و بڵاو بکەنەوە، لەوەشەوە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان بەرچاویان ڕۆشن دەبێت و دەتوانن پلانی ورد و بەسوود دابنێن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوانەدا، یان کاتێك زانستی یاسا بەرچاوڕوونییەکی تەواو دەدات بەو ڕێکخراوانە بۆ چۆنیەتی ساغکردنەوەی ئەو مافانە و دەقنووسکردنیان لە یاساکاندا و چۆنیەتی گەرەنتیکردنیان بە یاسا و ڕێساکان لە هەر کەمکردنەوە و پێشێلکارییەك. لەسەر ئاستی دووەم، زانکۆ شوێنێکە، سەکۆیەکە بۆ سازدانی گفتوگۆی گشتی لەنێو کۆمەڵگەدا لەبارەی پرسە هەنوکەیی و گرنگەکان، مامۆستایان و قوتابیان و هزرمەندان لە ڕێگەی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و وۆرك شۆپ و کۆنفرانسەکانەوە گفتوگۆ ساز دەدەن، کە لە کۆتاییدا مەعریفە بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە ڕێنیشاندەری ناوەندەکانی بڕیاردان و ڕای گشتیی کۆمەڵگە لە بارەی ئەوەی چۆن بڕوانینە کێشە و ئارێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە، چۆن بڕوانینە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا، چۆن باڵانس لە نێوان مافە جیاجیاکاندا وەربگرین، چۆن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکەین. لەسەر ئاستی سێیەم، خودی زانکۆش پێویستی بەوە هەیە لە کەناڵی تایبەت و ناو کۆمەڵگەوە کێشە و گرفت و بابەتەکانی کە پێویستیان بە توێژینەوەی زانستی هەیە، بۆی دیاری بکرێت، چونکە خودی زانکۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لاواز و کەمە، بەڵکو ئەوە ناوەندەکانی بڕیاردان و حکومەت و حزب و ڕێکخراوەکانن کە ڕۆژانە بەرکەوتەیان لەگەڵ چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە و دەزانن کێشە و گرفت و داواکارییەکان چین. بۆیە پرسیار ئەوەیە: دەبێت بیر لە چی بکەینەوە و چی چارەسەر بکەین؟ لێرەشدا ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن بۆ دیاریکردنی پێداویستی و کێشەکانی تایبەت بە ئافرەتان و خستنەڕوویان بۆ ناوەندەکانی بڕیاردانی دەوڵەت و ناوەندە زانستییەکانیش لە نێویاندا زانکۆکان. هەموو ئەمانە بە یەکەوە وا دەکات و دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و لەگەڵ ناوەندە زانستییەکان بە گشتی و زانکۆکان بە تایبەتی پەیوەندییەکی ژیاریە و پێویستە و بەسوود و قازانجی کۆمەڵگ تەواو دەبێت».



ئایا دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی زانکۆ بە تایبەتی بە شی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تا چەند گرنگ و پێویستە؟

چیمەن فەیزوڵا سەرۆکی ڕێکخراوی ئەفرا بۆ هاوکاری و پەرەپێدانی مرۆیی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: «تەواوی کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وەکو گەشەساندن و پەرەپێدان، گەیاندنی هۆشیاریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پێویستی بە کۆمەڵێك زانیاریی زانستی هەیە، چ لە بواری کۆمەڵناسی، چ لە بواری دەروونناسی و گشت زانستەکانی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پردی نێوان کۆمەڵگە و ژنانن، بۆیە بۆ دڵنیابوونەوە لە سەرچاوەی زانیارییەکان، کە ئایا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە، یا نە؟ دەبێت لە جۆری زانیاری، ئەو کەسەی زانیارییەکەی بڵاو کردووەتەوە و ئەو شوێنە کە زانیارییەکەی لێ بڵاو کراوەتەوە، دڵنیا بین، دەنا نادڵنیایی لە نێوان ڕاستی و ناڕاستیی زانیارییەکان دەتوانێ ببێتە هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەندێك زانیاری کە کاردانەوەی ئەو زانیارییانە لە سەر کۆمەڵگە نادیار دەبێت و نازانرێت کە ئایا لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی ئەو زانیارییانە چی دەبێت؟ هەر بەو هۆکارە دروستکردنی پردێك لە نێوان زانکۆکان و ڕێکخراوەکان وەکو سەرچاوەیەکی زانستی و باوەڕپێکراو بۆ ڕێکخراوەکان بە پێویست دەزانرێت، چونکە دڵنیایی لە دروستبوونی زانیارییەکانی زانکۆکان تا ڕاددەیەکی زۆر پشتڕاست دەکرێتەوە و تەواوکەری پرۆسەی هۆشیاریی ژنان و کچانە لە بوارە جیاجیاکاکان.» گوتیشی: «لایەنێکی ئەرێنیی دیکەی ئەو پەیوەندییە سوودوەرگرتنی زانکۆکانی زانستە مرۆییەکانی وەکو دەروونناسی و کۆمەڵناسییە لە زانیارییەکانی کۆمەڵەی ڕێکخراوەکانی ژنان، وەکوو سەرچاوەی سەرەکی لە بابەت و نووسینەکانیان، چونکە ڕێکخراوەکان زۆرتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگە پەیوەندییان هەیە و نزیکترن لە سەرچاوەی سەرەکیی نووسینەکانی زانستی لە زانکۆکان، کە مرۆڤە، هەر بۆیە ڕێکخراوەکان بە شێوەی کەتبی و شەفاهی دەکرێت سەرچاوەی باش بن بۆ زانکۆکان لە بوارە جیاجیاکان.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕێکخراوەکانی ژنان و زانکۆکان هەر دووکیان تەواوکەری یەکترن بۆ ئاگاکردنەوەی کچان و ژنان و پەرەپێدان بە تواناکانیان لە ناو کۆمەڵگە، هەروەها هێنانی ژنان بۆ ناو کۆمەڵگە و دروستکردنی ژنانی سەرکردە، ناشتوانین بڵێین ڕۆڵی کامیان لە سەرووی ئەوی دیکەیە .

**دەتوانرێت زانکۆ بە دووەم قوتابخانە دابنرێت کە کاریگەریی زۆری لەسەر بە کۆمەڵایەتی بوونی قوتابیان دەبێت**

**وەک مامۆستایەکی زانکۆ و نزیک لە قوتابییان هەست بە بوونی بۆشاییەکی گەورە دەکەم لە نێوان قوتابیان (بە تایبەتی قوتابیی کچ لە زانکۆ) و ئەو ڕێکخراوانەی کە کار بۆ بەدەستهێنانی مافی ئافرەتان دەکەن**

**چالاکی و توێژینەوە و بۆچوونەکانی زانکۆکانیش لەگشت بوارەکانی ژیاندا کاریگەرییان لەسەر ساغکردنەوە و دیاریکردنی چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ هەیە**

# هونەرمەندان بۆ دەبێت وابن ؟!

پیرۆزی و گەورەیی هونەرمەندان لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە تا چەند دەتوانن لە باوەشی کوردپەروەری و شاکاری کولتووری و کەلەپووریی نەتەوایەتیدا بژین.

هونەرمەندانی کورد کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت سەرگەردان و وێڵن، بۆیە هەمیشە بەدوای کەنارە ئارامەکانی ژیاندا دەگەڕێن و بە بەردەوامی لە دەرگاکانی پرسیار دەدەن، بەڵام ئەفسووس هیچ کام لە وەڵامەکان تینوێتییان بەرەو ئاسۆیەکی مژدەبەخش و زادەی هەست و عەقڵێکی نوێخوازن نابەن، بەڵێ مخابن ڕەشەبای دەوروبەر بەرەو بیرکردنەوەیەکی دیکەیان دەبەن و هەرزوو دایان دەماڵن لە ڕابوون و ڕامانی فیکریی و هونەری، لە بۆنەو ئاهەنگ و لە نێو گەلەری و شانۆیی پڕشکۆدا زۆر بەهەیبەت و جەسوورن، بەڵام لە دەرەوەی بازنەی ژیانی هونەرییان بەچاوێکی دیکە سەیر دەکرێن کە هەر خۆمان دەزانین چۆن چاوێکە.

بۆ ڕازاندنەوەی ژیانی کەسانی دی یەکەمین توێژن کە پرسیان پێ دەکرێت، بەڵام بۆ پرسە هەنوکەییەکان و مەسەلە چارەنووسازەکانی میللەت، دواچین و توێژن کە گوێیان لێ دەگیرێت، وەلێ هیچ کاتێك ڕاکانیان بەهەند وەرناگیرێت، هەمیشە مشتومڕی وجودییانە دەکرێت لەسەر ئەوەی ئایا هونەرمەند لە کانیاوی زادەی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری خۆیانەوە شاکارەکانی پێشکەش دەکەن، یان دەبێت هەموو کاتێك دابەزێتە ئاست بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵگە، ئەم ڕەوتە دژ بەیەکە گرێکوێرەیەکی ئەستەمی دروستکردووە و چارەسەرێکی بنەڕەتی گەرەکە.

ئەم ڕاستییانەی سەرەوە پێویستی بە گفتوگۆیەکی هێمنانە هەیە، بەڵام لەگەڵ کێ؟ نازانین!، لەگەڵ ئەم هەموو تێڕوانینانەش ئێمەی هونەرمەندانیش لە نێوان خۆماندا ئەوەندە ناتەباو دڵڕەق و بێ بەزەیین کە ناتوانین لەگەڵ یەکدا



**ئامانج غازی**

هەڵبكەین و ببینە هاوەڵ و هاوڕێی یەك.
ئێمە هەمیشە بەدوای خاڵە نێگەتیڤەكانی یەكتریدا دەگەڕێین و، لە هەر شوێنێك هونەرمەندێك بگاتە پلە و پایەیەكی شیاو، هەوڵدەدەین بە هەموو شێوەیەك كارە پڕ ئاكام و بەرزو پڕ ئەفراندنەكانی نەگاتە ئەنجام و، ئامانجی هونەریی خۆی، هەر زوو بەدوای چكۆلەترین بیانوودا دەگەڕێین تا شوێنەكەی پێ لەق بكەین و فڕێی بدەینە ئەودیوی مەبەستە پیرۆزەكان.
زۆربەی كاتەكان بێ ئەوەی بنەماو پێگەیەكی ئەكادیمیمان بەدەستەوە بێت، لە ڕاگەیاندن و كەناڵە كانی هەواڵدا ڕەخنەی ڕووخێنەر و مەسەلە تایبەتییەكان ئاراستەی یەكتری دەكەین و، دەیانخەینە بەردەم قەڵەمی بێ بەزەیی و مایكرۆفۆنی حەیابەر!
لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە هەرهەموومان بەیەكەوە لە چەندین دەزگای هونەریی و پەروەردەیی (حكومی و حزبی) كار دەكەین و لەبەر كەمیی كات و بیركردنەوە و ڕامانی هونەری، ناپڕژێینە سەر كارەكان و ناتوانین لە هیچ كام لە كارەكانماندا مافی تەواوی خۆی پێ ببەخشن.
دواكارەساتی هەنوكەش ئێستا وشەی پیرۆزی (هونەرمەند)ە كە وەكو شتێكی زۆر ئاسایی بە هەرەمەكی دابەشكراوەتە سەر ئەو هونەرمەندانەی زیاتر لەچل ساڵە شەو و ڕۆژ بەیەكەوە گرێدەدەن، تا لە كاروانی داهێنان دانەبڕێن و ئەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا تەنیا چەند كارێكیان پێشكەشكردووە، كە لەپەنجەی دەستێكمان تێپەڕ ناكات، لەگەڵ ئەو ئارەزوومەندانەی كە بۆ مەبەستێكی تاك و تەریك، بەرهەمێكی كرچ و كاڵ دروست دەكەن.
بۆیە پرسیاری هەرە گەورە لێرەوە دەبێت بكرێت : ئایا ئێمە هەر بەو حاڵە پڕ شپرزەییەوە دەمێنینەوە؟



# ئەدیل بە نیازە کۆشکی رامبۆ بکڕێت

بەر لە ماوەیەك ئەستێرەی ناسراوی هەڵیۆد سیلڤستیر ستالۆن ڕایگەیاند کۆشکەکەی خۆی لە لۆئەنجلۆس دەفرۆشێت و نرخەکەشی بە ١١٠ ملیۆن دۆلار خەمڵاندووە، و چەند کەسێك بەدوادچوونیا بۆ خانوی ناوبراو کردووە مەبەستی کڕینی.

پێدەچێت خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی بەریتانی ئەدیل ببێتە خاوەنی خانووەکە، لەم بارەوە میدیاکان ڕایانگەیاند کە لە ئێستادا ئەدیل دەستی بە گفتوگۆ کردووە بۆ کڕینی، بەڵام ئامادە نییە بڕی ١١٠ ملیۆن دۆلار بەو خانووە بدات، بەڵکو تەنیا ٥٨ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردووە.

خانووەکە لەلایەن ئەندازیار ڕیتچارد لاندری دیزاین کراوە و بە یەکێك لە گەورەترین خانووەکان دادەنرێت، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ستالۆن کڕیویەتی، لە نزیکەی (٣٠) ژووری جیاجیا و هۆڵێکی سینەما شانۆیی مۆدێرن و هۆڵێکی دیکە و یارییە وەرزشییەکان و ساونا، یاریگایەکی گەورە، ژوورێکی تایبەت بۆ جگەرەکێشان پێکهاتووە و، سیستمی هەوای تایبەتی هەیە، لەگەڵ مەلەوانگەیەك و گەراجێك کە شوێنی ئۆتۆمبیلی تێدا دەبێتەوە».

ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلوس ڕایگەیاند کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ نرخی خانووەکە بە ١١٠ ملیۆن دۆلار خەملێندرا و، دواتر نرخەکەی دابەزی بۆ ٨٠ ملیۆن دۆلار، بەڵام ئەدیل دەستی بە گفتوگۆکردووە لەگەڵ نووسینگەکانی خانووبەرە بۆ ئەوەی بتوانێت بە بڕی ٥٨ ملبیۆن دۆلار ببێتە خاوەنی خانووەکە.

**سەرچاوە: https://etbilarabi.com/**



# کەتایۆن ڕەیاحی: دانەبڕاوم بە کاری خێرخوازی بەردەوامم

کەتایۆن ڕەیاحی یەکێکە لە ئەکتەرە هەرە سەرکەوتوو و دیارەکانی ئێران و تا ئێستا لە چەندین کاری هونەریی دیار و بەرچاودا بەشداریی کردووە و، لە بواری نواندن شارەزاییەکی زۆری هەیە، یەکێك لەو کارانەی کە کەتایۆنی لە دەرەوەی ئێران ناساند ڕۆڵی زولەیخای هاوسەری یوسف بوو، لە زنجیرە درامای (یوسف پێغەمبەر).

لە بارەی ڕۆڵی زولەیخای هاوسەری پادشای میسر و عاشقەکەی یوسف پێغەمبەر، کەتایۆن دەڵێ: «ڕەنگە لەرووی چیرۆك و بەسەرهات و کاریگەریی بەسەر خەڵك ڕۆڵی زولێخا جیاواز بێت، بەڵام لەرووی هونەرییەوە بۆ من هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەو ڕۆڵانەی پێشتر بینیومە، بەڵام وەك کەتایۆن بە حوکمی ئەو سەرکەوتنەی دراماکە بەدەستی هێنا و منی زیاتر ناساند، ئەمە تا ڕادەیەك ئەرکی منی قورستر کرد، بۆیە ڕێگا بە خۆم نادەم کە ڕۆڵێکی دیکە ببینم ئەگەر بزانم کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو سەرکەوتنە و ئەو ناوبانگە لە ڕۆڵی زولێخا بەدەستم هێنا، لەبەر ئەوەشە هەر کارێکم پێشکەش بکرێت زۆر بە وردی لێی دەڕوانم و چەند جارێکیش دەیخوێنمەوە و بە قوڵی بیری لێ دەکەمەوە ئینجا بڕیاری لەسەر دەدەم».

دوای کۆتایی هاتنی زنجیرەکە کەتایۆن لە کاری زنجیرە دراماکان دوورکەوتەوە و ڕووی لە کاری خیرخوازی کرد، لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی خێرخوازیدا بە ناوی (کیش مهر کتایون) کە گرنگیی بە منداڵانی بێسەرپەرشت دەدات، بەتایبەتی ئەوانەی گرفتی بیستنیان هەیە، سەرەڕای ئەمەش دەڵێ: من لە چالاکی دانەبڕاوم تەنیا بۆ ماوەیەك لە سینەما و تەلەفزیۆن دوورکەوتوومەتەوە.

**سەرچاوە: /http://ar.ifilmtv.tv**



# نەوال: جارێ بیر لە نواندن ناکەمەوە

نەوال ئەلزوغبی یەکێکە لە هونەرمەندە سەرکەوتووەکانی لوبنان کە چەندین ساڵە بەردەوامە لە گۆرانی گوتن و، بەردەوام هونەرەکەی لە پێشڤەچووندایە و خاوەن جەماوەرێکی زۆریشە.

سەبارەت بە گرنگیی هونەری لە ژیانیدا و، ئایا سوودی هەبووە یان زیان، نەوال زوغبی لە دیمانەیەکدا دەڵێ: «ناتوام بڵێم هونەر ئازادیی منی زەوت کردووە، بەڵام دان بەوەدا دەنێم ئەگەر هونەرمەند نەبووام، لە نێو خەڵکدا نەدەناسرام و ژیانم زۆر ئاسانتر دەبوو لە ئێستا و، وەك هەر مرۆڤێکی دیکە ژیانی ئاسایی و سادەی خۆم بەسەر دەبرد، بۆ هەر شوێنێك حەزم بکردبا دەچووم بەبێ هیچ کۆت و بەندێك، بەڵام خۆشەویستی من بۆ هونەرەکەم هەموو ئەو شتانەم بیر دەباتەوە».

نەوال زوغبی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر جار داوای لێکراوە لە پاڵ گۆرانی ڕوو لە نواندنیش بکات و لەم بارەیەوە دەڵێ: «کاتێك لە قاهیرە بووم چەندین جار لەلایەن زۆر لە کۆمپانیاکانەوە داوام لێ کرا ڕوو لە نواندن بکەم، بەتایبەتی لە بواری سینەما، و بۆ ئەم مەبەستە چاوم بە چەندین دەرهێنەری گەورە کەوت، جگە لەمە چەند دەرهێنەرێکی بیانییش داوایان لێ کردم کاریان لەگەڵدا بکەم لە چەند کارێکی سینەمایی گەورەدا، من سەرەتا زۆر بە جۆشەوە بابەتەکەم وەرگرت و گرنگییەکی زۆریشم بەو بابەتە دا، بەڵام بارودۆخی تایبەتی خۆم وایکرد کە ئەم کارە ئەنجام نەدرێت، ئەوەی ڕاستیش بێت بۆ من زۆر زەحمەت بوو بتوانم لە قاهیرە بمێنمەوە و کارەکەش وای دەخوازت کە چەند مانگێك لەوێ بم».

**سەرچاوە: گولولی**

ئەیاز یوسف زاخۆیی

# سەرەڕای کورتی تەمەنیی، داهێنانی لە هونەری کوردیدا ئەنجامدا

زۆربوون ئەو هونەرمەندانەی کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە داهێنان درووست دەکەن و دەبنە ڕێنیشاندەری هونەرمەندە لاوەکان بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەیان بڕۆن و خزمەت بە هونەری ڕەسەنی کوردی بکەن، هونەرێک پێشکەش بکەن کە مرۆڤ هەست بە کوردبوونی بکات و چێژی ڕەسەنایەتی بدات، یەکێک لەو هونەرمەندانە ئەیاز یوسف زاخۆیی بووە کە سەرەڕای کورتی تەمەنیی توانیی خزمەتێکی بەرچاو بە هونەری کوردی بکات، بەڵام تەمەن ڕێگای نەدا بەردەوام بێت.



ئەیاز یوسف ئەحمەد ناسراو بە (ئەیاز زاخۆیی)، سوودی لە هونەری میللی دیوەخانەکان بینیوە بۆ چونە ناو جیهانی هونەر، لەئاهەنگ و ڤیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتیەکاندا دەست دەکات بەچڕینی گۆرانی .

بۆ یەکەمجار بەهاوکاری چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردی کرد لەبەغدا و ئەم گۆرانیانەی تۆماری کردوون ئەمانەن: «من دیت جارا عەولی»، «لاندک»، «بەس خۆ گرانکە»، «ئەڤین دایێ»، «دێ بهەژینە»، «کەڤۆک»، «چوخک»، «سرودانەڤرۆز»، «سرودا ."شەهید»، «چیبکەم ئەز»، «هیڤی» و «گۆڤەندە»

ئەیاز زاخۆیی لەساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی زاخۆ چاوی بەژیان هەڵێناوە، هەر لەمنداڵییەوەخولیای گۆرانیی رەسەنی کوردی بووە و زۆربەی کاتی لە دیوەخانان بەسەر بردووە، کەگۆرانیبێژەکانی تیادا دادەنیشتن و گۆرانیان دەوتەوە.

ئەیاز دوای تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی روو لە ئامادەیی کشتوکاڵ دەکات و لە ئاهەنگ و فیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتییەکاندا دەست دەکات بە چڕینی گۆرانی، هەمیشە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاهەنگەکانی بەڕێوەبردووە.

ئەیاز خاوەن گەنجینەیەکی مەزنی فۆلکلۆری و رەسەنی کوردی بوو، چەندین ستران و چیرۆک و پەندی پێشنیان و داستانی لەبەر بوو، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زیاتری گەنجینەی دەدا و بەدوای کەلەپووردا دەگەڕا، تا زیاتر رەسەنایەتییان لێ هەڵبهێنجێنت و هونەرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

ئەیاز، خولیای گۆرانیی کوردی بووەوە، بۆ یەکەمجار بە هاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردی کردووە لە بەغدا و لەوێ شارەزایان گوێیان لە دەنگی گرتووە، هەرزوو پاشەڕۆژێکی هونەری گەشیان بۆ خواستووە، ئەم گۆرانیانەی ئەیاز لە ئێزگەی کوردی تۆماری کردوون ئەمانەن: (من دیت جارا عەولی، لاندك، بەس خۆ گرانکە، ئەڤین دایێ، دێ بهەژینە، کەڤۆك، چوخك، سروودا نەڤرۆز، سروودا شەهید، چیبکەم ئەز، هیڤی و گۆڤەندە).

هەروەسا لەگەڵ چەندین شاعیر کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە بۆ سازکردنی گۆرانییەکان، لەوانەش (عەبدولعەزیز سلێمان، بەشار محەمەد، سەگڤان عەبدولحەکیم، بەدرخان سندی، عەبدولا حوسێن و. هتد، جگە لەم گۆرانییانەی لەگەڵ تیپی دهۆك تۆماری کردوون، سێ کاسێتی دیکەشی لە تۆمارگەی «تۆمار» تۆمار کردووە، هەروەها چەند گۆرانییەکی بە دوو قۆلی لەگەڵ هونەرمەند «ئەردەوان زاخۆلی» گوتووە، لەساڵی ١٩٨٢ لە زاخۆ کاسێتێکی تۆمارکردووە کە چەند گۆرانییەك بوو، لەوانە: (ئەگەر دنیا هەمی گۆلبن، های بەردەبەردەك، چ تەڤنە، مەقامی مێرەمێ، بەستەی پازنیل.



ئەیاز زاخۆیی ژمارەیەك گۆرانی بڵاونەکراوەی هەیە، بەڵام خانەوادەکەی رێگە نادەن بڵاوبکرێنەوە، لای خۆیەوە مامۆستا (عەبدولعەزیز سلێمان) هۆزانڤان و ئاوازدانەری ئەیاز زاخۆیی دەڵێ: «لەو کاتەی ماڵم دوور خرایەوە بۆ شاری رومادی ئەیاز بەردەوام هاتوچۆی ماڵەکەمی کردووە و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەیاز لە شیعر و ئاوازی منە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم گۆرانیم داوەتێ، بەناوی شەهید چاڤا ڤەکە»، هەروەها دەڵێت: «یەکەم گۆرانی ئەیاز لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کرا کە نزیکەی ٤٠ گۆرانیم بۆ ئەیاز ئامادە کرد، کە هەندێکیان بە بێ موزیك تۆمار کران، هەندێکیان هێشتا تۆمار نەکراون و لای من پارێزراون، زۆر هونەرمەند داوایان کردووە، بەڵام نایدەم بە کەس». ئەو ئاوازدانەری هونەرمەندی کۆچکردوو ئاماژە بەوەش دەکات، لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە گۆرانییەکان بە موزیکێکی تازە بڵاوبکاتەوە، چونکە لەلایەن گەنجانەوە داوایەکی زۆری لەسەرە و بەردەوام گەنجان گوێ لە گۆرانییەکانی دەرگرن، بۆیە ویستم ئەو گۆرانیانەش بڵاوبکەمەوە، کە لای من پارێزراون، بەڵام خانەوادەکەی رێگەیان نەدا، بۆیە منیش بڵاوم نەکردنەوە. لەبارەی ئەو پرسیارەی بۆچی خانەوادەکەی رێگەنادەن، برای ئەیاز زاخۆیی دەڵێت: «راستە ژمارەیەك گۆرانیی ئەیاز لای مامۆستا عەبدولعەزیز پارێزراون، کە بەنیازبوو بە موزیکێکی نوێ دووبارە تۆمار بکرێن و بڵاوی بکاتەوە، ئێمە داوامان لە سەندیکای هونەرمەندان کرد، لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنن و ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەگەر ئەوان پێیان باش بێت ئەوا ئێمەش رازین، بەڵام لیژنەکە پێی باش نەبوو ئەم کارە بکرێت، ئێمەش لای خۆمانەوە رێگەمان نەدا بڵاوبکرێتەوە». بەڵام براکەی ئەیاز زاخۆیی ئەوەش ناشارێتەوە، ئێستاش ئەگەر موزیکڤانی پرۆفیشناڵ هەبێت و بەموزیکێکی نوێ و لە ئاستی بەرهەمەکانی ئەیازدا بێت، رازین بڵاوبکرێتەوە.

ئەیاز زاخۆلی لە رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٨٦/١/٢٠ لە نەخۆشخانەی سەربازیی شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە شارۆچکەی زاخۆ نێژرا بەر لە ناشتنی و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی بە نێو شاری زاخۆدا گێڕدرا بۆ گۆرانیی (وڵاتێ من باخچێ گوڵان).

٣٦ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە جوانەمەرگەدا ئەیاز یوسف زاخۆیی دا تێپەڕ دەبێت، ئەگەرچی تەمەن مۆڵەتی نەدا خزمەت بە هونەری کوردی بکات، بەڵام ئەو بەرهەمانەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پێشکەشی کردن، تا ئێستا بە زیندوویی لە زهن و خەیاڵی میللەتەکەیدا ماونەتەوە.

دێرین بەختیار

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی سیروانی نوێ:

# هیوادارم ئەم یارییە زیاتر پەرەی پێ بدرێت





شاری سلێمانی هەموو کات بەوە ناوی دەرکردووە کە لە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان و، لە دروست کردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە عێراقیش پێشەنگ بووە، یانەی سیروانی نوێش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەن بووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (دێرین بەختیار)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری سلێمانییە و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە، ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و، بەتایبەت لە ڕاکردنی ١٠٠مەتری و یەك بازدا بەشدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە. لە دیمانەیەکی گوڵاندا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- حەزی منداڵیم بوو کە ڕۆژێك بێت ئەو بەهرەیەی هەمە، خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- وەك دەبینین نەك هەر یاریی گۆڕەپان و مەیدان، بەڵکو یارییەکانی دیکەش لە ئێستادا ئاستیان وەك پێویست نییە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی دارایی و، لەلایەکی دیکەشەوە نەخۆشیی کرۆنا ڕۆڵێکی خراپی لەو بوارەدا گێڕا.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی باشتر؟**

-هیوادارم ئەم یارییە زیاتر پەرەی پێ بدرێت، یاریی گۆڕەپان و مەیدان یارییەکی تاکی پێویستە و هیوادارم کاری باشی بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە لە کوردستان زۆر پەرە بە یاریی تۆپی پێ و یارییە کۆمەڵەکان دەدرێت، بۆیە وا باشترە پەرە بە گۆڕەپان و مەیدانیش بدرێت، چونکە یاریی تاکە و یاریزانی باشی هەیە، کە زۆر لە یاریزانی کورد لەو بوارەدا لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقن.

*** ئایا ئەم یارییە بۆ ئافرەتان قورس نییە؟**

-بەشداریکردن لەم یارییە خەونێکی منداڵیم بوو، سەرکەوتنی من لەم یارییەدا دەکەوێتە سەر هێز و توانای خۆم.

***خەونی وەرزشیت لە ئێستادا چییە؟**

-خەونی من لە ئێستادا وەکو یاریزانێك ئەوەیە بەشداریی پاڵەوانێتیی دەرەوە بکەم، چ خولی عەرەبی، یان ئۆڵۆمپیاد و جیهانی بێت.

***چۆن بوو یانەی سیروانی نوێت هەڵبژارد؟**

-یانەی سیروانی نوێ یەکەم یانە بوو کە بتوانم بێمە ئەو یانەیە و پەیوەندی پێوە بکەم و سوپاسی پاڵپشتیان دەکەم و ببمە یەکێك لە یاریزانەکانی ئەو یانەیە.

*** باشترین ئەنجامەکانت لەم وەرزشەدا چی بوون؟**

-باشترین یاریزانی ١٠٠مەتری و یەك باز و یەکەمی کوردستان و عێراق و بووم و ژمارەی پێوانەی خۆم شکاندوە و ئاستی زۆر باشم هەبووە، پلەی دووەم لە ڕاکردنی ١٠٠مەتری پاڵەوانێتی تازەپێگەیشتوانی عەرەبی لە تونس بەدەست هێناوە.

***جگە لە گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەیت؟**

-دەمەوێت تەنیا لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان بەردەوام بم تا بتوانم هەوڵی گەیشتن بە خەونەکانم دەدەم لەم یارییەدا و، بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەش بکەم.

***خانەوادەکەن لە وەرزش کردنت ڕێگر نین؟**

-نەخێر، ڕێگریم لێ ناکەن، چونکە کاتی پێویستم تەرخان کردووە بۆ خوێندن و وەرزشەکەچم، هۆکاری سەرکەوتنەکانیشم ئەو کەسانەیە کە پاڵپشتمن، بەتایبەت خێزانەکەم، زۆر سوپاسیان دەکەو، ئەوان وام لێ دەکەن کە بەردەوام بم و ببم و ئەو خەونەی کە هەمە، لە داهاتوودا بەدی بهێنم.

*** یانەی سیروانی نوێ تا چ ڕادەیەك هاوکاریتان دەکەن؟**

-دەست خۆشی لە کارگێڕیی یانەکەم و ڕاهێنەرەکەم و هاورێیەکانم دەکەم کە هەمیشە هاوکار و پاڵپشت بوون.

*** هیچ کێشەو گرفتتان لەم یارییەدا هەیە؟**

-نەخێر، وەکو یانە هیچ کێشەیەکمان نییە و هاوکاریی باش دەکرێن.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك ؟**

-تاکە هیوای من ئەوەیە بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتیی جیهانیدا بکەم و بتوانیم ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنم و، بتوانم ژمارەی پێوانەیی بشکێنم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

- زۆر سوپاسی خانەوادەکەم و ڕاهێنەران و یانەکەم دەکەم بۆ پاڵپشتیی بەردەوامیان بۆمان، هەروەها سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی لە شارەکانی کوردستان ئەنجامی دەدەن.



# گواردیۆلا داوای یاریزانێکی مەدرید دەکات

هەر چەندە ڕۆیشتنی یاریزانی بەرازیلی و یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی (ڤینیسۆس جۆنیۆری هێرشبەری یانەی شاهانە) تاکو ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام چەندین یانە لە هەوڵی ئەوەدان لە ئەگەری نوێ نەکردنەوەی گرێبەستەکەی بیگوازنەوە بۆ ڕیزی خۆیان. ڕۆژنامەی زە سەنی بەریتانی ئەوەی ئاشکرا کردووە، کەوا یانەی مان سیتی لە سەر داوای پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەکەی دەیەوێت ئەو هەوڵە بدات و خۆی تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی هێڵی هێرشبەری یانەکەی پێ پڕ بکاتەوە، بەتایبەتی لەم وەرزە ئاستی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە، ڤینیسۆس جۆنیۆر تاکو ئێستا بە فەرمی گرێبەستەکەی نوێ نەکردووەتەوە و داوای زیادکردنی مووچەکەی لە ئیدارەی یانەی ڕیال مەدرید کردووە، بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەکەش گواردیۆلای ڕاهێنەری ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی ئەو یاریزانە کردووە، ئیدارەی یانەی مان سیتی بە هۆی ڕۆیشتنی چەند یاریزانێکی وەکو ڕەحیم ستیرلینگ و فیران تۆریس هەوڵ دەدات، ئەو یاریزانە بگوازێتەوە، چونکە پیپی ڕاهێنەر داوای لە یانەکە کردووە، ئەو یاریزانەی بۆ بگوازنەوە. ڤینیسۆس داوای بەرزکردنەوەی مووچەکەی کردووە بۆ نۆ ملیۆن یۆرۆ بۆ ساڵێك، بەڵام ئیدارەی یانەی شاهانە پەسەندی ئەو بڕیارەی نەکردووە، ڕەنگە لە ئەگەری نوێ نەکردنەوەی گرێبەستەکەی، چەندین یانەی دیکەش لە خولە جیاوازەکان بێنە سەر هێڵ بۆ گواستنەوەی بۆ خولەکانی دیکەی ئەورووپی.





# لیڤاندۆڤیسکی بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کرا

بۆ ساڵی دووەم لە سەر یەك لە ڕێوڕەسمی ساڵانەی فیفا بۆ دەستنیشانکردنی باشترینەکانی ساڵ لە وڵاتی سویسرا و لە شاری زیورخ، خەڵاتی باشترینەکانی ساڵ لە سەر ئاستی پیاوان و ئافرەتان دەستنیشان کرا. لە ئاستی پیاوان کە کێبڕکێ لە نێوان هەریەك لە یاریزانان لیڤاندۆڤیسکی و لیونێل میسی و محەممەد سەلاح هێرشبەری هەڵبژاردەی میسر و یانەی لیڤەرپوول بوو، لەم کێبڕکێیەش ڕۆبێرت لیڤاندۆڤیسکی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پۆڵەندا و یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بۆ جاری دووەم لەسەر یەك خەڵاتی «زە بێستی» بۆ دیاریکردنی باشترین یاریزانی ساڵی بەدەستهێنا، وەرزی ڕابردوو لە خولی بۆندس لیگی ئەڵمانی لەگەڵ یانەکەی ٤١ گۆڵی تۆمار کردبوو، لە سەر ئاستی هاندەرانیش خەڵاتی باشترین هاندەر بە هاندەرانی فینلەندا و دانیمارك درا لە یۆرۆی ٢٠٢٠، خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزیش بۆ ئیدوارد مێندی گۆڵپارێز یانەی چێلسی درا، لە سەر ئاستی ڕاهێنەرانیش تۆماس توخێل ڕاهێنەری یانەی چێلسی ئینگلیزی وەکو باشترین ڕاهێنەری ساڵی ٢٠٢١ دەستنیشان کرا.

# دێمبێلی لە خولەکانی ئینگلتەرا و ئیتالیا و فەرەنسا داوا کراوە





بە هۆی نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیدارەی تازەی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، عوسمان دێمبێلی هێرشبەری یانەکەی هەرێمی کاتالۆنیا و هەڵبژاردەی فەرەنسا بڕیاری داوە ڕیزی یانەکە جێ بهێڵێت و چیتر بە درێسی یانە کاتالۆنیەکەوە نەبینرێت، ئەمەش دوای کۆتاییهاتنی یارییەکانی ئەم وەرزە، بە پێی هەواڵی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە یانەی بارساش، عوسمان دێمبێلی بە ئیدارەی یانەی بارسای گوتووە کە گرێبەستەکەی نوێ ناکاتەوە لەگەڵیان و کۆتایی ئەم وەرزە بڕیارێکی قورس دەدات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەیە کە ئەو دەستەوارەی بارسا پێشکەشی کردووە، ناوبراو پێ ڕازی نییە، پێشبینیش دەکرێ لەم زستانە عوسمان تیپەکە بێ هێرشبەر نەهێڵێتەوە و تاکو کۆتایی ئەم وەرزە بەردەوام بێت و لە گواستنەوەی زستانەش بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، دوای قبووڵنەکردنی دەستەوارەی بارساش، دێمبێلی لە ئێستادا لە چەندین یانەی گەورەی ئەورووپا پێشنیاری گرێبەستیان پێشکەش کردووە، بە تایبەتی لە خولی ئینگلیزی هەر یەك لە یانەکانی لیڤەرپوول و چێلسی و مان یونایتد و تۆتنهام و نیوکاسل، لە خولی ئیتالیاش یانەی یۆڤێنتۆس داوای ئەو یاریزانە فەرەنسییەی کردووە، دەنگۆی گواستنەوەشی هەیە بۆ وڵاتەکەی خۆی کە فەرەنسایە لە ڕیزی یانەی پاریس بۆ پڕ کردنەوەی شوێنی ئیمپاپێ ئەستێرەی یانە فەرەنسییەکە، بەپێی هەواڵی میدیاکانی نزیك لە یانەی بارسا، عوسمان داوای ٢٠٠ملیۆن یۆرۆی کردووە لە یانەکەی بۆ پێنج وەرز یاریکردن، لە ئێستاشدا ئەو یاریزانە بووەتە جێگای متمانەی چاڤی ڕاهێنەرە لاوەکەی بارسا.



# یانەی دهۆک ڕاهێنەرێکی تازەی دەستنیشان کرد

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك دوای ئەوەی ئەم وەرزش بۆ بەشداریکردن لە خولی یانە پلە یەکەکانی عێراقی و سەرکەوتن بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی عێراق، پشتی بە ڕاهێنەر عادل ناسر بەست بۆ سەرخستنی تیپەکە بۆ خولەکە گەورەکەی عێراقی، بەڵام بەرلە کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی خولەکە، بە فەرمی و بە ڕەزامەندی هەردوولا دەستی لە مەشقی یانەی دهۆك کێشایەوە، یانەی دهۆکیش بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ئەحمەد کازمی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراقی مۆرکرد، لەم بارەشەوە عەلی بریفکانی یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە ڕەزامەندی خۆی دەستی لە مەشقی یانەکەمان کێشاوەتەوە، کارگێڕیی یانەی دهۆکیش بە فەرمی لە شوێنی ئەو کازمی بە ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشان کرد، ئێمەش وەکو ستافی یاریدەدەری ڕاهێنەر، بەردەوامین و هەموو هەوڵێکمان بۆ سەرخستنەوەی یانەی دهۆکە بۆ خولی نایابی عێراقی، ئێستاش خەریکی ڕێکخستنەوەی تیپەکەین و چەندین گرێبەستمان کردووە، هەریەك لە یاریزانان گوگوئێدگاری بەرازیلی کە پێشتر لە خولی سعودی و بەرازیلی یاریی کردووە، پاپی باباکاری سەنیگالی کە ئەویش پێشتر لە خولی لوبنانی یاریی کردووە، نۆرۆسۆلێ پیشەگەری ئەفریقی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی غانا، هەروەها یانەکەمان بەفەرمی ئیبراهیم غازیی هێنایەوە ڕیزی یانەکەمان، بە هیوای ئەوەین لەگەڵ ئەم ڕاهێنەرە بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین لە خولی پلە یەکی عێراقی و، تیپەکە بە هەموو لایەکمان سەربخەینەوە، دهۆکیش بچێتەوە نێو ڕیزی یانە گەورەکانی عێراق».



# تێنسزانانی پێشمەرگەی سلێمانی نوێ بوونەوە

بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی یانەکانی عێراقی و یانەکانی عەرەبی، دەستەی کارگێڕدی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ کچە تێنسزانانی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەکەی نوێ کردەوە، ئامانج لە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەش گرینگیدانی زیاترە بە تیپەکەك بۆ ئەوەی پێشبڕکێی زیاتر بکەن لە سەر بەدەستهێنانی نازناوەکان لە داهاتوودا، لەم بارەشەوە بەڵێن عوسمان ڕاهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەفەرمی گرێبەستەکانمان لەگەڵ چوار کچە یاریزانی تیپەکەمان نوێ کردۆتەوە بۆ یەك ساڵ و بە شێوەی مووچەیە، وا بڕیارە یاریزانی پیشەگەریش بهێنین بۆ پاڵەوانێتیی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی، هەر پاڵەوانێتییەك بکرێ بۆ ئەمساڵ بەشدار دەبین، ئامانجمان بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لەم ساڵدا، جگە لەوەش ناوی پێشمەرگەی سلێمانی لە ناو یانەکانی کوردستان و عێراق بە گەورەیی بهێڵینەوە».

# سەید سادق گرفتی کەمیی یاریزانی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی سەید سادق ئەم وەرزە جیاواز لە وەرزەکانی دیکە ئاست و ئەنجامی تا ڕادەیەك باشە و، ڕاهێنەری یانەکەش دەیەوێت لە قۆناغی دووەم ئاست و ئە نجامی تیپەکە باشتر بکات، ئامانجی یانەی سەید سادق لەم وەرزە ڕکابەریکردنی سەرجەم یانەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی بتوانێ ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکات، لەم بارەشەوە ڕەمزی ساڵح ڕاهێنەری یانەی سەید سادق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەوڵ دەدەین لە قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاست و ئەنجاممان باشتر بێت، گرفتی سەرەکیی ئێمە کەمیی یاریزانە لە تیپەکەمان، بۆیە قۆناغی دووەم زەحمەت دەبێت»، هاوکات گوتیشی: «هەوڵ دەدەین سێ بۆ چوار یاریزان بهێنین، بەڵام ناتوانین یاریزانی پیشەگەر بهێنین، چونکە دوو یاریزانمان هەیە، قۆناغی دووەم یانەکان زیاتر خۆیان ماندوو دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕیزبەندی یانەکان زیاتر بچنە پێشەوە، ئەوەی لە توانامان بێت بۆ سەرخستنی یانەی سەید سادق ئەنجامی دەدەین، یاریزانەکانیشمان ڕۆحییەتی ئەوەیان تێدایە بتوانن ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، یاریی بۆ یاری ئاستمان باشتر دەبێت، لە ١٤ هەفتەی ڕابردووی خولەکەش یانەی سەید سادق خاوەنی ٦ سەرکەوتن و چوار شکست و چوار یەکسان بوونە و خاوەنی ٢٢خاڵە لە ڕیزبەندی یانەکان لە خانەکانی پێشەوە نزیکە، هەموو هەوڵێکیان لەم وەرزە کێبڕکێکردنە لەگەڵ سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە.



# ئۆمیکرۆن لە منداڵدا

گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دوچاری منداڵیش دەبێت و نیشانەکانی کەمێك جیاوازن لەگەڵ تووشبووانی گەورە و بەساڵاچوودا، بۆنموونە کۆکەی تیژ و بەدەنگ Croup زیاتر لە منداڵی تووشبوودا بەدی دەکرێت بەتایبەتی لە منداڵی ژێر پێنج ساڵی تەمەندا. بەگشتی کۆکەی بەدەنگ جێگای مەترسی نییە و دەستنیشانکردنی ئاسانە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەوکردنی قورقوڕاگە و بۆریی هەناسە لەوکاتەی کە گۆڕاوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاتر لە ڕێڕەوەکانی هەناسەدا جێگیر دەبێت. نیشانە باوەکانی تری تووشبوونی منداڵ بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بریتین لە: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش، زیادبوونی دەردراوی لووت، کرانەوەی قورگ، ئازاری گشتیی لەش. جیاکردنەوەی منداڵ لەماڵ و چارەسەرکردنی بە چاودێری پزیشك باشترین هەنگاوە بۆ منداڵی تووشبوو بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن، لەسەر کەسانی دیکەی ناوماڵیش پێویستە کە پابەند بن بە هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە کۆرۆنا وەکو بەستنی ماسك و زوو شووشتنی دەستەکان و بەکارهێنانی پاککەرەوەی میکرۆبیی دەست Hand sanitizer و بەکارهێنانی ماددەی پاککەرەوەی بکوژی میکرۆب بۆ هەموو ئەو شوێنانەی ماڵ کە پێوست بە پاککردنەوە دەکات.





# کەی دەتوانین لە کەسێکی چاکبووەوە لە کۆڤید١٩ نزیک بینەوە؟

پسپۆران ئاماژەیان بەمە کردووە کە زۆربەی تووشبووان بە کۆڤید١٩پاش تێستی پۆزەتیڤ بە ١٠ ڕۆژ چیتر ڤایرۆس بۆ کەسانی دەوروبەریان ناگوازنەوە. ئەم پرسیارەی کە بەردەوام دێتە پێشەوە بریتییە لەوەی کە کەی یان پاش چەند کات دەتوانین کە لە کەسانی تووشبوو و چاکبووەوە لە کۆڤید١٩ نزیك بینەوە؟ پسپۆران دەڵێن کە کات و ماوەی چاکبوونەوە لە کۆڤید ١٩ وەکو نەخۆشییە میکرۆبییەکانی تر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام بە پێی ڕێنماییەکانی سەنتەری ئەمەریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان CDC، تووشبووان دەتوانن کە پاش ٥ ڕۆژ لە خۆجیاکردنەوە بێنە دەرەوە و تێکەڵی کەسانی تر بن بە مەرجێك بەلای کەم بۆ ماوەی ٥ ڕۆژی تر ماسك ببەستن، هەروەها پاش ١٠ ڕۆژ لە تێستی پۆزەتیڤ دەتوانن ك بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ڕۆتینی خۆیان. لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستییە زانستییە نوێیانەشدا هێشتا سەنتەری ئەمەریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان جەخت لە گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی خۆپاراستن دەکاتەوە لەکاتی کۆبوونەوە و بۆنەکاندا، بۆنموونە واباشترە کە هەموو کەسانی بەشدار ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرگرتبێت، لەگەڵ پابەندبوون بە بەستنی ماسك.



# نیشانەکانی کەمیی ئۆمیگا٣

ئۆمیگا Omega 3 بۆیە واناونراوە چونکە ٣ ترشە چەوریی فرەناتێری Polyunsaturated گرنگ لەخۆدەگرێت کە بریتین لە EPA، DHA، لەگەڵ ALA. ئەم ترشە چەورییانە زۆر گرنگن بۆ پاراستنی دیواری خانەکانی لەش، هەروەها بۆ سستمی بەرگریی لەش و دروستیی فرمانەکانی کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی دڵ و سووڕان لەگەڵ سستمی کوێرەگلاندەکان کە هۆرمۆنی جیاواز دروست دەکەن. سەرچاوە خۆراکییەکانی ئۆمیگا٣: کاکڵ و تۆوەکانی وەکو گوێز و تۆوی کەتان، زەیتی ڕووەکی بەتایبەتی زەیتی کەتان و سۆیا و کانۆلا، ماسی بەتایبەتی ماسیی ئاوی سارد وەکو سالمۆن، ماکەرێل، تونە، ساردین. کەمیی ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣ کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ تەندروستی هەیە و نیشانەکانی بریتین لە: وشکبوون و هەستیاربوونی پێست هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری پەیدابوونی زیپکە، خەمۆکی و کزبوونی فرمانەکانی مێشك، وشکبوونی چاو، ئازار و سخبوونی جومگەکان و ئازار لە قاچەکاندا، گۆڕانی نەرێنی لە شێوەی تاڵە مووەکان لەگەڵ وشکبوون و تەنکبوونی قژ یان زیاد هەڵوەرین، ناسکبوون و زووشکانی نینۆکەکان، زوو ماندووبوون، گرفت لە نووستندا، کەمبوونەوەی تونای تەرکیزکردن، زیادبوونی مۆمی گوێیەکان، هەروەها گرفت لە سووڕی مانگانەی ئافرەتدا.



# باشترین کاتی نووستن بۆ تەندروستیی دڵ

ئایا کاتێکی دیاریکراو بۆ نووستن هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی دڵ؟ لە ڕاستیدا بەڵێ،لە نوێترین لێکۆڵینەوەی زانکۆی ئێکسیتەری University of Exeter بەریتانیدا هاتووە کە نووستن لە نێوان کاتژمێر ١٠-١١ ی شەو باشترین کاتە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی دڵ. لە هەمان کاتدا، ئاماژە بەمە کراوە کە نووستن پێش کاتژمێر ١٠ ی شەو و پاش کاتژمێر ١٢ ی شەو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا ڕێژەی ٢٥٪ زیاد دەکات. هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی کاتی نووستن لەسەر گۆڕینی ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی یان کاتژمێری ناوەوەی لەش Internal clock. سستمی کاتژمێری لەش Circadian system کۆنترۆڵی ڕیتمی فسیۆلۆژیی ڕۆژانەی لەش دەکات، گۆڕان یان تێکچوونی ڕیتمی کاتژمێری لەش کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر تەندروستیی جەستە و دەروونی کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵیش دەگرێتەوە. هەوڵ بدە کە لەکاتێکی گونجاودابخەویت و بەیانی زوو لە خەو هەڵسیت، دوورکەوە لە خواردنەوە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە و کاکاو پاش کاتژمێر شەش ی ئێوارە، دوورکەوە لە (کورتەخەو) پاش کاتژمێر چواری ئێوارە، ژووری نووستن تەنیا بۆ خەوتن بەکاربێنە، لەوکاتەدا بچۆ سەر تەختی نووستن کە هەست دەکەیت بە تەواوی بۆ خەوتن ئامادەیت.

# بۆچی بەردەوام هەست بە تێنووبوون دەکەیت؟

هەستکردن بە تێنووبوون دوو جۆری هەیە، یەکەم: تێنووبوونی لە ڕادەبەدەر Polydipsia کە بریتییە لە هەستکردن بە پێویستیی بۆ خواردنەوەی بڕی زیادی ئاو و شلە، لەگەڵ ئەمەشدا هەستی تێنووبوون هەر دەمێنێت. دووەم: وشکبوونی دەم و قوڕگ یان هەستکردنی توند بە تێنووبوون Extreme thirst کە هاوکاتە لەگەڵ وشکبوونی زمان و لێوەکان و گرفت لە قووتدان و قسەکردندا. هۆکارەکانی بەردەوام تێنووبوون بریتین لە: نەخۆشیی شەکرە کە باوترین هۆکاری زیاد تێنووبوونە، کەمخوێنی، زیادبووی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل Cortisol لە لەشدا لە ئەنجامی زیاد کارکردنی توێکڵی گلاندەکانی ئەدرینالی سەر گورچیلەکان، دووگیانی، جگەرەکێشان کە دەبێتە ئەگەری کەمبوونەوەی دەردانی لیکی دەم کە هۆکارە بۆ وشبکوونی دەم و هەستکردن بە تێنووبوون، کەم خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی، ونکردنی شلەی لەش Dehydration بە هۆی سکچوون یان ڕشانەوە یان ئارەقەکردن، پەککەوتنی گورچیلە کە جگە لە هەستکردنی بەردەوام بە تێنووبوون هاوکاتە لەگەڵ سەرئێشە و هێڵنج و کەمبوونەوەی توندی ئارەزووی خواردندا.



# پەستی و خەمۆکی لە قوتابیانی زانکۆدا

لەگەڵ ئەوەی کە چوونە زانکۆ گۆڕانێکی گەورەیە لە ژیانی قوتابی و پڕە لە ئەزموونی نوێ، بەڵام گەلێك قوتابی پاش چوونە زانکۆ دوچاری گرفتی دەروونی دەبنەوە. لێکۆڵینەوەکانی بەریتانی و کەنەدی گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامەی کە سێیەکی قوتابیانی زانکۆ لە ساڵی یەکەمی خوێندندا دوچاری پەستی، یان خەمۆکیی مامناوەندی، یان توند دەبن بەتایبەتی قوتابییە گۆشەگیر و دوورەکۆمەڵەکان. تەنیابوونی قوتابی Loneliness فاکتەرێکی بەهێزە بۆ تووشبوون بە گرفتی جەستەیی و دەروونی، پسپۆران ئاماژەیان بەمە کردووە کە زیانەکانی ژیانی تەنیایی قوتابی لە زیانە تەندروستییەکانی قەڵەوی مەترسیدارترن. هۆکاری بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان لە ئەگەری تووشبوون بە پەستی یان خەمۆکی هەیە، بۆنموونە دوورکەوتنەوە لە ماڵ، بارگرانیی ئەکادیمی و ئەرکی کۆرسەکانی خوێندن، هەروەها پەیوەندی نوێ لەگەڵ هاوڕێی نوێدا. کۆمەڵایەتی بوونی قوتابی و بەشداریکردنی لە هەموو چالاکییەکانی زانکۆ هاندەرێکی باشە بۆ باری دەوونی و خۆپاراستن لە گۆشەگیری و ئەگەری تووشبوون بە پەستی یان خەمۆکی.



# شای ئەنگوستیلەکان

فیلم یا زنجیرە فیلمی شای ئەنگوستیلەکان (Lord of the Rings) دیتووتانە. ئەنگوستیلەیەکی سیحری کە جیهان هەڵدەسوڕێنێ. لە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەمیشدا ئەنگوستیلەی وا ئەویش بەراستی و نەك بە خەیاڵ بەرهەمهاتوون.




ئەنگوستیلەی جۆری Jakcom R3 Smart Ring لەو ئەنگوستیلە سیحریانەیە. ئەنگوستیلەیەك هەموو دەرگایەکت لێدەکاتەوە!

ئەنگوستیلەکە لە بواری دیزاینەوە سەرنج راکێشە. دژە بەرکەوتن و چەمانەوەیە. سێ جۆر بەردی گرانبەهای تێدا بەکار هاتووە. ئەم جۆرە بەردە بۆ کاریگەری دەروونی زۆر باشە. پێش لە زوو پیربوون دەگرێ. بەرگری دەکا لە تێکچوونی حاڵەتی دەروونی. پێشگیری دەکا لە تووشبوون بە شێرپەنجە و، زەختی خوێن رێك دەخا.

لە بواری زیرەکییەوە، دەکرێت وەك کارتێکی زیرەك بۆ کردنەوەی دەرگای ماڵ، شوێنی کار، ئەسانسۆر، پارکینگ، کارتی کڕین... سوودی لێوەربگیرێ.

لەو ئەنگوستیلەدا دەکرێت، داتاکانی پەیوەندار بە هەژماری بانکی، پرۆگرامەکان، پەسۆردی مۆبایل و کۆمپیوتەر... هەڵبگیرێت. بە ئاسانی مۆبایل و کۆمپیوتەر دەکاتەوە. وەك کلیلی ئەمنییەتی ئامێرە دیجیتالییەکان سەیر دەکرێ. خاڵی گرنگی شای ئەنگوستیلان ئەوەیە کە هیچ پێویستی بە بارگاوی شەحنکردنەوە نییە.




# کامێرایەکی بچووکی فیلمگرتن

سەردەمی دیجیتالی، سەردەمی میناتۆری و بچووك بوونەی ئامێرەکانە. کامێراکانی فیلم و وێنەگرتن بەرادەیەك بچووك بوونەتەوە، لە قەڵەمێك، لە دوگمەی کراسێك، لە قەیتانی پێڵاوێ... لە هەموو شتێکدا جێگایان دەبێتەوە.

کامێرای فیلم هەڵگرتنەوە لە جۆری Wi-Fi MD90 MD90 یەکێکە لەو کامێرایانە، کامێرای سپای واتە سیخوڕی نییە، بەڵام بچووکە و ئەرکی کامێرا گەورەکان ئەنجام دەدات. کامێراکە بۆ ئەو دیمەنانە دەبێت کە جێگای گومانن، وەك لە دارستانێکدا چاودێری گیاندارێك بکەی، یا لە شوێنێکی دیاریکراودا بە نهێنی چاودێری شوێنەکە بکەی. تایبەتمەندییەکانی کامێراکە ئەوانەن:

ئاوێنەکەی ١٤٠ پلەیە، نیشاندانی وێنەی HD4Kیە، گلۆپی رووناکی لەشەودا واتە IR هەتا پێنج مەتر بڕ دەکا، لێنزەکەی ١٨٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە، ماوەی فیلم هەڵگرتنەوە هەتا ٥ کاتژمێرە، کاتێك جوڵەیەك هەست پێدەکا، پەیامێکی ئاگادارکردنەوە بۆ مۆبایلەکە دێت، بەبێ هەست کردن و بە نادیاری گلۆپەکە لێدەدا، لەگەڵ هەردوو سیستەمی مۆبایل و سیستەمەکانی کۆمپیوتەر دەگونجێت.




# به فیته سویچه‌كانت بدۆزه‌وه

دۆزینه‌وه‌ی كه‌لوپه‌له‌كان له‌م سه‌رده‌مه‌دا زۆر ئاسانه، زۆر ئامێری دۆزه‌ره‌وه واته finder هه‌ن كه به ئاسانی و له چركه‌یه‌كدا ئه‌وه‌ی مه‌به‌سته‌ته ده‌یدۆزێته‌وه. زۆربه‌ی ئامێره دۆزه‌ره‌وه‌كان له رێگای وای-فای یا بلوتوس له‌گه‌ڵ مۆبایل په‌یوه‌ند ده‌درێن. به‌ڵام ئه‌و ئامێره بچووكه‌ی كه وێنه‌كه‌ی ده‌بینن و به key finder ناسراوه، به‌بێ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ مۆبایل په‌یوه‌ند بدرێ، ته‌نیا به فیتوو (فیته) كلیله‌كان ده‌بینێته‌وه.

ئامێره‌كه وه‌ك میدالیایه‌ك له‌گه‌ڵ سویچه‌كان داده‌نرێ. هه‌ركاتێكیش بزر بوو فیتوویه‌ك لێده ده‌ست ده‌كات به زه‌نگ لێدان. له‌گه‌ڵ زه‌نگ لێدانه‌كه‌ش چرایه‌كی بچووكی LED هه‌ڵده‌بێ و ده‌كوژێته‌وه. مه‌ودای دووریه‌كه‌ی ٧ مه‌تره، واته له حه‌وت مه‌ترییه‌وه ده‌ست ده‌كات به زه‌نگ لێدان.

# ڤیدیۆپرۆژكته‌رێك له گیرفاندا

له‌سه‌رده‌مێكدا ده‌ژین، ئامێره‌كان هه‌تا دێ بچووك و بچووكتر ده‌بنه‌وه، یان كێشیان یا قه‌واره‌یان بچووك ده‌بێته‌وه. ڤیدیۆ پرۆژكته‌ر (داتاشۆ) مه‌زنه‌كان وا ده‌بنه مێژوو.. لاپتۆپه و دیسكتۆپه زه‌به‌لاحه‌كان بوونه به ئه‌رشیف.. مۆبایله‌كان زیره‌ك و بچووك بوونه‌ته‌وه..

مینی پرۆژكته‌ری جۆری AKASO پرۆژكته‌رێكی بچووكی گوازراوه، له به‌ركدا جێگای ده‌بێته‌وه. كوالیتی نیشاندانی فوول ئیچ دییه. به‌هۆی سیسته‌می وای-فایه‌وه ده‌كرێت له رێگای دووره‌وه كۆنترۆڵ بكرێت.

كێشی داتاشۆكه هه‌ندێك له مۆبایلێك زیاتره و ٢٢٠ گرامه. گشت كێبڵه‌كانی په‌یوه‌ندی، وه‌ك: USB, HDMI و AV ده‌خوێنێته‌وه. به ئاسانی له‌گه‌ڵ مۆبایل په‌یوه‌ند ده‌درێت و ده‌توانی فیلم، یارییه وه‌رزشییه‌كان و یارییه‌كان به مه‌زنتر سه‌یر بكرێن. هه‌تا دوو كاتژمێری به‌رده‌وام به‌بێ شه‌حنكردنه‌وه فیلم بڵاوده‌كاته‌وه.





# کاتژمێری زیرەک و ستایلێکی ناوازە

کاتژمێرە زیرەکەکان شوێنی کاتژمێرە کلاسیکیەکانیان گرتۆتەوە، چونکە ئەوان بە تەنیا ئامێری کات نیشاندان نین، بەڵکو، ئەرکی مۆبایلیان ئاسانکردۆتەوە، راهێنەروەرزشین و چاودێری تەندروستین.. ستایلی کاتژمێرە زیرەکان زۆربەیان وەك کاتژمێرە کلاسیکیەکان دەچێ، بەڵام کاتژمێری جۆری Nubia Alpha ستایلەکەی جیاوازە. شاشەکەی تەواوی بەندەکەی گرتووە.

کاتژمێری زیرەکی ناوبراو وەك گشت کاتژمێرەکانی دیکە، لەمسیە، بەڵام هەموو شوێنێکی شاشەیە. بە ویستی خۆت باکگراوەندی کاتژمێرەکە دەگۆڕی. تێم و ستایلەکان گۆڕانیان بەسەردادێ. تواناکانی گەلێکن وەك: نیشاندانی لێدانی دڵ، وزەی سووتێندراو، نیشاندانی ئەو پەیامانەی بۆ مۆبایلەکەت دێن. لێکدانەوەی کاتەکانی خەو، بیرهێناوەی کەم جوڵەیی. راهێنانی شەش حاڵەتی وەرزشی..تاد.

دەکرێت هەر بەو کاتژمێرە وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە. گوێ لە مۆسیقا بگری.. میمۆری ناو کاتژمێرەکە ٨ گیگابایتە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم فۆرماتی HEIC لە مۆبایلی ئایفۆن کە تایبەت بە وێنە بگۆڕم بە فۆرماتی JPG؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر کەس کە مۆبایلی ئایفۆنیان هەیە، تووشی ئەو کێشەیە دەبن، بەتایبەت ئەگەر بیانەوێ وێنەکان لە مۆبایلێکی سیستەمی ئەندرۆید یا کۆمپیوتەردا بکەنەوە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو کێشەیە نەبن. سەرەتا بەشی setting ی کامێرا دەکەنەوە. لەودا لەسەر بەشی fortmants کلیك دەکەن و دوای ئەوە دوو شێوازت پێ پێشنیار دەکا. پێشنیازی یەکەم High efficiency کە لەودا وێنەکان بە فۆرماتی HEIC خەزن دەبن و هەروەها بەشی Compatible کە لەودا وێنەکان بە فۆرماتی JPG خەزن دەبن. لەو بەشەدا ئەو فەرمانە لێبدە Most compatible ئیدی لەمەولا گشت وێنەکان بۆ هەمیشە بەو فۆرماتە خەزن دەبن.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە

ریمۆت یا خستنە ژێر چاودێری کۆمپیۆتەر لە ڕێگای دوورەوە، بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە چەندین کۆمپیوتەریان تێدایە وەك نووسینگەکان، شوێنە ئیدارییە گرنگەکان و بانکەکان و هەروەها کۆفی نێتەکان...تاد. گرنگی خۆی هەیە. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای دوورەوە کۆمپیۆتەرێك یان زنجیرە کۆمپیوتەرێك کۆنترۆڵ بکەی. یەکێك لەو پرۆگرامانە Remote Computer Manager. ئەو پرۆگرامە ئەو هەلە بۆ بەڕێوەبەران دەڕەخسێنێ کە لە ڕێگای دوورەوە بۆ کوژاندنەوە، هەڵکردن و ڕێستارتکردنەوەی پرۆگرامەکان سوودی لێوەربگیرێ.

داخستنی وێستگەکانی کاری، چوون و داخستنی سیستەم و زۆربەی ئەرکەکان هەر لە ڕێگای دوورەوە ئەنجام بدەی.

لە ڕێگای دوورەوە دەتوانێ فایلێك کۆپی بکەی، فۆلدەرێك بگوازیەوە. ئەم پرۆگرامە بۆ هەردوو سیستەمی لینۆکس و ویندۆز دەگونجێت.





# ئامێرێکی یاری وەک نینتندۆ

ئەوانەی یاری ئەلکترۆنی دەکەن، دەزانن ئامێری نینتندۆ سویچ (Nintendo Switch) چ ئامێرێکە. ئامێرێك کە گوازراوە و بۆ هەموو شوێنێك هەڵدەگیردرێت و یاریکردن بەو ئامێرە زۆر ئاسانە. لەم دواییەدا ئامێرێکی هاوشێوەی ئەو ئامێرە بەرهەم هاتووە کە بە ئامێری Valve's Steam Deck ناسراوە. ئامێرەکە خاوەنی APU AMDە کە یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی چوار ناوەکییە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە. شوێنی داکردن و هەڵگرتنی داتاکانی ٢٥٦ هەتا ٥١٢ گیگابایتە.

ئامێرەکە چەند کۆنترۆڵێکی هەیە، لە ژێر پەنجەکاندا دوو دوگمە هەن، دوو شوێنی لەمسی دیکەش. لە بەشی پێشەوەی چەند دوگمەیەك هەیە و لەگەڵ پادێکی تایبەت. شاشەیەکی لەمسی ٧ ئینجی هەیە. ژیروسکۆپێکی بۆ کۆنترۆڵی جوڵە هەیە. جگە لەوەش مایکێکی ناوخۆی هەیە.

هەتا حەوت هەشت کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. تایبەتمەندییەکی تێدایە ئەویش ئەوەیە دەکرێت ئامێرەکە بکەیە حاڵەتی خەوەوە، هەرکاتێك حەزت کرد یاریت لە کوێ کۆتایی پێهێنابوو لەوێرا دەستپێبکەیەوە.



## ئەرشیڤی کتێبی رێنوێنی ملیۆنان ئامێری تەکنەلۆژی

دەزانی لەگەڵ هەر ئامێرێکی تەکنەلۆژی کە دەیکڕی، کتێب یا کتێبۆکەیەکی وەك رێنوێنی و رێنمایی کردن لەگەڵدایە، دەتوانی بە سوود وەرگرتن لەو کتێبە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامێرەکە و تایبەتمەندی ئامێرەکە بزانی. زۆر جاران ئەو کتێبەت لێ بزر دەبێ. بۆ وەدەستهێنانەوەی کتێبەکە سەر لە ماڵپەڕی https://www.manualslib.com/ بدە. بە کردنەوەی ماڵپەڕەکە بۆکسێك دیاری دەکات و ناوی ئەو ئامێرەی مەبەستتە لە بۆکسەکەدا بنووسە تاکو کتێبی رێنوێنی ئامێرەکە بە شێوەی PDFت نیشان بدا. دیارە کتێبەکان هەموویان بە زمانی ئینگلیزین و زمانەکانی دیکەی لەگەڵدا نییە.

# چوارچێوەی زیرەکی دیجیتالی

چوارچێوەی وێنە، هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایش بریتی بووە لە چوارچێو، واتە چوار دار کە سایزی جۆراوجۆریان هەبووە. دواتر لە چوار پارچەی ئەلۆمینیۆم یا مادەیەکی دیکە دروستکراوە. لە سەردەمی دیجیتالی نوێدا کە هەموو شتێك بەرەو هۆشمەند بوون دەچێ، چوارچێوەی وێنەش زیرەك بووە.

چوارچێوەی جۆری FULLJA هەر چوارچێوەیەکی ئاسایی نییە، زۆربەی ئامێرە دیجیتالییەکان لەو چوارچێوەیەدا کۆبۆتەوە.

چوارچێوەکە سایزەکەی ٢٧ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی فول ئیچ دییە. CPUیەکی چوار ناوەکی هەیە. رامەکەی چوار گیگابایتە. میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. سیتسەمی وای-فای و بلوتوسی هیە. کامێراکەی HD لە پێشەوە هەیە. کێشەکەی نزیکەی ٥,٥ نیوە.

لە ماوەی چەند چرکەیەکدا وێنەکان دادەبەزێنیە سەر چوارچێوەکە. بە جوڵەی پەنجەکان دەتوانی جولە بە وێنەکان بۆ لای چەپ و راست بەری. کاتێك بە شێوەی ئۆنلاین سەیری وێنەیەك دەکەی دەتوانی تەنیا بە هێما بیخەیە چوارچێوەکەوە.

دەتوانی هەر بە پەنجەکانت وێنەکە بچوك یان گەورە بکەیەوە. چوارچێوەکە دەکرێت بە شێوەی ستونی یان ئاسۆیی بگۆڕدرێت. دەکرێت چوارچێوەکە وەك ئامێری یاریش سوودی لێوەربگیرێت. هەروەها دەکرێت وەك تابلۆی وێنەکێشانیش سوودی لێوەربگیرێت. هەر بەو چوارچێوەیە دەتوانرێت وەك ئامێری پەیوەندیش سوود لێوەربگیرێ و وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە.



## بە ڕەنگی جلوبەرگ جەستەت باریک نیشان بدە

ئەوانەی جەستەیان پڕە، حەز بە جەستەیەکی باریك دەکەن، دەتوانن لە ڕێگەی جلەکانەوە ئەو هەنگاوە بگرنە بەر تاوەکو لەش و لاریان بە باریکی و لاوازی دەربکەوێت، ئەویش بە هەڵبژاردنی ئەو جلانە کە کار دەکەن لە نیشاندنی جەستە بە شێوەیەکی باریك و لاواز، تەنانەت ئەگەر جەستەشت پڕ بێت، سەرەتا هەوڵبدە سوود لە جلی ڕەنگی شینی تۆخ وەربگرە: تاکە ڕەنگە کە جەستەت توندوتۆڵ و بچووکتر نیشان دەدات، ئەوانەی جەستەیان پڕە دەتوانن کراس، یان بۆدی، یان قەمیسی شینی تۆخ لەبەر بکەن و پڕیی لەش و لاریان دەشارێتەوە، کراسی تێکهەڵکێشMonif C جۆرە کراسێکە، کە زۆربەی بەشەکانی دەچێتەوە ناو یەکتر و لەیەکتر تێکهەڵدەکێشرێت، جگەی لەوەی جوانیی مێینە و ناسکی جەستە دەردەخات، هەروەها لەشولارت باریکتر و بچووکتر دەردەکەوێنێت. پانتۆڵی جینز : نابێت پانتۆڵێکی تەسك و بچووکتر لە پێوانەی خۆت هەڵبژێری، چونکە جەستەت زیاتر دەردخات، بۆیە دەبێ ئەو جینزانە هەڵبژێریت کە کەمەر بەرز و تا سەر پاژنەی پێ دەبن. پێڵاوی سەرنجڕاکێش: هەوڵدە پێڵاوەکەت لە ڕەنگ و نەخشێکی سەرنجڕاکێش بێت، تا ئەوانەی بەرامبەرت دەبن، ئەوەندە سەرنج نەدەنە لەش و لارت، بەڵکو پێڵاوەکەت سەرنجیان ڕابکێشێت، هەر بۆیە پێڵاوی ڕەنگی نیۆد و مانۆلۆ پلانێك لە پێ بکە، کە قاچیشت باریکتر دەردەخات. تەنوورەی هێڵدار و ڕەنگی ڕەساسی: ئەوانەی جەستەپڕن و خولیای پۆشینی تەنوورەن، دەتوانن ئەو جۆرە تەنوورانە هەڵبژێرن کە هێڵی ستوونی تێدایە و بەمەش لەش و لارت باریکتر دەردەکەوێت.



## پانتۆڵی پێست سەرنجڕاکێشترینە



جلوبەرگی کەشی سەرما پێویستە ئەستوور و لە قوماشێك بێت کە بەرگەی سەرما بگرێت، هەروەها مۆدێکی نایابی جوانکاری بێت، بۆیە جلوبەرگەکانی وەرزی سەرما زیاتر پتەو و پڕن، بەڵام ڕێگەیەکی دیکەی جلوبەرگی گەرم هەیە، ئەویش پۆشینی جلوبەرگی پێستە، بە تایبەت ئەوانەی لە پێستی گیانداران و قایش دروست دەکرێن، بۆ ئەوانەی حەز بە جلی گەرم دەکەن، دەتوانن پانتۆڵی پێست لە پێی بکەن، بەهۆی ئەوەی مۆدێکی سەرنجڕاکێشە، هەروەها لە هەردوو جۆری بریقەدار و سادەیە، مۆدەکانی پۆشینی پانتۆڵی پێست لەگەڵ جلوبەرگی دیکە بریتین لە: مارکەی بالی Bally پانتۆڵی پێستی بە ناوی Hi westی تەسکی ئامادە کردووە کە لەگەڵ چاکێت و کۆتی درێژ دەپۆشرێت، لە ڕەنگی ڕەشی بریقەدار و بوونی نەخشێکی ورد لەسەر پانتۆڵەکەدا مۆدێکی نایاب دەردەچێت، مارکەی بۆدابێست سلیکیتی پۆلەندی- Bu-dapest Select، پانتۆڵی پێستی کراوەی کردووەتە مۆدە، لە ڕەنگی قاوەیی تۆخ لەگەڵ تیشێرت و بلووز دەپۆشرێت، مارکەی براسچی – Braschi، پانتۆڵی پێستی ڕەشی



# پارێزگاری لە جوانیی ڕوخسار بە شووشتن

خانمان هەمیشە بە نیگەرانییەوە پارێزگاری لە پێستی ڕوخساریان دەکەن، بە هۆی ئەوەی دەروازەی جوانییە، تا چەند پێستی ڕوخسارت پاك و نەرم و نیان بێت، جێگەی سەرنجی دەوروبەر و خۆتە، هەوڵەکان بۆ جوان هێشتنەوەی ڕوخسار ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە، بە تایبەت ئەگەر هەنگاوەکانی جوانکاریی ڕوخسار پەیرەو بکەیت، یەکێك لەو هەنگاوانە سادەیە، دەتوانی ڕۆژانە لە ماڵەوە بە دەستی بهێنێت، ئەویش شووشتنی دەم و چاوە، شووشتنی ڕوخسار وەك ڕۆتینێکی ڕۆژانە کاریگەری باشی لەسەر جوانی و ناسکیی پێستی ڕوخسارت دەبێت، بۆ ئەوانەی کە کاتیان هێندە نییە تا پەنا ببەنە بەر ڕێنمایی و ماکیاژ و ماسکەکان، دەتوانن لە ڕێگەی شووشتنی ڕوخساریانەوە پێستێکی نەرم و نیانیان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە مارکەکانی جوانکاری جیهان چەندین پاککەرەوەی ڕوخساریان ئامادە کردووە، لەوانە: مارکەی دیۆر Dior پاککەرەوەی توێکڵەی Longozaی ئامادە کردووە، کە کار دەکات لە لابردنی پاشماوە و ماکیاژ و وردە خاڵی نێو خانەکانی پێست، مارکەی سیتافێل Cetaphil، شلەیەکی ئامادە کردووە کە گرنگی بە پێستی ڕوخسار دەدات، بە بێ ئەوەی سووربوونەوە و کاریگەری دەرچەی دەرەکی هەبێت، هەروەها مارکەکانی ئاڤینە Avèneی فەڕەنسی پێکهاتەیەکی بۆ کاتی شووشتنی ڕوخسار ئامادە کردووە، لە بازاڕەکاندا هەیە و دەتوانی بە کلینیکیس، یان بە پارچە پەموویەك لە ڕوخسارت بدەیت.



تەسك بریقەداری بە مۆدی سەرەکی پانتۆڵ داناوە، کە لەگەڵ بلیزەری کورتی فەروو دەپۆشرێت، مارکەی ئیزابێل ماران Isabel marantی فەڕەنسی پانتۆڵە پێستەکانی بە گوڵ نەخشێنراوی داناوە، لەگەڵ ڕەنگی فۆشیای تۆخ بە شێوازی کلاسیك لەگەڵ بلووزەکان شیکی کردووە.

**ئیمیلی ئیرەج ماستەری ماکیاژ:**

# زۆربەی ئافرەتان داوای مەیکئەپی سادە دەکەن

■

**(ئیمیلی ئیرەج) خانمێکی دەسترەنگینە، لە چەندین وڵات وەستای ماکیاژ بووە، ئێستا بووەتە (ماستەر)، نزیکەی ١١ ساڵە کاری ماکیاژ و نینۆك دەکات، لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستی پێ کردووە، لە دایکێکی ئازەربایجانی و باوکێکی فارسە، دانیشتووی هەولێرە و کوردییەکی باش قسە دەکات، کاری مەیکئەپ و نینۆکە، کارەکانی جوانن و بوونەتە جێگەی سەرنجی ئافرەتان، ماوەیەکە لە کوردستان دەژی و پێیوایە کەشی کوردستان، بۆ کار و پێشکەوتن و داهێنان گونجاوە، لە بارەی ماکیاژ و نینۆکەوە چەند پرسێکمان ئاراستە کرد و بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:**

■



*** ماکیاژ مەیکەپ، تا چەند کاریگەری لەسەر جوانیی خانمان هەیە؟**

- مەیکئەپ و ماکیاژ، کاریگەریی زۆری لە سەر جوانیی ئافرەت هەیە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بکرێت، هەروەها کاریگەری لەسەر شێوازی جلیش هەیە، چونکە ماکیاژ تەواوکەری جوانیی جلوبەرگ و ستایلە.

*** چ جۆرە ماکیاژێك زۆرترین ئافرەتان داوای دەکەن؟**

- زۆربەی کچان و ژنان داوای مەیکئەپی سادە دەکەن، بەڵام حەزیان لە شتی دووبارە نییە، واتە شتی جیاواز داوا دەکەن، ئەساسی مەیکئەپ جوانیی دەم و چاوە، نەوەك بەکارهێنانی ڕەنگی زۆر.

*** مەوادەکانی ماکیاژ کاریگەریی خراپیان لەسەر پێستی ڕوخساری خانمان نایێت؟**

-نەخێر بەکارهێنانی کەرەستەکانی ماکیاژ کاریگەری خراپی نابێت، بە مەرجێك بە شێوەیەکی دروست بکرێت و کوالیتی کەرەستەکانیش باش بێت، بۆ نموونە دەبێت پێشینەیەکی باش Primeێکی باش بەکاربهێنێت و نابێت ماکیاژ ٨ تا ١٢ کاتژمێر بە دەم و چاوەوە بێت، دوای ئەوە دەبێت بە شێوەیەکی دروست پاك بکرێتەوە و چاکترە ماسك و ڤیتامین بەکاربهێندرێت.

*** مۆدی نینۆك لە ئێستادا چی باوە کە ئافرەتان حەزی پێ دەکەن؟**

-بەپێی ئارەزووی ئافرەت دەگۆڕێت، مۆدێکی دیاریکراو نییە، لە ئێستادا کە وەرزی زستانە کەشەکەساردە، زیاتر نینۆکی کورت باوە، لەگەڵ ڕەنگی گەرم و تۆخ وەك: سوور، قاوەیی، ڕەش بێجی مارۆنی.

*** گرنگیدان بە جوانیی نینۆك تا چەند جوانیی ئافرەتان جوانتر و ڕازاوەتر دەکات؟**

- نینۆك بەشێکی جیانەکراوەیە لە جوانیی ئافرەت، بۆیە پێویستە خانمان هەموو کاتێك گرنگی بە جوانیی نینۆك بدەن، چونکە نینۆك دەستەکان جوان و ڕازاوە دەکەن، کاتێك ئافرەتان ڕوخساریان جوان و ناسکە، پێویستە دەستیشیان نەرمونیان و سەرنجڕاکێش بێت.

*** ڕەنگ، یان نەخشی نینۆك کامەیان جوانترین؟**

- بە گشتی ناتوانین دیاری بکەین، کە کامەیان جوانترە، چونکە هەر یەکە بەپێ داوای خانمان دەگۆڕێت، بەڵام پێویستە کە نینۆك بە پێی وەرزەکە بێت، واتە لەگەڵ مۆدی وەرزدا بگۆڕدرێت و دابنرێت، هەروەها بەپێی دیزاین و ڕەنگەکانەوە جیاوازی هەیە، بەڵام زیاتر ڕەنگەکان باوترن لە نەخش.





## داخوازیی هاوسەرگیری بە تابلۆی ڕێکلام

لە دیاردەیەکی سەیردا، کە لە لایەن گەنجێکەوە لە وڵاتی بەریتانیا ئەنجام دراوە، ئەوەش بە هەڵواسینی وێنەی خۆی لە تابلۆی ڕێکلامەکانی سەر شەقام و شوێنە گشتییەکانی ئەو وڵاتە، بۆ داوای هاوسەری کچ، یان ئافرەتێك، ئەو گەنجە ناوی (محەمەد مالیك)ە و تەمەنی ٢٩ ساڵە، وەك خۆی دەڵێ: لە ماوەی کەرەنتینەدا خەریکی هاوسەرگیری بووە و کەسێکی وای نەدۆزیوەتەوە، ئێستاش ئافرەتان زۆربەیان ماسك دەبەستن و جوانییان شاراوەیە، ئەویش ئەو کارەی کردووە تاوەکو ئەوەی نیەتی هاوسەری بێت، پەیوەندی پێوە بکات و دوای ئەوەی یەکیان بە دڵ دەبێت، بیخوازێت، ئەو گەنجە کاری بیزنس دەکات و دەڵێت: تا ئێستا کچێکی گونجاوم نەدۆزیتەوە و بۆیە ئەو کارەم کردووە، دەمەوێت زۆرترین کچ بناسم، کامەی گونجاو بێت، هەڵیبژێرم، ئەوەشی کردوومە ڕێکلام نییە، تەنیا دەمەوێ لە ڕێگەی دەرخستنی وێنەی خۆم ئەو کچەی، یان ئەو ئافرەتەی منی بە دڵە پەیوەندیم پێوە بکات.

## میلانیای هاوسەری ترەمپ کەرەستە و جلوبەرگەکانی دەفرۆشێت





میلانیای هاوسەری دۆناڵد ترەمپ (سەرۆکی پێشووی ئەمریکا)، هەمیشە بە جلوبەرگێکی کەشخە و ستایلی جۆراجۆرەوە دەردەکەوت، بە تایبەت لە گەشتە نێودەوڵەتییەکانی کاتێك لە پاڵ هاوسەرەکەیدا دەبوو، میلانیا حەزی بە ڕەنگی سپی و جلی کورتە، بەم دواییە لە فرۆشتنێکی ئاشکرا بۆ کڵاوێکی سپیی خۆی، کە بانگەشەی بۆ دەکات و داوای ٢٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی کردووە، کڵاوەکە ڕەنگی سپییە و خانمانەیە کە لە زۆربەی بۆنە و سەردانە فەرمییەکان بە گشتی و لە پێشوازی ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا و خێزانەکەی بیردیجیت بۆ کۆشکی سپی لەسەری کردبوو، کڵاوەکە بە شێوەیەکی جوان و پاك ڕاگیراوە و ماوەتەوە، وەك ئەوەی تازە دروست کرابێت، کڵاوەکە بە تایبەت بۆ میلانیا لەلایەن ڕاوێژکاری جوانکاری و ستایلیستی خۆی (ئێرڤێ بیار) دروست کراوە، بەشێکی پارەی فرۆشتنی کڵاوەکە پێشکەش بە پرۆگرامی یارمەتیدانی باشترین بە- Be best تەرخان دەکرێت، ئەوەی سەیرە ئەوانەی گرنگیی بەو کڵایانە دەدەن، گرنگیی بە کڵاوەکە نادەن، بەڵکو داوای دەفتەری یادگارییەکانی میلانیان کردووە، کە بە هەر نرخێك بێت دەیکڕن.

# داری سەر بە کڵاو


ئەو دارە لە باخچەی کوکوکرێتەر لە ناوچەی هۆنۆلۆلۆ لە شاری هاوای ئەمریکا دەڕوێت، شێوەی سەرەوەی وەکو دەمارەکانی خوێنی مرۆڤ وایە، هەندێکی دیکەش بە داری سەراوژێری بانگ دەکەن، وەك ئەوەی ڕەگەکەی لە ژێر زەوی نەبێت و بە دارەوە هەڵواسرێ. سەرەتای دۆزینەوەی ئەو دارە بۆ ساڵی (١٨٣٥) دەگەڕێتەوە، دکتۆرێك بە ناوی سینابێری- cinnabari، بە گەشتێك سەردانی ئەو شوێنەی کردووە و ناوی ناوە (دراکۆ – Pterocarpus)، دواتر لە ساڵی (١٨٨٠) زانایەکی ئوستکلەندی بە ناوی (ئیسحاق بایلی بالفۆر) ناوی ناوە (خوێنی مل)، دارێکی خۆڕسکە و لە خۆیەوە دەڕوێت، بەبێ دەستکاری مرۆڤ، نزیکەی (١٦) مەتر زیاتر بەرز دەبێتەوە و پانییەکەشی لە هەندێکیان دەگاتە (١) مەتر.





## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا، باس لە کڕینی هەندێ خەڵکە لە مارکێت و بازاڕەکاندا، کە کەسێك ڕێژەیەکی زۆری کەرەستەکانی کڕیوە و هیچی نەهێشتووەتەوە، لە ترسی کەرەنتینە و دووبارە سەرهەڵدانەوەی ڤایرۆس و قەدەغەی هاتوچۆ.




## نوکتە

منداڵێك هەر دەگریا، پیاوێکیش لێی پرسی: بۆ دەگریێ؟ ئەویش گوتی: هەزار دیناریەکم ون کردووە، پیاوەکەش پێی دەڵێت: ها ئەوە (١٠٠٠) دینار، بەڵام مەگری، منداڵەکە هەزارەکەی لێ وەردەگرێت و دەست دەکاتەوە بە گریان! پیاوەکە دەڵێ: ئەوجارە بۆ دەگری؟ منداڵەکە دەڵێ: ئەگەر هەزارەکەم ون نەکردایە، ئێستا (٢) هەزارم دەبوو!




## پاکبوونەوەی خۆشەویستی - Redeeming Love



فیلمێکی ڕۆمانسی و درامای مێژوویە، باس لە منداڵێك دەکات بە ناوی ئەنجل، کە لە ئەنجامی ڕق و تۆڵەوە لە ساڵی ١٨٥٠ دەفرۆشرێت، دوای ئەوەی گەورە دەبێت و دەگەڕێتەوە شاری کالیفۆرنیای ئەمریکا، لەو کاتەدا کەسێك بە ناوی مایکل هۆسیا دەناسێت، هەست بە خۆشەویستی ئەو کەسە دەکات و بۆی دەردەکەوێت، هەموو زامێك خۆشەویستی دەتوانێت چارەسەری بکات، ماوەی فیلمەکە ٢ کاتژمێر و ١٤ خولەکە، لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرهەم هاتووە، لە دەرهێنانی دی جەی کاروسۆ، لە نواندنی ئەبیگال کۆین، نینا دۆبرێڤ، تۆم لیویس، ئیریك دان.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

سەرنجت زیاتربکە لەسەر کارەکانت، بۆ ئەوەی لەلایەن هاوپیشەکانتەوە سەرزەنشت نەکرێیت، بە ئەزمونێکی قورسدا تێپەریت تا گەیشتیت بەم ڕۆژەت، هەربۆیە نرخی ساتە خۆشەکان بزانە، هەوڵبدە کاتێك بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکەیت و، ڕاستگۆیانە دەربارەی پەیوەندییەکەتان بدوێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە لەم ماوەیەدا دەگەیتە خاڵێك کە بێهیوا دەبیت و دەتەوێت بکشێیتەوە، بەڵام وەکو ئەزموون لێیان بڕوانە و خۆت بەدەستەوە مەدە، خۆت بەدووربگرە لە هەرشتێك کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندی سۆزداریت دروست دەکات، ئارامیت پێوە دیار بێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بیرۆکە و پرۆژەی زۆر باش لە مێشکتدا هەیە، پێویستە چاوەڕێ بکەیت و لە ئێستادا نەیدرکێنیت، چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بکە، فراوانکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سترێس دورت دەخاتەوە، ڕۆژانە هەندێك کات بۆ وەرزشکردن تەرخان بکەو، زیاتر گرنگی بە تەندروستیت بدە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

وزەیەکی زۆرت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت، هیچ بەربەستێك نایەتە بەردەمت لە ئەنجامدانی پرۆژەکانت، پێویستە زیاتر هەوڵبدەیت و زیاتر متمانەت بە تواناکانت هەبێت، وریابە لەوەی پارێزگاری لە پەیوەندیی سۆزداریت بکەیت و، ڕێگە نەدەیت پەیوەندییەکەتان بەرەو هەڵوەشانەوە بڕوات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

وابیر دەکەیتەوە دڵخۆشی کەسانی چواردەورت لە ئەستۆی تۆیە، بەڵام پێویست ناکات هێندە خۆت ماندو بکەیت بۆ ئەوەی دڵی چواردەورەکەت خۆش بکەیت، تەنیا ئەوەندە بەسە تووشی خەم و سترێسیان نەکەیت، ڕێگەمەدە هیچ کەسێك دەستوەربداتە کار و پرۆژەکانتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەمزووانە ئەنجامی هەوڵ و ماندوبوونەکانت دەبینیت، هەمو کارەکان لە ژێرکۆنترۆڵی تۆدایە، بۆیە بەرپرساریێتی هەڵبگرە، وابیرمەکەرەوە کە کارەکانت لە ئێستادا ئاسانن، بۆیە لە هەمو کاتێکدا لە ئامادە بشیدابە، چونکە گۆڕانکاری ڕوودەدات لە کارەکەت و، دەچیتە قۆناغێکی قورستر.

بۆ زانیاریت

# جۆرەکانی سەرئێشە


١- سەرئێشەی کافین: ئەگەر ڕاهاتوویت لەسەر خواردنەوەی چا و قاوە لە کاتێکی تایبەتدا لە ڕۆژدا، ئەو ڕۆژەی لەو کاتەدا نەیخۆیتەوە لەشت وا ڕاهاتووە داوای کافین بکات. سەرئێشەی ئازاری ددان: هەندێ جار بە هۆی بوونی ئازار لە دداندا، کە بەهۆی هەوکردن لە پوکدا، یان کلۆریی ددانەکە دروست دەبێت، یان هەندێ جار کەسەکە ددانەکانی جیر دەکاتەوە لە ئەنجامی سترێس ئەمیش جۆرێك لە سەرئێشە دروست دەکات. سەرئێشەی هەڵگەڕاوە: هەندێ جار بەکارهێنانی هەندێ دەرمان، یان دژە هەڵئاوسانەکان لە لووتدا کە ببێتە هۆی لووتگیران دەبێتە سەرئێشەیەك دێت و دەڕوات. سەرئێشەی سترێس: ئەم جۆرە یەکێکە لە باوترین سەرئێشەکان، کە بە هۆی سترێس و باری دەروونییەوە تووش دەبیت، ئازارەکە لە هەردوولای سەر و ناوچەوانەوە دروست دەبێت و دێت بەرەو بەشی پشتەوەی سەر و مل و چەناگە. سەر ئێشەی هۆرمۆنی: زۆربەی ژنان لەم جۆرە سەرئێشەیان هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان لە ڕێژەی هۆرمۆنەکان بەهۆی بەکارهێنانی حەبی مەنع، یان لەکاتی سووڕی مانگانە یان کاتی دووگیانیدا. سەرئێشەیی نیوەیی -شەقیقە migrane ئەو سەر ئێشەیەی لایەکی سەر دەگرێتەوە، لەگەڵیدا سەرگێژبوون و دڵ تێکەڵهاتن، ڕشانەوە، هەستیاری بەرامبەر دەنگ و ڕووناکی لەگەڵدا دەبێت. سەرئێشەی هێشوویی (صداع عنقودی): جۆرە سەرئێشەیەکە لایەکی سەر تووشی دەبێت، زیاتر لە دەوری چاودا، لەگەڵیدا لووتگیران و ئاوسان لە لووت ڕوودەدات لەگەڵ ئازار، هەروەها فرمێسك لە چاوەکان دەڕژێت. سەرئێشەی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت (جیوب الانفیە): ئازار لەبەشی پێشەوەی سەر و دەموچاو و چاوەکان دروست دەبێت، بەهۆی هەوکردنی گیرفانەکانی لووتەوە.





## پەند و وتە

هینری ڤالانتاین میلەر، نووسەری ئەمریکی و هونەرمەند، لە ساڵی ١٨٩١ لە شاری نیویۆرك لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشەویستی دەڵێت: تاکە شت کە دڵمان پێ داناکەوێت و لێی تێر نابین، خۆشەویستییە، هەروەها تاکە شتیش کە هەرگیز بە تەواوەتی و بە جوانی نایبەخشین، خۆشەویستە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەدا ئافرەتێك وەستاوە، کەمەری لەگەڵ ستوونی بەردەمی تێکەڵ بووە، فێڵکاریی لە وێنەگرتنەکەدا کراوە، هەوڵبدە فێڵکارییەکە بدۆزیتەوە و دەستنیشانی بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسانێك هەوڵ دەدەن بتروخێنن پێش ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی هەر کارێك بکەیت، بەڵام زیاتر بەهێز دەبیت، دەتەوێت گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، بەڵام ترست لە شکست هەیە، باشترە نەترسیت، چونکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، هەوڵبدە متمانەی خۆشەویستەکەت بەدەست بهێنە، لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکەتان.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە چانسێکی باش دێتە بەردەمت بۆ ئەوەی تواناکانت بسەلمێنیت، بەڵام پێویست دەکات توانایەکی زۆر بەکار بهێنیت، ڕێگە مەدە کەس دەست وەربداتە کارەکانتەوە، هەوڵبدە بەپشت بەستن بەئەزموونەکانت ئەرکەکانت بەباشی جێبەجێ بکەیت، لەلایەنی دەرونییەوە ئەم چەند ڕۆژە هەست بە ئارامی دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕۆژانە خۆت بە بیرکردنەوەیەکی زۆر سەرقاڵ کردووە دەربارەی داهاتو کە ڕەنگە هەرگیز ڕوو نەدات، باشترە هێندە بیر نەکەیتەوە و لە ئێستادا بژیت، چێژ لە ساتەکانی ئەمڕۆت وەربگرە و ژوانێك لەگەڵ خۆشەویستەکەت ببەستە، لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکەتان.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


کارەکان بە باشی دەڕۆن بەڕێوە، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە پشت بە خێزانەکەت ببەستە و متمانەی تەواویان پێ بکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە زیاتر خۆشەویستی دەربڕە بۆ بەرامبەرەکەت، هەندێك پرسیار لە مێشکتدا هەیە دەربارەی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەت، وا باشترە گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت بۆ ئەوەی وەڵامت دەست بکەوێت.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

خۆت لە کارەکانت مەشارەوە و بەڵکو گرنگیان پێ بدە، بەرپرسیارێتی سەرجەم ئەو شتانە هەڵبگرە کە ئەنجامی دەدەیت، هێندە لۆمەی خۆت مەکە لەوەی کارەکان بەو شێوازە نین کە تۆ دەتەوێت، چونکە بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی تۆ نییە، هەوڵی زیاتر بدە بۆ ئەوەی تواناکات دەربخەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئاسان نییە هەمو ئەوشتانە بەدەست بهێنیت کە ئارەزووی دەکەیت، پەلەکردن لەچێژ بینینی کاتەکانت دورت دەخاتەوە، هەوڵ مەدە هێندە ئازار بە کەسانی چواردەورت بگەیەنیت لە ڕێگەی وشەکانتەوە، بە گفتوگۆکردنی هێمنانە کەسانی چواردەورت لەخۆت ڕازی بکە، گرنگی بەلایەنی تەندروستیت بدە.








بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گولان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گولان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گولان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626